حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان
بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە

# بەڵگەنامەکانی

# کۆنگرەی پەروەردەیی

لە ژێر دروشمی (گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا)

کۆنگرەی پەروەردەیی لە هەولێری پایتەخت

لەرۆژانی ٢٠٠٧/٥/٢٢ --- ٢٠٠٧/٥/٢٤ بەسترا

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان
بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە

# بەڵگەنامەکانی
# کۆنگرەی پەروەردەیی

لەژێر دروشمی (گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا )

کۆنگرەی پەروەردەیی لە هەولێری پایتەخت
لەڕۆژانی ٢٢/٥/٢٠٠٧---٢٤/٥/٢٠٠٧ بەسترا

ئامادەکردنی
عمر طاهر معروف
بەڕێوەبەری تۆژینەوەو لێکۆلینەوە

* ناوی پەرتووك: بەڵگەنامەكان

* ئامادەكردن و سەرپەرشتی كردن: عمر طاهر معروف

بەڕێوەبەری تۆژینەوەو لێكۆلینەوە

* دەرهێنانی هونەری: بەشی كۆمپیوتەری

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

* ساڵ: ٢٠٠٨ز

* چاپ: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر

# پێشەکی

ئاشکرایە ئێستاکە پەروەردە بۆتە بابەتێکی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری و بەرەو پێش چوونی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری، ئەو ڕۆلەی کە پەروەردە دەیگێڕێ لە ژیانی گشت نەتەوەکان و ولأتان دەرەوە روون و ئاشکرایە . هەموو زانایان و شارەزایان کۆکن لە سەر ئەوەی کە سیستەمێکی پەروەردەیی باش و لێهاتوو لە ناو هەر کۆمەلگەیەك دەبێتە هۆی گەشەپێدان و پێشکەوتنی و پەرەپێدانی ئەو کۆمەلە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی و نەتەوە بە گشتی.

ولأتانی پێشکەوتوو زۆر بایەخ و گرنگی بە پەروەردە دەدەن چونکە دەزانن کە رۆلێکی گرنگی هەیە لە چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانەی دێتە رێی کۆمەڵ و نەتەوە. دەبێ پەروەردە کاریگەربێت و سوود لە ئەزموونی ولأتانی پێشکەوتوو وەربگرێت. بۆ ئەوەی هەموو ئامانجەکان و ئارەزووەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤی بێنێتە دی.

١- هەر لەم روانگەیەوە وەزارەتی پەروەردە هەموو توانایەکی خستۆتە گەڕ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە وەکو لە یاسای وەزارەتی پەروەردە هاتووە.

# بەشی یەکەم

## ووتـارەکـان

### ١- وتـارێکی تۆمـارکراوی دەنـگ و ڕەنگـی بـەڕێز ( نێـچیرڤـان بـارزانی ) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



میوانـە بـەڕێزەکان ..........ئـەم کاتـەتان بـاش ..........هـەموو لایـەك بەخێربێن

هەرچەندە حەزم دەکرد ئەمڕۆ خۆم بەشداریم لەگەڵتاندا بکردبووایە ، بەڵام لەبەرهەندێك ئەرکی گرنگی تر نەمتوانی لە گەڵتان بەشداربم .

لەهەمان کاتدا زۆرم لامەبەست بوو کە بە پـەیامێك پـشتگیری خۆم بۆ ئـەم هەوڵە پر بایەخەی ئێوە دەرببڕم.

بەشـداری کردنـی ئێـوەی بـەڕێز ئـەمڕۆ لێـرە پـەیامێکی تـری بـەهێزە بـۆ پـشتیوانیتان لـە هەوڵـە جدیـەکانمان بـۆ دووبـارە بونیادنانـەوەی وڵات و کۆمەڵگەکەمان. کۆنفرانسی لەم جۆرە وەڵامی ئێمەیە بۆ هـەوڵی تێکدەرانـەی

ناحەزانمان. بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە کە تیرۆرستان هەرچیەك بکەن ناتوانن کاروانی بەرەو پێش چوونمان ڕابووەستێنن.
بۆ ئەوەی بتوانین هەرێمەکەمان بپارێزین دەبێ هەوڵی زیاتر بدەین بۆ پەرە پێدانی تواناکانمان لە هەموو بوارێك و بەتایبەتی لە بورای هەواڵگری پێویستیمان بە پشتگیری و هاوکاری تەواوی خەڵکی خۆمان هەیە.
هەروەها هانی هەموو لایەك دەدەین کە بەشداری بکەن بۆ ئەم مەبەستە چونکە بۆ سەلامەتی و ئاسایشی هەمووانە. دەرفەتی ڕاستەقینە لەدوای ڕوخانی رژێم بۆمان رەخسا . لەوکاتەوە تاکو ئێستا پێشکەوتنی باشمان بەدەست هێناوە لە زۆر بواردا ، نەك تەنها لە بواری ئاسایش . ئێمە سوورین لە سەر بەدی هێنانی پێشکەوتنی زیاتر لە هەموو بوارێکدا.
گەلی ئێمە شایستەی خزمەتی زیاترو پێشکەوتنی زیاترە . ئێمە بەردەوام دەبین لە هەوڵی جدیمان بۆ ئەو مەبەستە.
بەڵام گرنگیشە بزانین و تازە خەریکین دەست بەکاری جیدی دەکەین . دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت کە ڕێگایەکی درێژمان لە بەردەم دایە. ڕابردووی ئێمە وەکو گەلێك پڕە لە چیرۆك و مێژووی چەوساندنەوەو دابڕان و بەش خوران و بەرخۆدان.
ئەمڕۆ ئێمە لە قۆناغی گواستنەوە داین قۆناغی پەڕینەوە لە کارەساتەکانی ڕابردوو بەرەو ئومێدەکانی ئایندە.
ئەو ئاییندەی باسی دەکەین دەبێت ژیانێك بێت کە سەروەری یاسا و بنەماکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ ببێتە ستانداردی کارو کردەوەکانمان . ئێمە نامانەوێت هەڵوێستەکانمان لە چوارچێوەی قسەو

دروشمـدا بمێنێتـەوە. ئێمـە پابەنـدین بـە مـسۆگەرکردنی ئـەو ژیانـە لـە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدڕاڵی فرە لایەنیدا.

ئێمە دەبێت لـە قـاڵبی رابـردوو دەربـچین و هـەنگاو بهـاوێین بـۆ ئاییـندەمان. خەڵکی ئێمە لە رابردوو بەتەواوی پـشتیان بـە حکومـەت دەبەسـت بـۆ هـەموو کارێـك . تـا وای لێهـات خـەڵك پێـشبینی ئـەوە بکـات حکومـەت پێویـستە سەرەکیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکات بەخۆڕایی. ئەو کـەلتورە بـەگران لەسـەر گەلەکەمان وەستا ئەوەش دەرەئەنجامی سیاسەتی رژێمی پێشوو بوو کە جگە لە وێرانکاری و کاولکاری، پێکهاتەو شیرازەی کۆمەڵگەکەشمانی تێدا بوو . ئەو دوا رۆژە پڕ لە هیواو ئومێدەی کە دەمانەوێت ، لە خۆیەوە نایەتـە دی. دەبـێ کاری بۆ بکەین. پێشتریش گوتوومانە گەورەترین سەرچاوەی ئێمە گەلەکەمانە تەنها بە ئیرادەی بەهێزی گەلەکەمان و بە سـووربوونیان لەسـەر داهاتوویـەکی باشتر دەتوانین ئەو ئامانجە بەدی بهێنین.

حکومەت بەتەنها قەت ناتوانێ ئاییندەیەکی گەش بینا بکات.

ئێمـە وەکـو حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان پابەنـدین و بەرپرسـیارێتیمان لـە سەرشانە کە گەش و هەوایەکی وا بهێنینە کایەوە تاوەکو گەلەکەمان خۆی ئەو ئاییندەیە بینا بکات ئێمـە کـە بـاس لـە ئاییندەیـەك دەکـەین کـە گـەلی ئێمـە پێویستی و شایستەیەتی، مەبەستمان ئەوەیـە کـە دەبـێ پـەرە بـە تواناکـانی خۆمان بدەین. پەرە پێدانی تواناکان تـەنها لـە رێگـەی خوێنـدن و فێربـوون و مەشـق و ڕاهێنـان دەبێـت . پێویـستمان بـە شـارەزایی و ئـەزموونی خـەڵکی سەرکەوتوو هەیە . زۆر شت هەیە کە دەتوانین لە خەڵکی تر فێربین. نابێ دوو دڵ بین یان شەرم بکەین لە فێربوون.

سەرکەوتن هیچ سنورێکی بو نییەو بۆ ئەو مەبەستەش نابێت هیچ بەربەستێك لە بەردەممان بمێنێت.

لە دوای سالأنێکی زۆری دابران لە جیهان ، ئەمڕۆ پێویستە خەڵکی ئێمە زیاتر لە گەڵ جیهانی دەرەوە ببەسترێنەوە.

دەبێت خەڵکی ئێمە دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کە بچنە دەرەوە و سەردانی ولأتان بکەن و فێربن. هەروەها پێویستە لە سەرمان پسپۆڕ و شارەزایان لە ولأتی تر بهێنین بۆ ئەوەی لەگەڵمان بن لە کارکردنمان . لێ یان فێربین و مەشقمان پێ بدەن و تواناکانمان بەهێزتربکەن.

پێویستە زۆر جدی بین لە سەر ئەو بەرنامەیە و دەبوایە پێشتر دەستمان بەو بەرنامەیە بکردبووایە . ئێمە رابردوو و ئێستامان بەهۆی چەك و خەبات و قوربانی دان مسۆگەر کردووە، بەلأم دەستەبەرکردنی دواڕۆژێکی باشتر و گەشتر تەنها بەچەك نابێت.

دەتوانین کاربکەین بۆ ئەو دوا رۆژە بە بیناکردنی تواناکانمان و بەهێز کردنی سیستەمی کارکردنمان. ئەوەش لە رێگەی پەروەردە و فێرکردن دەبێت. هەر بۆیەش دەڵێم پەروەردە کلیلی سەرکەوتنمانە بۆ ئایندە. پەروەردە ئەو چەکەیە بە دەستمانەوە کە دەتوانین ئایندەی پێ مسۆگەر بکەین و بیپارێزین .

پێویستە لە سەرمان ئامادەو کراوەبین بۆ فێربوون. لە ڕۆژ هەلأت و ڕۆژ ئاواش فێرببین.

جیهانی ئەمڕۆ زۆری هەیە کە پێشکەشمانی بکات بۆ فێربوون . شەرم کردن لە فێربوون لە هەر بەشێکی جیهان لە دەست دانی دەرفەتێکە بۆ بەدی هێنانی ئەو

ئامانجانـەی کـە خـەباتی بـۆ دەکـەین. بـە پێویـستی دەزانم لـەم کۆنفرانـسە بەرنامەیەکی تایبەتی فێرکردن بگرنە ئەستۆ.
لەو بەرنامەیەدا جەخت بکەنەوە لەسەر پێویستی هەوڵدان بۆ زانیـاری وەرگـرتن بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری جیهاندا . پێویستە پرۆگرامی پەروەردە زۆر بەئاشکرا تێروانینی حکومەت پێشان بدا کە بریتی یە لەم سیاسەتە :
نابێ هیچ کۆمەڵگەیەکمان هەبێت کە خانەوادەیەکی نە خوێندەواری تێـدابێت وە نابێ هیچ خێزانێکیش هەبێت تاکە کەسێکی نەخوێندەواری تێدابێت.
پەروەردە شێوازێکی بنەرەتیە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و چاکسازی لـە نـاو کۆمەڵدا. لە ڕێگەی پەروەردەوە، کۆمەڵگە دەتوانێ مەبەستی خۆی دیاربکـات و سەرچاوەکانی خۆی ڕێك بخات. بەم شێوەیە دەتوانێ بـەروونی بەرنامـەی خـۆی دابڕێژێت بەو ئاراستەی کە مەبەستیەتی.
گەلی ئێمەش جیاواز نییە لە گەلانی جیهان، چ لـە ڕۆژئـاوا یـان ڕۆژهـەڵات. هـەر بۆیەشـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بایـەخی تـەواو بـە پـەروەردە دەدات.
جۆری فێرکردن و سیستەمی پەروەردە زۆر گرنگە بـۆ هـەموو لایـەك ، گـەورە و بچووك ، کورو کچ . بۆ باشـترکردنی جـۆری ژیـان هـیچ شـتێك گـرنگ ترنییـە لـە بوونی سیستەمێکی پەروەردەی سەردەمیانەی ئاست بەرز.
ئاسـتی پـەروەردە راسـتەوخۆ بەسـتراوە بەگەشـە سـەندنی ئـابووری و کۆمەڵایەتییەوە. ناتوانین ئازادی و خۆش گوزەرانی ڕاستەقینەمان هـەبێت تـاکو سیـستەمیکی پـەروەردەی بـاش و کاریگـەرمان نـەبێت لەسـەر تاسـەری هەرێمەکەمان. لەوانەیە ئێستا ئازاد بین لە چەوسانەوە .بەڵام ناتوانین بەتەواوی ئازاد بین تا بەتەواوی فێرنەبین. هەریەك لە ئێمە دەتوانین ڕۆڵ بگێرین لە بـواری

پەروەردە: حکومەت، کەرتی تایبەت ، دایك وباوك ، مامۆستاو فێرکار، قوتابی و خوێندکار.
ئەگەر بمانەوێت سەرکەوتوبین لەم هەوڵەدا، دەبێ ئەرك و لێپرسراوێتی سەرشانمان بە جێ بهێنین.
لێرەدا پێشنیازی ئەو خالآنە دەکەم وەکو سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردەو فێرکردن کە خۆی لە شەش تەوەردا دەگرێتەوە:
یەکەم : ئێمە پێویستمان بە قوتابخانەی زیاتر و باشتر هەیە.
کەش و هەوای فێربوون زۆر گرنگە بۆ پرۆسەی پەروەردە . پێویستە قوتابخانەی نموونەیی دروست بکەین. دەبێ هەوڵ بدەین پێویستیەکانی ناو قوتابخانەو خوێندنگەکان دابین بکەین . دەبێ هەوڵ بدەین قوتابخانەکانی ئێستاش لە ئاستێکی باش ڕابگرین لە رووی ئیدامە کردن و دابین کردنی پێویستیەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە بودجەی زیاتر تاکو بتوانین پێویستییەکانی قوتابخانەکان دابین بکەین.
دووەم: پێویستە بە شێوازی فێرکردنماندا بچینەوە. دەبێ ڕاستگۆ بین لە گەڵ خۆمان . خەڵکی ئێمە لەکەش و هەوای ترو لە شوێنی تر باشترین شت فێربووینە . پێویستە لە سەرمان هەوڵ بدەین ئەو جۆرە ژینگەیە لە ناو وڵاتی خۆمان بهێنینە کایەوە بەداخەوە شێوازی فێرکردن و سیستەمی پەروەردەمان لێرە، زیاتر لە شێوازی ڕێنمایی سەربازییە وکەمتر جەخت لەسەر تواناکان دەکات بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوە و داهێنان.
پێویستە کاربکەین بۆ گۆڕینی شێوازی وانە گوتنەوە لە ناو پۆلەکان و پرۆسەی فێرکردن بە گشتی، بە شێوەیەك کە دەرفەت بدات بە خوێندکار و قوتابیان

زیاتر متمانەیان بە خۆیان بێت ، وەکوگروپ کاربکەن و لە گفتگۆکاندا بەشداربن.
پێویستە هەوڵ بدرێت زیاتر شارەزایی پەیدا بکەن دەربارەی زانستەکان، ماتماتیك، هونەرو تەکنەلۆژیای زانیاری.
ئەو جیهانەی تێیدا دەژین لە گۆرانی خێرادایە، ئێمەش پێویستە سیستەمی پەروەردەمان لەسەر ئەو بنەمایە بگۆڕین.
سێ یەم : سیستەمی پەروەردەییمان بەئەندازەی هەوڵی مامۆستایان و بەڕێوەبەران باش دەبێت کە سیستەمەکە بەڕێوەدەبەن. ئێمە لەو ماوەیەی رابردوو بە شێوەیەکی بەرچاو موچەی مامۆستایانمان زیاد کرد. پێویستە لە سەر مامۆستایان زیاتر خۆیان ماندوو بکەن بۆ نویێ کردنەوەی شێوازی چالاکیان بۆ پەرەپێدانی بەهرە پەروەردەییەکانیان.
پێویستە لەسەر حکومەت دەرفەتی پێویستیان بۆ دابین بکات بۆ ئەو مەبەستە. ئەویش لە رێگەی بەرنامەی راهێنان لەسەر ئینتەرنێت و تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوە و هێنانی شارەزای جیهانی لە بواری پەروەردە بۆهەرێم .
چوارەم : پێویستە هەوڵی جیدی بدەین بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاو شێوازی هاوچەرخ لە سیستەمی پەروەردەییمان. تەکنۆلۆژیای و شارەزایی لە بواری بەکارهێنانی زانیاری مەرجی سەرکەوتنە لە بواری پەروەدەدا . پێویستە شێوازی تازە بدۆزینەوە بۆ دابین کردنی بنەما سەرەکیەکانی راهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە هەموو قوتابخانەکان بەبێ جیاوازی .
پێنجەم: پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی هەنگاوەکانمان تەواو کاری هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت لە بواری پەروەردەدا . ئەمرۆ ئینتەرنێت بوارێکی زۆر گەورەمان بۆ دەرەخسێنێت کە بچینە ناو تۆرێکی زۆر فراوانی سەرچاوەی حکومی و ناحکومی بۆ باشتر کردنی سیستەمی پەروەردەمان . بەرنامەی

فێرکردن و ڕاهێنان و سیمینار و توێژینەوەی زۆر لە سەر ئەم بابەتانە هەن کە ئەزموونی چەندین وڵات و کۆمەڵگەی تێدایە.

من دڵنیام پرۆگرامی زۆر هەیە تایبەت بە بواری پەروەردە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تری جیهانی . بۆیە لێرەدا داوا لە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەم نوسینگەیەکی تایبەت بە بەرنامەی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن. ئەرکی سەرەکی ئەو نوسینگەیە گەڕان بێت بەدوای ئەو سەرچاوە نێودەوڵەتیانە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سوودیان لێ وەربگرین لە هەرێمی کوردستان.

شەشەم: بواری باش هەیە لە بەردەم کەرتی تایبەت کە ڕۆڵی خۆی بگێرێت لەم قۆناغەدا . کەس هێندەی کەرتی تایبەت سوود مەند نابێت لە باشتر کردنی سیستەمی پەروەردەییمان. وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکان لە کەرتی تایبەت پێویستیان بە کارمەندی لێهاتوو شارەزایە ، بۆیە ئێمەش دەمانەوێت سیستەمی پەروەردەمان بەشێوەیەك بەرەو پێش ببەین کە ئەوە لە دوای ئەوە بە باشترین شێوە پەروەردە و فێربکرێن.

هەربۆیەش پێویستە کەرتی تایبەتیش بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت بە وەبەرهێنان لەم بوارە بۆ پشگیری کردنی ئەو بەرنامەیەمان . لە هەرێمەکەماندا بەشداری دەستەو کۆمپانیاکان بەوشێوەیە بەهێز نەبووە لە هاوکاری کردنی ئەو جۆرە بەرنامانە. بۆیە داوا لە وەزارەتی دارایی دەکەم بۆ ئەوەی بزانن بەچ شێوەیەك دەتوانین هانی چالاکیە بازرگانیەکان بدەین بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن بۆ باشتر کردنی قوتابخانەکانمان ئەویش لە ڕێگەی بەخشینی کەل و پەل و هۆیەکانی فێرکردن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جیدی پشتگیری ئەو جۆرە هەوڵانە دەکات لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بۆ دروست کردنی قوتابخانە کە ئەمڕۆ بۆتە پێویستیەکی گەورە و بەپەلە . دیارە پێشتریش لە عێراق قوتابخانەی تایبەت هەبوون . خەڵکێکی زۆر دەرچووی ئەو قوتابخانەن و ڕۆڵی بەرچاو دەگێرن لە ژیانی سیاسی وڵاتەکەیان. بۆیە ئەمڕۆش ئەو دەرفەتە کراوەیە بۆ کەرتی تایبەت بۆ پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پەروەردەیی بۆ مسۆگەرکردنی فێرکردنی باش.

بەڵام لە هەمان کاتدا سووربوونی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ باشتر کردنی سیستەمی پەروەردەی حکومی و دەبێ هەموو لایەکمان هەوڵی بۆ بدەین. ئێمە دەزانین ئەو بەرنامەیە کاری زۆری دەوێت . بەڵام ئێمە جدین کە هەنگاوی پراکتیکی بهاوێین. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم سەرچاوەی دارایی پێویست مسۆگەر بکات بۆ دروستکردنی قوتابخانەو تازەکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن و پرکردنەوەی کەم و کوریەکان و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان و دابین کردنی مووچەی شایستە بۆ مامۆستایان.

هەروەها پێویستە لەسەر دایك وباوك لە ناو خێزان بایەخی زیاتر بە فێرکردنی منداڵەکانیان بدەن، و ئەمە بکەن بە یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی خێزان. چونکە منداڵەکانمان سەرکردەکانی دواڕۆژن . پێویستە مامۆستایان دەست پێشخەری بکەن بۆ هەوڵدان بۆ نوێ کردنەوەی شێوازی وانە گوتنەوەو فێرکردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ قوتابیان و خوێندکاران. پێویستە زانکۆ و پەیمانگەکان کاری پێویست بکەن بۆ دابین کردنی دەرفەتی ڕاهێنان ، پێویستە لەسەر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستا و شارەزایان بە وردی بە سیستەمی پەروەردە بچنەوە و بزانن کەم و کورتیەکان لە کوێن. ئایا سێ

گۆشەی مامۆستا و قوتابی و پڕۆگرام بە شێوەیەکی تـەواو دامـەزراوە؟ هەریـەك لەو سێ لایەنە سەرەکیە بایەخی خۆی هەیە لە پڕۆسەکە.
دەبـێ پڕۆگرامـەکان ڕەنگدانـەوەی ژیـانی ئـەمڕۆ و پێشکەوتنی جیهـان بێت . بابەتەکان بە شێوەیەك بریاری لێ بدرێت کـە رۆڵـەکانمان لـە دوای تـەواوکردنی خوێندن هەمان ئاستی فێربوونیان هەبێت لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان.
پێویستە لەسەر بەرێوەبەرانی سیستەمی پەروەردە زۆر داهێنەرانە بیر بکەنـەوە و ڕوو لە ئایندە بن لە تێڕوانینیان.
پێویستە هەوڵی جیدی بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگـەی باشـتر بـۆ مـسۆگەر کردنـی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی بۆ داڕشتنی نەخشەو پلانی پەروەردە بۆ ئاییندە.
دیسانەوە پێویستە کەرتی تایبەت هاوکار و هاوبەشمان بێت لەم پڕۆسەیەدا.
چـونکە پـەرەپێـدانی سەرچـاوەی مرۆیـی و باشـتر کردنـی سیـستەمی فێرکـردن قازانجی بۆ تەواوی کۆمەڵگە و وڵات دەگەڕێتەوە و ئێمـەش هـەموو سـوود مەنـد دەبـین لـە سـەرکەوتنی ئـەو پڕۆسـەیە . لـە هـەموو گرنگتر ئەوەیـە خوێنـدکارو قوتابیەکانمان زۆر بەجیدی بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە.
دەبـێ بـە باشـی تـێ بگـەن کـە ئاییندەی خۆیـان و خانـەوادەکانیان بەنـدە بەسـەرکەوتنیان لـە پڕۆسـەی خوێنـدن و فێربـوون. بۆیـە پێویـستە شـێوازی سەردەمیانە پێڕەو بکەن وکاتی پێویست تەرخان بکەن بۆ خوێنـدن و فێربـوون.
بینـاکردنی ئاییندەیـەکی گـەش و ئاسـوودە، کـات و هـەوڵ و سەرچـاوەی زۆری دەوێـت. بـەبێ کـارو ماندووبوون ئـەم ئامانجـە بـەدی نایـەت . لەوەتـەی ١٩٩٢ حکومـەتی هـەرێم سـەدەها قوتابخانـەی دروسـتکردووە لـە سەرەتاسـەری کوردسـتان. بـەپێی توانـا خـولی ڕاهێنـانی کردۆتـەوە بـۆ پەرەپێدانی توانـای مامۆستاکان .

بەلام ئەو هەولانە پچڕ پچڕ بوون و پێکەوە گرێدار و نەبوون لە چوارچێوەی ستراتیژیەت و سیاسەتی پەروەردەییمان . بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە بتوانین ئەو سیاسەتە پەروەردەییە دابڕێژین کە هەموو فاکتەر سەرەکییەکان رەچاو بکات. ئەویش بە بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمی پەروەردە و باشتر کردنی جۆری خوێندن و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە بنەڕەتیەکان.
حەز دەکەم لێرەدا هەموو لایەك دلنیا بکەمەوە کەرتی پەروەردە جێگەی بایەخی تەواوی ئێمەیە . بە هەموو شێوەیەك ئامادەین کە پشتگیری لەو بوارە گرنگە بکەین.
حکومەتی هەرێم درێغی ناکات لەم ڕووەوە . هەر بۆیەشە هەوڵ دەدەین سەرچاوەی دارایی تەواومان هەبێت لە هەرێم تاکو بتوانین وەکو پێویست بایەخ بەو کەرتە گرنگانە بدەین .سیستەمی پەروەردەی باش واتە مسۆگەر کردنی ئاییندەیەکی باش. دەبێ جەخت لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی ناوخۆمان بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین هاوکار و کاریگەر بین لە دابین کردنی ئاسایشی ئابوری و کۆمەلایەتیمان . دەمانەوێت بەرهەممان زیاد بکەین بە بەراورد لە گەڵ خۆماندووکردنمان . ئەم کارە هەولی هەرەوەزی دەوێت . دەبێ بە یەکەوە بین لەو بەرنامەیەدا .
بۆیە لێرەدا سوپاسی وەزیری پەروەردە کاك دلشاد عبد لرحمن و تەواوی کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە و یەکە یەکەی رێکخەرانی ئەو کۆنفرانسە دەکەم. هیوادارم بتوانن بە گیانێکی سەردەمیانە مامەلە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن.
نابێ دلگران بین کە ڕاستیەکان دەدرکێنین . ئامانجی ئێمە لەو ڕەخنە لە خۆگرتنە بونیاد نانە . بۆیە دەبێ سوود لەو دەرفەتە وەربگرین بۆ دارشتنی

سیاسەتێکی پەروەردەیی واقیعی کە ڕەنگدانەوەی تێکڕایی سیاسەت و ئاواتی حکومەتی هەرێم بێت.

لێرەدا داوای هەماهەنگی و هاوکاری تەواوی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدراکان دەکەم بۆ زیاتر بایەخ دان بە پرۆسەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان . دووبارە دەست خۆشیتان لێ دەکەم . سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم . ئومێدی سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوازم.

هیوادارم لێرە بەدواوە راسپاردەو بڕیارەکان بکەونە قۆناغی پراکتیزەکردن و جێ بە جێ کردن هەرشادو سەرکەوتووبن و هەموو لایەك بەخێربێن .

**زۆر سوپاس**

**٢- وتاری بەڕێز (عومەر فەتاح) (جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان):-**




زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆ لە کۆنفرانسێکی ئاوا گرنگ بەشدارم لە گەڵتان کە تایبەت بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە لە کوردستان دیارە ئەم کۆنفرانسە بە ماندوبوونی پسپۆران و شارەزایانی پەروەردەو هەڤاڵانی دیکە هاتۆتە کایەوە ئەم کارەیان ئەنجامداوە وە تێیدا ڕاپۆرتی باش و پێشنیاری باش پێشکەش بکەن.

من ئەمە بە بەشێکی گرنگ دەزانم بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە . دیارە ئێمە لە کوردستان بڕیارمان داوە و بەبڕیاری سەرکردایەتی سیاسی دەبێت پیادەی ڕژێمێکی فیدراڵی بکەین لەم وڵاتە، بەلام ڕژێمی دیموکراتی پێویستی بەوە هەیە کە کۆمەڵگە ئەسالیبی دیموکراتی پیادەیکات کە بە داخەوە ئێمە میراتگری نیزامەکانی پێشووین کە نیزامی دیکتاتۆری فاشی و خۆسەپێنەرو سەربازین و هیچ جۆرە سیستەمێکی دیموکراتی تێدا پیادە نەکراوە ، لەبەر ئەوە گۆڕانی بنەڕەتی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕژێمێکی دیموکراتی لەم وڵاتە پیادە بکەین.

فێرکردن و پەروەردە ئەو مرۆڤانە ئامادە دەکات کە بتوانن بەشداری بکەن لەو پرۆسەیەدا کە ئەوەش شتێکی گرنگ و بنەڕەتییە ، چونکە ئێمە ئەو فێرخوازانە

فێرکردن و پەروەردە ئەو مرۆڤانە ئامادە دەکات کە بتوانن بەشداری بکەن لەو پرۆسەیەدا کە ئەوەش شتێکی گرنگ و بنەڕەتییە ، چونکە ئێمە ئەو فێرخوازانە بە زانستی نوێ و بە پەیڕەوکردنی کاری دیموکراتی پەروەردە دەکەین، بەپێی تێگەیشتنی دیموکراتی ئەوانە دەتوانن دەوری کاریگەر بگێڕن لە گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی.

دیارە بەڕاستی بۆ کوردستان پێویستیمان بە گۆڕینی هەموو سیستەمەکانە، سیستەمی کارگێڕیمان سیستەمی حکومەتێکی کۆنە کە هەم سیستەمەکە کۆنەو هیچ گەشەکردنێکی بەخۆیەوە نەدیوە، وە نازانێت چۆن مامەڵە بکات و کاروبارەکان بەڕێوە ببات لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا پسپۆران و شارەزایان بەهۆی دۆستان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین خول بۆ کادیرانی ئیداری کراوەتەوە بە شێوەیەکی هاوچەرخ بەڵام بەراستی لە بنەڕەتدا سیستەمە کارگێریەکەمان سیستەمێکی کۆنە کە لەگەڵ سیستەمی جیهانگیری و ئێستا ناگونجێت.

دەبێ ئەو گۆڕینە لە پەروەردەوە بکرێت کە ئێمە لە ڕژێمێکی دیموکراتی دەمانەوێت ئازادییەکان بۆ خەڵك بێت و مومارەسەی دیموکراتی بکەین و خوێندکارەکان فێری ئەم پەیڕەوی بکەین و داخوازی گۆڕان بکەین لە هەموو دامودەزگایەکان.

بەڕاستی هەموو دەزگایەکان پێویستیان بە گۆڕان هەیە ، دەزگای تەندروستیمان دەزگایەکی دواکەوتووە ساڵانی چل و پەنجایەکان لەم ناوچەیە هاتۆتە کایەوە ئەگەر چی پارەیەکی باش و دکتۆر و پسپۆری باشمان هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی

سیستەمەکە سیستەمێك نییە لەگەڵ چەرخی ئێستادا بگونجێت لەبەر ئەوە دەبینین نەمانتوانیووە بە باشی تەندروستییەکان پێشکەش بکەین و هەمیشە دکتۆرەکانمان ئەوانەی کە لێهاتوو و دڵسۆزن و زۆریش خۆیان هیلاك کردووە و بوون بە جێگەی دڵخۆشی خەڵك بەرامبەر ئەم هەموو خزمەت گوزارییانەی پێشکەش دەکەن نەخەڵك لێمان رازییە نە ئێمەش لە دەزگاکانی خۆمان رازیین نە ئەرك و ماندووبوونی دکتۆرو کارمەند ئەوانەش جێبەجێ کراوە.

جگە لەوە دەزگای بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە هەمووی پێویستی بە گۆرینە، سیستەمی ئابووریمان دیارە ئەمە بەبڕیار گۆڕاوە و کردوومانە بە کەرتی تایبەت بەڵام بەڕاست نە پەیڕەو ئەم سیستەمەمان هەیە نە خەڵکی شارەزامان لەو بوارەدا هەیەو نە ئەتوانین بەباشی جێبەجێی بکەین بۆیە هەر گیروگرفتێك دێتە پێشمان داوای شارەزایی خەڵك دەکەین شێوازی پێشوومان پێ دەڵێین لەبەر ئەوە بەراستی کە دەڵێین گۆرین لە سیستەمی ئابووریدا دەبێ لە فێرکردن و خوێندنی باڵا بخوێندرێت بۆ ئەوەی ببن بە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم سیستەمە .

دیارە ئێمە وڵاتێکی کشتوکاڵین لەرووی کشتوکاڵییەوە سەروەت و سامانێکی باشمان هەیە بەڵام دیارە خۆتان دەزانن ئەم بنەمایە وێران کراوە لە سەردەمی رژێمەکانی پێشوو و ئەوە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە کە دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین و هەروەها دەبێ پلان دابنێین چۆن گوندەکانمان ئاوەدان بکەینەوە و چۆن کشتوکاڵمان بەشێوەیەك بێت لە گەڵ سەردەم بێت و بەرهەمەکەی موونافەسەی بازاری دونیای پێ بکات.

بۆیە دەبێ لەپێڕەوێکی نوێوە دەست پێ بکەینەوە ئەگەر ئێمە پەروەردەمان بەشێوەیەك بێت مرۆڤەکانمان باش پەروەردە بکات ئەمانە کاریگەرییان هەبێت

لەسەر گۆڕانکاری هەموو ئەم دامودەزگایانەو ولآتەکەمان بەرەو ئاقاری پێشکەوتن بچێت.
ئومێدەوارم وەکو چۆن خۆتان ماندوو کردووە بەو زانیارییانەی کە هەتانەو بە ئەزموونی گەلان و لەرووی پەروەردەییەوە کە لەم کۆنفرانسە بتوانین گۆڕانی بنەڕەتی لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکەین، تاکو بتوانین ولآتەکەمان پێش بخەین.
لە سیستەمی نوێدا دەبێ خوێندنگەکان شوێنێکی خۆش بن بۆ مامۆستاو قوتابییان شوێنێك بێت خەڵك هانبدات بکرێت، قوتابخانە بە شێوازێك نەبێت خەڵك وابزانێت بە زۆر دەبرێتە قوتابخانە بەڵکو دەبێت بە شێوەیەك بێت لە قوتابخانەکانماندا خوێندکار حەزی لە خوێندن بێت. جگە لەوە کوردستان لە نەهێشتنی نەخوێندەواری ڕزگار بکەین بۆ پەروەردە و فێرکردن دەبێ سوود لەو پێشکەوتنە گەورانەی دونیا ببینن.
هەروەها بۆ بواری مێژوو، ئێمە لە مێژوو هەم رابردووی خۆمان دەزانین و هەمیش سوود لە کەم وکورییەکانی ڕابردوو وەردەگرین بۆ ئەوەی بتوانین بەرەوپێشەوە بڕۆین.
ئێوەش ئەرکێکی زۆر پیرۆز پێشکەش دەکەن لەم سەردەمە بەرەو پێشەوە بڕۆن.
دووبارە ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .....

## ٣- وتاری بەڕێز وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان




لە سەرەتادا دەمەوێت بەخێر هاتنێکی گەرمی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاك (عومەر فەتاح) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان. وەزیرە بەڕێزەکان، پارێزگارەکان،پەرلەمانتارانی عێراق وکوردستان سەرجەم میوانانی ئازیز بە تایبەت ئەوانەی لە ئەوروپاو لە شارەکانی دیکەی عێراق وکوردستانەوە هاتوون بکەم. هەروەها دەمەوێت بە خێرهاتن و سوپاسی هاوکارانمان بکەم لە ئاژانسەکانی تایبەت بە یونسێف، یونسکۆ، تیپی زەیتون،کوێکا،سیمیك نوێنەری سەفارەتی ئەمریکا و بەریتانیا و گشت ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان. ئامادە بوونتان لێرە دڵنیامان دەکاتەوە و باوەڕی زیاترمان پێدە بەخشێ لە بەڵێنی بەدەوامبوونی پەیوەندی و پشتیوانیکردنمان بۆ پێشخستنی بواری پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کورستان......

بەڕێزان....کێشەکانی پەروەردە پەیوەندییەکی ئەندامی (ئۆرگانی) بە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمەوەهەیە، کێشەیەکی گشتیە کە تەواوی

بەڕێزان....کێشەکانی پەروەردە پەیوەندییەکی ئەندامی (ئۆرگانی) بە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمەوەهەیە، کێشەیەکی گشتیە کە تەواوی کۆمەڵگەدەبێت قسەی لە سەر بکات .... ئەو ڕەخنانەی ڕوبەڕوی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن دەبنەوە هەندێکیان لەلایەن مامۆستایان وقوتابیانەوەن وبەشەکەی دیکەشیان ڕەخنەی فەلسەفی هزرین وفیکرین. ئەوەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنیّ کە هەڵەکانی سیستەمی پەروەردە/ فێرکردنی بەتەنها ناگەڕێنەوە بۆ خودی سیستەمەکە بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆی کۆمەڵگەش. لەبەر ڕۆشنایی ئەوڕاستیەی سەرەوە ئێمە بۆ زیاتر لە (١٠) مانگە لە خۆ ئامادە کردنداین بۆ سازکردنی ئەم کۆنگرەیە فراوانترین بوارمان ڕەخساندووە بۆ بەشداریکردنی زۆرترینی ئەوانەی قسەیەکیان هەیە لەسەر پەروەردە ،لە سەرجەم توێژە جیا جیا کانی کۆمەڵگەی ناوەو دەرەوەی کوردستان.

ئەو بەڵگەنامانەی لەبەر دەستدان لەم کۆنگرەیەدا بەرهەمی هزری هەموو ئەوانەیە .ئامانجی گشتی ئەم کۆنگرەیە لێکۆلینەوەی وردی گرفت و کێشەکان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و هەولدان بۆ دیاریکردنی چارەسەری گونجاوە بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجی کۆتایی کە چاکسازییێکی پیشەیی سیستەمی پەروەردەیە ئەمەش بەر لە هەر شتێك بە گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ خودی مرۆڤ دێتە دی، تائێستا پەروەردە قوتابیان دابەش دەکات بۆ زیرەك وتەمەڵ.. لەسەر ئەو بنەمایەش سالآنە ژمارەیەکی زۆر بەناچاری وازهێنان لە خوێندن دەهێنن، بۆیە دەبێت پەروەردەی نویّ چەمکی سەرکەوتوو، سەرنەکەوتوو لە

فەرهەنگی خۆی بباتەدەرێ، هەرمرۆڤێك لە بوارێکدابە توانایە بۆیە دەبێ ئیشی سیستەمی پەروەردە ئاراستەکردنی خوێند کاران بێت بۆ بوارەکانی خۆیان.

پەروەردە بە نرخترین دیارییە کە کۆمەڵگەیەك بتوانێت بە نەوەکانی ببەخشێت، پەروەردە دەبێت ژیانی خەڵك بگۆڕێت و دەرگەی دەرفەتیان بۆ بکاتەوە و پەروەردە بنەمای کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سەربەخۆیە. گۆڕانکاری دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێبکات بۆیە گرنگی بە پەروەردەی پێشوەختی منداڵ دەدەین زۆر گرنگە ئەگەر ئێمە بمانەوێت باشترین دەستپێکردنیان لە ژیان پێببەخشین.

دەبێت پەروەردەی یەکسان بۆ سەرجەم منداڵان دابین بکەین لە گوندبن یان لە شار نابێت ئاستی پەروەردەی پلە دوو بمێنێت.

سیستەمی پەروەردەی نوێ دەبێ زانستەکان هەموو وەك یەك بە گرنگ بناسێنێ، هیچ زانستێك لە زانستێکی دیکە بەرزتر نیە و هەڵاوێژی ناکەین لە یەکتری.

بەرزبوونەوەی هەندێ زانست و پیشە و بەلاوەخستنی هەندێکی دی ئاوێنەی دواکەوتنی کۆمەڵگەیە پەروەردەی نوێ دەبێ ئەو لاسەنگیە ڕاست بکاتەوە و بیخاتە توێی گۆڕینی کۆمەڵگە، نەك پاشکۆ و ئاوێنەی کۆمەڵگە ، هەر بۆیە زۆر ئاساییە گۆڕانکارییەکانی بواری پەروەردە لەلای زۆرێك لەوانەی بە پەروەردەی باو ڕاهاتوون بە ئەستەم وەربگیرێت .

دەبێ هاوکات لەگەڵ گۆڕینی پرۆگرامەکان ستراتیژی کاری خۆشمان بگۆڕین بە ئاقاری بینا کردنی نەوەی نوێ کە وێنەی مرۆڤەکانی ئەمرۆ و دوێنێ نەبن .

کۆمەڵگەی کوردەواری هەنگاو بەرەو چەسپاندنی دیموکراسیەت دەنێت بۆ ئەم مەبەستەش پەروەردە دەبێت پەروەردەیەکی دیموکراسی بێت ئەوەش وامان لێ دەخوازێ گرنگی بدەین بە خوێندنی مێژووی ئاین و جیاوازییەکان وە گرنگیدان بەو بابەتە ئاینیانەی گیانی لێبووردەیی بەهێز دەکەن .
کوردستان دەیان ساڵە لە جیهان دابڕاوە، ئێستا ئێمە پێویستیمان بە پەیوەندی کردنی خێرایە بە جیهانەوە، باشترین ڕێگە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی و بەکار هێنانی تەکنەلوژیای زانیاری و پەیوەندییەکانە
لە سیستەمی پەروەردەی نوێدا تەکنەلۆجیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بەڵام ئەمە تەنها لە ڕێگەی ژێر خانێکی چاکترو وەبەرهێنانێکی زیاتر.
لەم چەند ساڵەی دواییدا لە کوردستان ناوەندی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی مۆبایل بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە بەتایبەتی لە نێو گەنجان بەڵام لێرەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە لەلایەن لاوانەوە و بەکار هێنانی هۆکارە کۆنەکانی فێربوون لە قوتابخانەکان پێنوس و کاغەز گەچ و تەختەی ڕەش زۆرگرنگە لە نێوان پۆلدا سوود لەو تەکنەلۆجیایانە وەربگرێت پێویستە خوێندنی تیۆری ئاوێتەی فێربوونی پراکتیکی بکەین تاقیگەی زانستی نوێ و شێوازی وانە وتنەوەی نوێ فەراهەم بکەین.
ئێمە دەستمان بە باشتر کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی تاقیکردنەوەکان کردووە بەڵام هەنگاوی زۆری ماوە گۆڕینی پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی هەنگاوی باشی ناوە و لەم نزیکانەش پرۆژەی گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانستەکان کە لەلایەن دەزگایەکی چاپەمەنی پەروەردەی بەناوبانگ ئامادەکراوە تەواو دەبێت کە بە سێ قۆناغی سەرەتایی دەستمان پێکردەوە لە گفتوگۆ داین بۆ گۆڕینی پرۆگرامی زمانی عەرەبی تا قۆتابی و خوێندکار فێری

نووسین و قسەکردنی بە تەواوەتی دەبێت و لە میانی سالآنی خوێندندا .زمانی کوردی بەشێکی گرنگی لە کارەکانی ئێمە دا گرتووە هێشتا لە گفتوگۆ داین لەگەڵ چەندین شارەزا و پسپۆر بۆ چاو خشاندنەوەی بەو پرۆگرامانە چونکە دەبێ پەروەردەی نوێ گرنگی تەواو بە زمان بدات بەئاقارێکدا کە جگە لە فێربوونی زمانی پاراو.

توانای دەربڕینیش بەهێز بکات.

دەبێ قوتابخانە و خوێندنگە ببنە شوێنی بیرکردنەوەی ئازاد نەوەك شوێنی نوێکردنەوەی ترسەکان و گەورەکردنی شەرمەکان

مامۆستایەتی قورسترین پیشەیە هەروەها گرنگترینیانە دڵنیام کە هەموو کەسێك لەم هۆڵەدا دەتوانێ لایەنی کەم مامۆستایەك بەبیر خۆی بهێنیتەوە کە ڕۆژێك لـە ڕۆژان هاندەر و یارمەتی دەری بوو بێت ببێتە ئەم کەسەی ئەمڕۆ.

مامۆستا پێشەنگی پەروەردەن بۆیە شیاوی ڕێزی هەموو یەکێکن و پێویستە هەموو یارمەتیەکیان بدرێت بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە مامۆستا خۆشی لە پیشەکەی خۆی نابینێت هەروەکو دکتۆر و ئەندازیار وە ئێمە دەبێ لێدوان لەسەر ئەم بابەتە بکەین پێویستە ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایان فەراهەم بکەین بۆ وەرگرتنی زانیاری نوێ و نوێکردنەوەی زانیاریەکانیان ئێمە ڕێژەیەکی زۆر لاریمان لە کۆی دانیشتوان هەیە بۆیە وە بەرهێنان لە پەروەردەی دەبێتە گەورەترین سەرمایەتی هێزی کاری کارامە تەنها لە ڕێگەی پەرەپێدانی فێرکردنی پیشەیی دێتە ئارا بۆیە جەخت لەسەر خواستی پراکتێکی بەردەوام و گرنگی دان بەخویندنی پیشەیی دەدەین دەبێ بایەخی زیاترو دەرفەتی زیاتر بۆ پەروەردەو فێرکردنی کچان بدەین ئامانجامان یەکسانە لە ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ هەموان بۆ ئەو منداڵانەی کە پێویستییان بە پەروەردەی تایبەتیشەوەیە ئێمە ڕوو بەڕووی کەمی بینایەی قوتابخانە دەبینەوە ژمارەیەك لە خوێندنگەکان سێ دەوامین بۆیە پێویستیمان بە وەبەرهێنانێکی گەورە هەیە

له بواری بیناسازی .تاوەکو ئەو ئامانجانە دێنە دی بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێین بۆ دانانی پلانی ستراتیژی ونەتەوەیی بۆ پەروەردە پێویستمان بە شارەزاو راوێژکاری ناوەوەو دەرەوەش هەیە تا لە هەنگاوەکانمان دڵنیابین پێڕەوکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی راست و دروست دەتوانی نەك تەنها ئومیدو پێداویستیەکانی تاك فەراهەم بکات بەڵکو ئاییندەی گەشی بۆ ولاتێك دیاری دەکات لە کۆتاییدا سوپاس بۆ ئامادە بوونتان هیوا دارین لە ڕۆژانی کۆنگرە دا گوێبیستی راپۆرت و بیرو بۆچونی شارەزایان بین با بەیەکەوە گوڕانکارییەکان بیننەدی و هەرچەندە گەڕان سەختێش بێت بەلام ئێمە خاوەنی هیواو ئیرادەین هەر هیواو ئیرادەشە کۆمەڵگەکان دەگۆڕن.

## ٤- وتاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان

لە میانەی وتارەکاندا خاتوو (نازناز محمد) ئەندامی پەرلەمان وتاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای پێشکەش کرد ئەمەش دەقەکەیەتی:

بێگومان یەك لەخەمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەکابینەکانی پێشوو، دابینکردنی بەلایەنی کەمی پێداویستییەکانی خوێندن بوو، لەبینایەی قوتابخانەو کولوپەلی خوێندن و نووسین و پەرتووکی پێویست، بەڵام کابینەیپێنجەم، گۆڕانێك لەدیدو بۆ چوونی سەرۆکی حکومەت بیندرا، کە هەروەکو لەبەرنامەی کابینەی پێنجەم، لەچەندین شوێن، ئاماژەی پێدراوە، ئەویش بەهاوچەرخ کردن و باشترکردنی چۆنایەتی خوێندن بوو لەسیستەمی پەروەردەی وڵاتدا.

لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، کە لەناوەراستی ساڵی (٢٠٠٥) پێکهێندرا، دروشمی (ریفۆرم لە سیستمی پەروەردە) ی هەڵگرت و بەهاوکاری زانکۆکانی کوردستان پسپۆرانی خۆماڵی و بیانی، (NGO) کانی پەیوەست بە پەروەردەو منداڵ چ لۆکاڵ و چ ئەنتەرناشناڵ، گەیشتە کۆمەڵێك ئەنجام و میکانیزمی گونجاو و دارشتنی پلان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکە، هەر بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکایەتی لیژنە، لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی و وەزیری پەروەردە تاووتوێی بابەتەکەیان کردووە.

ئامانجیان، گۆڕینی کۆی سیستمی پەروەردەیە لە وڵات، بۆ ئەوەی سوودمەند بین لەسەر مایەی مرۆیی وەکو بەشێك لە مرۆڤایەتی.

لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەیە کە پشتگیری لەم بۆ چوونە دەکات، کە بێجگە لەسەروەتی سەر خاك و ژێر خاك و سەرمایەی ماددی و فیزیایی، سەرمایەی

مرۆیی، گرنگترین فاکتەری بەرەوپێشەوە چوونی گەلأنە، نموونە زۆرن لەو وڵاتانەی کە نەهەڵکەوتێکی جیوپولیتکی گرنگیان هەیە و نە نەوت و زێڕ و ئەڵماس و نە زەوییێکی زۆر بەپیت، بەڵام بەکەمترین سەرمایەی ماددی و پیشەسازی و بازرگانی، توانیویانە، هەنگاو بنێن بۆ بەرەوپێشەوە چوون. ئەویش بەدارشتنی پلانی درێژخایەنی هەمەلایەنە لەگشت قۆناغەکانی خوێندن لە خوێندنی باڵا تا باخچەی ساوایان، کە بەپێی دانانی سیستمی نوێی خوێندن، توانیویانە هەر مرۆڤێك لە مرۆڤەکانی وڵاتەکەیان، بیکەن بەسەرچاوەی وزەو سەرمایە بەرهەمهێنان، چونکە لەڕاستیدا تایبەتمەندی لەڕووی (چۆنایەتی) جۆرێکە لەسەرمایە، ئەم تایبەتمەندیانە لەژێر تیشکی پەروەردەیەکی دروست، توانایی مرۆڤ پەرەپێدەدات، ئەمە سەرمایەکی مرۆییە، چونکە بەشێکە لە مرۆڤ و لەگەڵ مرۆڤ گەشە دەکات و بەمردنی ئەویش کۆتایی پێدێت، بەڵام بەهەرم لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. بەهیوای کارکردن لەسەر سەرمایەی مرۆیی لەکوردستان، کە هەر کامەیانبتوانن لە ڕووی ماددی و مەعنەوی بەرهەم بەخش بن و قەرەبۆی هەموو ئەو نەزیفیە کۆمەلایەتی و ئابوورییە بکەنەوە کە لەژێر تیشکی ئەم بیروبۆچوونانەیە، حکومەت پێویستە زۆرترین بودجەی وڵات بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوشی خوێندن و توێژینەوەی زانستی کوردستان تەرخان بکات لەتەك بایەخدان بە کۆی سیستمی پەروەردە لە کوردستان لەژێر سێبەرو ئیمکانیاتی حکومەت، پشتگیری لەکەرتی تایبەت بکرێت کە لەم بوارە ئەکتیف تر بێتە مەیدانی کار، لەژێر ئەو پرەنسیپانەی کە بۆ فەلسەفەی پەروەردە لە لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان دارێژراوە و پێشکەش بەکۆنگرە کراوە

که پڕەنسیپە سەرەکییەکانی بریتییە لە یەکسانی ڕاستەقینە بەهەموو چین و توێژو ڕەگەزو ئاییینەوە و هەروەها دابینکردنی کەشێکی دیموکراسی لەژینگەی خوێندن و برەو دان بەدروستکردنی هەستی نیشتمان پەروەری و مرۆڤایەتی.

## ٥- وتاری بەڕێز سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

مامۆستایانی خۆشەویست ...

بەناوی خۆم و جێگری سەرۆك و تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجوومەنی تەنفیزی و سەرجەم مامۆستایانی کوردستان ، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرۆك و ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەکەین و بەهەنگاوێکی پیرۆزی لە قەڵەم دەدەین .. هیواو ئومێدمان زۆرە کە بەرنامەی ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووانە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و ببێتە وەرچەرخانێك بۆ ژیانێکی سەردەمیانەی گونجاو لە گەڵ ئەمڕۆی پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەو ڕۆڵەکانمان بەشێوەیەکی هاوچەرخ.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی و نیشتمانی و سەربەخۆی کوردستانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە ئامانجی پەروەردەیی بەشێك بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی (ی.م.ك) و بەشێکی دانەبراون لە دامودەزگەکانی پەروەردەیی و بەڵکو تەواوکاری یەکترن . دوای یەکگرتنەوەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ڕێکخستنەوەی ماڵی مامۆستایان کە هێزو توانایەکی تازەی بەخشیە هەنگاوەکانمان و کۆمەڵێك دەسکەوتی هێنایە بەرهەم ، دوا دەسکەوتیش دوا چاوپێکەوتنمان بوو لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/١٦ لەگەڵ ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەو دانیشتنەدا بڕیاری دا بە نەبڕینی ١٢٥٠٠٠ هەزار دینار دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان لە مانگەکانی (٧-٨) ی پشووی هاوین . وەك خەڵاتێك بوو ، بە بۆنەی یەکگرتنەوەی یەکێتی

مامۆستایانی کوردستان و سەقامگیربوونی لایەنی دەروونی مامۆستایانی کوردستان و بۆ زیاتر بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەکەو پێشتگیری کردنی پەروەردەکارانی هەرێمی کوردستان .

بەم بۆنەیەوە بەناوی (ی.م.ك) و تەواوی پەروەردەکارانی کوردستان. سوپاسی ئەو پاڵپشتییەوە هەنگاوە بوێرانەی بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەروەها سوپاسی بەرێز دکتۆر دڵشاد عبد الرحمن وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ پشتیوانی بەردەوامیان لە یەکێتی مامۆستایان و ، هەڵگرتنی هەنگاوی گۆڕانکاری و چاکسازی بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دوای بەئەندامبوونی لە رێکخراوی (پەروەردەی جیهانی )، روون و ئاشکرایە کە سەردان و بەشداری لە چەندین کۆڕو کۆنفرانسی دەرەوەی وڵاتدا کردووە و دوا بەشداریمان لە کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی بەریتانیا بوو، کە لە بێلفاست بەڕێوەچوو. کە چالاکترین ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەرێز مامۆستا وشیار حەمەد حاجی لە کۆنگرەی ناوبراودا نوێنەرایەتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان و عێراقی کرد و کاریگەرانە توانیویەتی پشتیوانی و هەماهەنگییەکی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە و فێرکردنەی هەرێمی کوردستان و عێراق بێنێتە بەرهەم، کە لەم نزیکانەدا بەرهەمەکانی لە کۆنگرەی پەروەردەی جیهانی لە بەرلین رەنگ دەداتەوە خراوەتە نێو بەرنامەی ئەم کۆنگرە جیهانییەوە.

وەکو دەزانن هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانمان بۆ خزمەتی مامۆستایان و پەروەردە و فێرکردن و بەشداری کردنە لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی

زانستی و بژێوی مامۆستایانی کوردستان له هەمان کاتدا ، ناساندن و دەرخستنی هەرێمی کوردستانە وەك ولاتێکی پێشکەوتووی فیدراڵی و نموونەی دیموکراسیەت و ئازادی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیە.

بەرێزان .. هەلومەرجی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و ئەو ئاشتی و سەربەستی و ئارامییەی کە باڵی بەسەر ولاتەکەماندا کێشاوە زەمینەیەکی لەبارە بۆ نواندنی هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەو گەیاندنی پەیامی پیرۆزی مامۆستایان و پەروەردە و ئامانج و تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی تا سنووری وەرچەرخان و گۆڕانکاری تازەگەری و سەردەمییانە.

بەم بۆنەیەوە ئومێدو هیواکانمان تازە دەکەینەوە و پەیمانیش دەدەین کە هەمیشە پارێزەری ئەم ئەزموونەی گەلەکەمان بین کە خۆی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێتەوە ، بەڵێن دەدەین کە هەوڵەکانمان بەردەوام بێت لەپێناوی پتر باشترکردنی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان، هەروەها هەوڵدان بۆ داهێنانی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ئەوتۆ کە خزمەت بەنەوەکانی ئێستا و دوارۆژی گەلەکەمان بکات.

سەرخستنی دەرەنجامەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، بەرپرسییەتی هەموو لایەکمانە ، بەرەو چاکسازی و گۆڕانی پۆزەتیڤانە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، هەروەها پێکهێنانی ئەنجومەنی هاوبەشی کۆمەلآیەتی (الشراكة الاجتماعية) لە نێوانماندا بە گرنگ دەزانین، کە بە هاوبەشی پەرلەمان و وەزارەتی پەروەردەو ( ی.م.ك) و رێکخراوە مەدەنییەکان دابمەزرێت، کە بە

هەماهەنگی یەکتر، دەتوانین سەرخستنی پلانی پەروەردەیی و زیاتر خزمەت کردنی مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران مسۆگەر بکەین.

دووبارە پشتیوانی و هەڵوێستمان بۆ کۆنگرەکەتان ڕادەگەیەنین بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونە و بەرنامەی پێنجەمین کابینەی حکومەتی هەرێم و تەواوی بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردە ، یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیش بەشێکە لەو پەیامە پیرۆزە و هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە ...

پیرۆزبێت ئەم هەنگاوە زانستییە ...

نەمری بۆ مامۆستایانی شەهیدو سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری گەلی کوردستان ...

## ٦- وتاری سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە (قوتابی و خوێندکارییەکان) بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

- مامۆستایانی خۆشەویست
- قوتابی و خوێندکارانی هێژا
- خەم خۆرانی پرۆسەی پەروەردەیی تەندروست

سەرفرازاین بە بەشداریمان وەکو فیدراسیۆنی ڕێکخراوە (قوتابی و خوێندکاری) یەکانی کوردستان لەم کۆنگرە گرنگەی کە چارەنووسی پرۆسەیەکی هەرە گرنگی کۆمەڵگەیەك دیاری دەکات.

- بێشك ئێمەی ( قوتابی و خوێندکار ) ڕەگەزی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە پێکدەهێنین و خامی کارتێکراوی ئەم سستەمەین، بۆیەش هەمیشە بە پەرۆشەوە هەنگاوی جدیمان هەڵێناوە، تا بە شێوەیەکی سیستەماتیك و دروست فەلسەفەی پەروەردە لە وڵاتی خۆمان نوێ بکەینەوە و بیگونجێنین، لە گەڵ سەردەمی ئێستا تادەرهەقی پێشکەوتنە خێراکان بین و کۆمەڵگەمان و نەوەی نوێ دانەبرێت لە جیهانی پێشکەوتوو.

- ئەوەندەی بۆمان لوابێت پرۆژە و بەرنامەمان بۆ ئەم گۆڕانکارییە هەبووە و هەمیشە لە پرسە پێشینەکانی کاری ڕێکخراوەییمان بووە لە بچووکترین هەنگاوەوە دەستمان پێکردووە و هەماهەنگی و یەکدەنگیمان هەبووە لەسەر ئەم پرۆسەیە، (فیدراسیۆنی ڕێکخراوە) (قوتابی و خوێندکاری) یەکان بەهەموو ڕەنگەکانیەوە ، هەمیشە هاوبەش و هاوڕابوون لەسەر نۆێکردنەوەی ئەم

پرۆسەیەی، کە پەیوەست و کاریگەرە بەسەر هەموو لایەن و بوارەکانی تری ژیان (ئەلف و بێ ی) بیناکردنی وڵات و کۆمەڵگە لەوێوە نیشان و دیاردەکرێت.

– بەڕێزان .........

جێگەی خۆیەتی سوپاس و پێزانینمان بگەیەنینە لایەنە پەیوەندارەکان کە بەبایەخەوە لەم پرۆسەیە دەڕوانن بۆ بەدەنگەوە هاتن و دەرگاکردنەوەیان لەسەر پێشنیارەکانمان و پێشوازی کردنی بەرنامە پرگۆڕانکارییەکانمان بەتایبەتیش وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی پەروەردەیی لە پەرلەمانی کوردستان و ستایش و سوپاسی تایبەتیمان بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی جەنابی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) بۆ پاڵپشتی و دەست گرتنمان بۆ ئەم پرۆژانە کە پێشکەشی کردووین بۆ گەیاندنی خزمەتێك لەم بوارەدا.

– خۆشەویستان ....

ئاشکرایە کە فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان جگە لە هەنگاوە ڕۆژانەو بەردەوامەکانی ماوەیەك بەرلە ئێستا کۆنفرانسێکی پەروەردەیی گرینگی گرێدا بە هاوکاری چەندین پسپۆری بواری پەروەردەیی و مامۆستاو ڕۆژنامەنووسان و خەمخۆرانی پرۆسەی پەروەردە ، کە بەهیمەت و کاری جدی هەموو لایەك کۆمەڵێك پێشنیار و بەرنامە بۆ ماوەی کورت و درێژی داهاتووی پەروەردە لە کوردستانی لێکەوتەوە کە بۆ بۆنەیەکی لەو شێوەیە جێگەی گرنگی و بایەخ دانە.

- بەشداربووانی هێژا :

لێرەوە فیدراسیۆن بەڵێن دووپات دەکاتەوە هاوکاروهەماهەنگی دەزگا پەروەردەییەکان بێت و داوامانە بەم خاڵە گرنگ و پربەهایانە دا بچینەوە بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو پێکانی ئامانجی هەموو لایەکمان لەم گۆرانکارییە لەوانەش:

١- بیناکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی لەسەر بنەمای کەسیەتی و زانستی و دروست کردنی ژیانی هاورێیەتی و خۆشەویستی لە نێوانیان بۆ ئەوەی قوتابی بە پەرۆشەوە بێت بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری.

٢- ئاواکردنەوەی کەسیەتی تاك لەباری پەروەردەوە، بۆ ئەوەی تاکێکی بەرهەمهێن و سوود بەخش بێت و پشت بەخۆبەستن ببێتە پرەنسیپی کۆششەکانی بۆ داهاتوو.

٣- لادان و گۆڕانکاری، پێداچوونەوە بەرێساو یاسا کۆن و پەککەوتووەکانی سەردەمانی پێشووتر کە ڕژێم ویستوویەتی تاکی کوردی کۆت و بەند بکات و لەزانست خوازی داببڕێت

کە سستەمێکی ئاسانکار بوو بۆ روخانی و دوور کەوتنەوەی لە بەر پرسیارییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٤- لە سۆنگەی باوەر بوونی کۆمەڵگەی کوردی و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە پێکەوە ژیان و ماف گەلانی دیکە کە لە کوردستان دەژین داواکارین زمانی زگماکی هەر گەل و نەتەوەیەك بایەخی پێبدرێت و هەموو لایەك زەمینەی ئەوەیان بۆ برەخسێت بە زمانی زکماکی خۆیان بخوێنن هەروەها

زمانه گرینگەکانی جیهان بایەخی پێ بدرێت بەپێی ئەو پرنسیپەی کە هەر زمانێك مرۆڤێکه.

٥- لایەنی هونەری و چالاکییە وەرزشییەکان کەوزەیەکن لە (قوتابیان و خوێندکاران) دا هەیە پەرەی پێ بدرێت و ببێتە بەشێك لە پەروەردەو پێگەیاندن و ئامرازەکانی ئەم بوارە لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دابین بکرێت.

٦- وانەکانی ئاینی بەیەکسانی بەیەك چاو سەیربکرێن و لە قۆناغەکانی خوێندن بۆ ژیان بخوێنرێن و بنەماکانی یەکتر قبول کردن و لێبوردەیی و یەکسانی تێدا بەرجەستە بکرێت مایەی دوور کەوتنەوەی تاکەکان بێت لە توندوتیژی و چەقبەستن.

٧- ئەزموونی قوتابخانە نموونەییەکان و هاورێیەکان، سەرکەوتوو بوو خوازیارین لەمەو دوا بایەخی زیاتری پێ بدرێت و پەرەبسێنێت هەموو شارو شارۆچکەو ناوچەکان، بەبێ جیاوازی بگەرێتەوە بەتایبەتی لە دابین کردنی کەرەستەی خوێندن و باڵەخانەو ژینگەی لەبارە گونجاو بۆسەر جەم قوتابخانەکانی کوردستان.

٨- (قوتابیان و خوێندکاران بەچەکی زانست و پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانی و مەدەنی بە پێ ی بنەماکانی دیموراسیەت گوش بکرێن، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی دوارۆژی ئەم وڵاتە بکەوێتە دەست خەمخۆران و نەوەیەك کە بەتەنگ کێشەو داخوازییەکانی گەلی کوردستانەوە بێت.

٩- میتۆدێکی نویێ دابنرێت بۆ وانە پڕاکتیکییەکان بۆ ئەوەی هزر و فکری (قوتابیان و خوێندکاران) کراوە ترو ڕۆشنتر بکرێت و شێوازی تاقی کردنەوەوئەزموونەکان لە ئاستی سەردەم بن.

١٠- خوێندنی پیشەیی بایەخی پێ بدرێت و دەرچووانی بوارە جیاجیا کانی پیشەیی بە پێی پسپۆریان سوودیان لێ وەربگیرێت.

١١- باخچەی ساوایان و خوێندنی سەرەتایی و بنیات بەهەند وەربگیرێت، بۆ ئەوەی کاری پەروەردە لە قۆناغەکانی دواتر ئاسان بکات.

١٢- پێداچوونەوە بە سیستەمی وەرگرتنی ( قوتابیان و خوێندکاران ) لە (قبول مرکزی) و ڕەچاوکردنی ویست و خواستی قوتابیان و خوێندکاران لە هەڵبژاردنی پسپۆری چارەنووسی خۆیان لە ژیانی پەیمانگاو زانکۆییدا ، کە ئەمەش هەوێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی خوێندنێکی باڵای بەهێز کە دوا قۆناغی خوێندنە.

١٣- گرینگیدان بەنوێنەرو لیژنەی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی پۆل و بەش و قوتابخانە،بەشداریکردنیان لەسەر ئاستی پەروەردەیی قەزاو پارێزگایەکان و وەزارەت، بە مەبەستی ڕاوەرگرتن و هەماهەنگی کردن و بەشداریکردن لەو بریارانەی کە پەیوەستن، بە چارەنووسی قوتابیان و خوێندکارانەوە، بەمەشیان هەستکردن بە ئیلتزام لەلایەن خودی قوتابیان و ڕێنمای و یاسایەکانی بەرپرسایەتی پەروەردەیی دروست دەبێت.

١٤- دوا خاڵ، داوای هەبوونی سیستەمێکی گشتگیرو سەرتاسەری بەپێ پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت ئازادی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری پۆل دەکەین لە قۆناغە جیاجیایەکانی خوێندن، کەتیایدا ماك ی حزبایەتی کاڵ بکات و لایەنی

بەهرەو توانا و کەسایەتی ژیرو لێهاتوو تەندروست بۆ کۆمەڵگەمان بەرهەم بهێنێت.

لە کۆتاییدا ، دووپاتی دەکەینەوە کە بە هەموو توانامان هاوکار و پاڵپشتی دەرئەنجامەکانی کۆنگرە و دەزگا پەروەردەییەکان دەبین بۆ هەموو هەوڵ و پرۆژەیەکی لەم شێوەیە بە تایبەتی لەکارکردن بۆ دەست نیشان کردنی ڕێنوس و زمانی ستاندەری کوردی کە بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە سیما نەتەوەییەکانی هەموو جیهانە کە بۆ ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستان و ئاییندەی نەتەوەییمان خاڵێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە.

سەرکەوتووبێ کۆنگرەی پەروەردەیی و بەئومێدی پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست بە سیستەمێکی مۆدرێن.

## وتاری لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پەروەردەیی

**میوانانی بەڕێز:**

ئامادەبوون و بەشداریکردنتان لە کۆنگرەی پەروەردەیی نیشانەی هاوکاری بەردەوامتانە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆگرامەکانی و کە بەرەوە چاکسازی سیستەمی پەروەردەیی دەڕوات.

بەناوی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە زۆر سوپاستان ئەکەین بۆ هاوکاریتان هیوادارین بەشداری کردنتان لەم کۆنگرەیە پاڵپشتێك بێت بۆ دەوڵەمەند کردنی کۆنگرەکە و بەدیهێنانی سەرکەوتن کە لە خزمەتی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن بێت.

وەزارەتی پەروەردە سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی ئەو هەوڵە جدیانەی وەزیرە بەڕێزەکان و لێپرسراوانی پێشوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە ڕۆژی دامەزراندنی هەروەها ئەوانەی هەوڵ و تەقەلایان داوە بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

## بیرۆکەی کۆنگرە:

١- بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی لە ئابی ساڵی ٢٠٠٦ هاتەکایەوە بۆیە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا چاو بە پرۆسەی پەروەردە چاوبخشێنێتەوە.

لە کوردستان بۆئەوەی شان بەشانی ئەو پێشکەوتووانەی لە وڵاتانی دەرەوەو کۆمەڵگەی مەدەنی بەدی دەکرێت بروات.

ئەو بڕیارەش لەسەر ڕۆشنای دیدی سەرکردایەتی سیاسی کورد بوو کە دەبێ بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بڕۆین.

٢- بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەلسەفەیە وەزارەت بیری لەوە کردەوە کە دەبێ پرۆگرامێکی چاکسازی و سیستەمی فێرکردن لەسەر بنەمای ئامادەکردن و گەشەپێدانی توانای قوتابی و خوێندکار بێت چونکە ئەوان هەوێنی بنەڕەتی کۆمەڵن.

٣- لیژنەی باڵای کۆنگرە پێك هات و (١٦) لیژنەی تایبەت بە تەوەرەکان پێك هات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشنیار و چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و شار و شارۆچکەکان ئەنجام دران جگە لە (٣) کۆنفرانس لە پەروەردەی هەولێر - سلێمانی - دهۆك ئەنجامدرا.

٤- لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی هەموو ئەو ڕاپۆرت و پێشنیارانەی ئامادەکرابوون لە لایەن لیژنەی تەوەرەکان کردە یەك ڕاپۆرتی تێر و تەسەل ئەمەش لە ئەنجامی چەند کۆبوونەوە کە چەندین مامۆستا و شارەزایان و پسپۆران لە بواری پەروەردە و فێرکردن بە مامۆستایانی زانکۆکان و ڕێکخراوە

حکومیەکان و نا حکومیەکان و بەشداریان تێدا کردبوو. ئەو ڕاپۆرت و پێشنیارە خۆی لە (٣) کتێب گرتەوە.

**ئامادەبووانی بەڕێز:**

گرنگی ئەو کۆنگرە لەوە دایە کە ژمارەیەکی زۆر لەپسپۆڕان و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و ڕۆشنبیران لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەشداریان کردوبیرو بۆچوونی زانستیان پێشکەش کرد، کە دەبێتە هۆکارێك بۆگۆڕینی باری فێرکردن لە کوردستان کە زامینی گەشەپێدانی سیستەمی پەروەردە دەکات، بۆئەوەی بگاتە ریزی ولاتانی پێشکەوتوو.

برایان: ئەوانەی لەم کۆنگرەیە بەشدارن نوێنەرایەتی چینی کۆمەڵ دەکەن نزیکەی (٣٥٠) کەس لە شارەزایان لە بواری پەروەردە بەشداری لە گفتوگۆ کردن دەکەن بۆ گەلاڵەکردنی (بەلوەرە) کردنی بیروبۆچوون و پێشنیارەکان.

داوەت نامە ئاراستەی ٢٥ کەسایەتی کورد و عەرەب و بیانی کرا بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەلەوانەی ئارەزووی بەشداریان هەبوو و کاتیان گونجاو بوو.

دانیشتنی ئێوارە تەرخان کراوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر لێکۆڵینەوەی میوانانی دەرەوەی هەرێم ئەوانەی لە ولاتانی ئەڵمانیا – سوید – هۆلندا – نەرویج هاتبوون بەیانی ڕۆژی دووەم تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی تەوەرەکان بەشێوەی گروپ بۆ زیاتر وردبوونەوە لە تەوەرەکان ئەندامانی کۆنگرە دابەش کران بەسەر (١٠) گروپ بەم شێوەی خوارەوە.

## بەشی دووەم

**چالاکییەکان:**

ئەو چالاکییانەی دەربارەی کۆنگرەی پەروەردەیی ئەنجام دراون:-

بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی و سەرکەوتنی بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باش بەدی بێنی ئەم چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام دراوە.

١- پێك هێنانی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی پەروەردەیی بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٥٢) لە ٢٠٠٦/٧/١٦ بە سەرۆکایەتی وەزیری پەروەردە و ئەندامیەتی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پەروەردی گشتی پارێزگاکان و نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ ئامادەکردنی تەوەرەکانی کۆنگرە .

٢- بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٦٣) لە ٢٠٠٦/٧/٢٧ بەڕێز کەوکەز حسێن عزیز بەڕێوەبەری گشتی دیوان بە جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆنگرە دەستنیشان کرا.

لیژنەی باڵای کۆنگرە بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری پەروەردە و ئەندامیەتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوەبوو:-

| ژ | ناوی سیانی | بەش |
|---|---|---|
| ١ | کەوکەز حسێن عزیز | ب.گ. کارگێڕی |
| ٢ | یاسین عثمان حسن | ب.گ. لە دیوانی وەزارەت |
| ٣ | قرەنی اسود مولود | ب.گ. لە دیوانی وەزارەت |
| ٤ | بشارەت عبدالواحد عبدالقادر | ب.گ. لە دیوانی وەزارەت |
| ٥ | پاکیزە طلعت عبد الصمد | ب. گ. پەروەردەی هەولێر |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | حسين مصطفى على | ب. گ. پەروەردەی سلێمانی |
| ٧ | حميد صالح عبو | ب. گ. پەروەردەی دهۆك |
| ٨ | برهان عبدالله عادل | ی.ب. گ.پەروەردەی هەولێر |
| ٩ | عفان عثمان حسام الدين | س.یەکێتی مامۆستایانی کوردستان /هەولێر |
| ١٠ | محمد حسن جوجه | س.یەکێتی مامۆستایانی کوردستان /سلێمانی |
| ١١ | عمرطاهرمعروف | شارەزا لە دیوانی وەزارەت |
| ١٢ | محمد عبدالحكيم محمد | شارەزا لە پەروەردەی گشتی سلێمانی |
| ١٣ | جمال صادق احمد | ب /راگەیالندن لە دیوانی وەزارەت |
| ١٤ | انور ابراهيم رشيد | ب. گ. سەرپەرشتیاری |

٣- لە رۆژی ٢٥/٧/ و٢٠٠٦/٨/٩ یەکەم و دووەم کۆبونەوەی لیژنەی بالآی گۆنگرە ئەنجامدرا بۆ دانانی میکانیزمێك خۆ ئامادە کردن بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی پاشان چەندین رێنمایی و پێشنیار پیشکەش کرا بۆ ئەم مەبەستە .

٤- بە پێی فەرمانی ژمارە (١٠٧٥٦) لە ٢٠٠٦/٧/٢٥ لیژنەی تەوەرەکان دەست نیشان کرا.

قۆناغی یەکەم/ دەست پێکردن بە کارکردن لە دەست نیشان کردنی تەوەرەکان.

## لیژنەی تەوەرەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی

### ١. لیژنەی گەشەپێدان وپێداچونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن

| ژ | ناونیشانی وەزیفی | |
|---|---|---|
| ١ | بەرێوبەری گشتی پرۆگرام | سەرۆك |
| ٢ | بەڕێوەبەری پرۆگرام لە دیوانی وەزارەت | ئەندام |
| ٣ | بەرپرسی بەشی پرۆگرام ب.گ.پ/هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ئەندام |
| ٤ | نوێنەری خویندنی بالا/ | ئەندام |
| ٥ | نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ئەندام |
| ٦ | نوێنەری لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان/ | ئەندام |
| ٧ | نوێنەری چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر/سلێمانی/ | ئەندام |
| ٨ | شارەزایەك لە هەر بابەتێکی قۆناغەکانی خوێندن/ | ئەندام |

٢. ليژنەی دەستەی مامۆستایان

| ژ | ناونیشانی وەزیفی | |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی لەدیوانی وەزارەت | سەرۆك |
| ٢ | نوێنەری لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی كوردستان | ئەندام |
| ٣ | نوێنەری یەكێتی مامۆستایانی كوردستان لقی هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ئەندام |
| ٤ | سەرپەرشتیاری پسپۆری لەب.گ.پ/هەولێر/سلێمانی/دهۆك | ئەندام |
| ٥ | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ب.گ.پ/هەولێر/سلێمانی/دهۆك | ئەندام |
| ٦ | (٥) بەڕێوەبەر هەریەك لەوانە بەڕێوەبەری: باخچەی ساوایان- سەرەتایی- دواناوەندی- پەیمانگاكان- پیشەییەكان/ | ئەندام |

٣. لیژنەی گەشە پێدانی دەزگای سەرپەشتیاری پسپۆری و پەروەردەیی

| ژ | ناونیشانی وەزیفی | كار |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاری/ | سەرۆك |
| ٢ | بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری پسپۆری لەدیوانی وەزارەت/ | ئەندام |
| ٣ | بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەدیوانی وەزارەت/ | ئەندام |
| ٤ | سەرپەرشتیاری پسپۆری یەكەم لەب.گ.پ هەولێر / سلێمانی / دهۆك/ | ئەندام |
| ٥ | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەكەم لەب.گ.پ هەولێر/ سلێمانی/ دهۆك/ | ئەندام |

## ٤. لیژنەی ئەزموونەکان

| کار | ناونیشانی وەزیفی | ژ |
|---|---|---|
| سەرۆك | بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان/ | ١ |
| ئەندام | بەڕێوەبەری ئەزموونەکان لە دیوانی وەزارەت/ | ٢ |
| ئەندام | بەڕێوەبەری بروانامەکان لە دیوانی وەزارەت/ | ٣ |
| ئەندام | بەڕێوەبەری ئەزموونەکان لەب.گ.پ هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ٤ |
| ئەندام | بەڕێوەبەری بروانامەکان لەب.گ.پ هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ٥ |
| ئەندام | چەند کەسانێکی لێهاتوو پسپۆر لە بواری ئەزموونەکان-بروانامەکان/ | ٦ |

## ٥-لیژنەی میلاکات

| کار | ناونیشانی وەزیفی | ژ |
|---|---|---|
| سەرۆك | بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ | ١ |
| ئەندام | بەڕێوەبەری میلاکات لە دیوانی وەزارەت/ | ٢ |
| ئەندام | چەند کەسانێکی لێهاتوو پسپۆر لەبواری میلاکات لە هەرسێ ب.گ.پ/ هەولێر/سلێمانی/دهۆك لەلایەن سەرۆکی لیژنە دەست نیشان دەکرێن وەکو ئەندام بەمەرجێك لیژنەکە لە(١٠) ئەندام زیاتر نەبێت | ٣ |

٦-ليژنەی پێداچوونەوەی سیستەمی قوتابخانە – خوێندنگەکان

| ژ | ناونیشانی وەزیفی | کار |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزارەت/ | سەرۆك |
| ٢ | نوێنەری لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان/ | ئەندام |
| ٣ | نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر-سلێمانی-دهۆك/ | ئەندام |
| ٤ | نوێنەری کاروباری قوتابیان-خوێندکاران لەب.گ.پ هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ئەندام |
| ٥ | چەند کەسانێکی لێهاتوو وەکو ئەندام بە مەرجێك لە(١٠) ئەندام زیاتر نەبێت | |

٧-لیژنەی پەرە پێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی

| ژ | ناونیشانی وەزیفی | کار |
|---|---|---|
| ١ | ڕاوێژکار لە دیوانی وەزارەت/ | سەرۆك |
| ٢ | نوێنەری ڕاگەیاندن لە دیوانی وەزارەت/ | ئەندام |
| ٣ | نوێنەری ڕاگەیاندنی لەب.گ.پ هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ئەندام |
| ٤ | نوێنەری تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە سلێمانی/ | ئەندام |
| ٥ | نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری/ | ئەندام |
| ٦ | چەند کەسانێك کە لە بواری ڕاگەیاندن کار دەکەن بە مەرجێك لیژنەکە لە(١٠) زیاتر نەبێت | |

٨. ليژنەی چالاکی وەرزش و دیدەوانی وچالاکی قوتابخانەو خوێندنگەکان

| کار | ناونیشانی وەزیفی | ژ |
| --- | --- | --- |
| سەرۆك | بەڕێوەبەری گشتی وەرزش وهونەر لەدیوانی وەزارەت | ١ |
| ئەندام | بەڕێوەبەری چالاکی وەرزش وهونەر لەدیوانی وەزارەت | ٢ |
| ئەندام | بەڕێوەبەری چالاکی وەرزش ودێدەوانی لەب.گ.پ هەولێر/ سلێمانی / دهۆك/ | ٣ |
| ئەندام | ب/ چالاکی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان لەدیوانی وەزارەت | ٤ |
| ئەندام | نوێنەری چالاکی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان لەب.گ.پ هەولێر/ سلێمانی / دهۆك/ | ٥ |
| ئەندام | س/ پسپۆری وەرزش لەب.گ.پ هەولێر/ سلێمانی/ دهۆك/ | ٦ |
| ئەندام | س/ پەروەردەی وەرزش لەب.گ.پ هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ٧ |
| ئەندام | س/ پسپۆری هونەری لەب.گ.پ هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ٨ |
| ئەندام | س/ پەروەردەی هونەر لەب.گ.پ هەولێر/سلێمانی/دهۆك/ | ٩ |

### ٩. ليژنەی خويندنی عەرەبی – سريانی – توركمانی

| ژ | ناونيشانی وەزيفی | كار |
|---|---|---|
| ١ | راوێژكاری خوێندنی توركمانی/ | سەرۆك |
٢٦- جیگری لقی ماموستایان

میوانانی پارێزگای سلیمانی

١- مەلا بەختار وتەبێژی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)ئەندامی مەکتەبی سیاسی

| | |
|---|---|
| ٢-م. رۆستەم | سەرۆکی دەستەی پەیمانگەکان |
| ٣-د. علی سعید | سەرۆکی زانکۆی سلیمانی |
| ٤-دانا احمد مجید | پاریزگاری سلێمانی |
| ٥- د. خضر معصوم | سەرۆکی زانکۆی کۆیە |
| ٦- عمر . حمه صالح | ڕاوێژکاری جێگری سەرۆکی هەرێم |
| ٧- ئاکۆ رشید | ب.گ بیناسازی خانەنشین |

| | |
|---|---|
| ٨- د. شەونم عبدالقادر | وەزیری پەروەردەی پێشوو |
| ٩- امیرە محمد امین | ب.گ خوێندنی گشتی /خانەنشین |
| ١٠- ڕاگری کۆلیژی پەروەردە | زانکۆی کۆیە |
| ١١- ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنیات | زانکۆی کۆیە |
| ١٢- ڕێبین هەردی | ڕۆژنامەنووس |
| ١٣- هەڵکەوت عبدالله | ڕۆژنامەنووس |
| ١٤- محمد نوری توفیق | ڕۆژنامەنووس |
| ١٥- ئومید کاکە ڕەش فەرج | ب. نەهێشتنی نەخوێندەواری |
| ١٦- مصطفی صالح | نووسەرو ڕۆژنامەنووس |
| ١٧- جمال عبدول محمد | وەزیری ڕۆشنبیری پێشوو |
| ١٨- فواد عمر قەرەداغی | نووسەر |
| ١٩- د. کمال میر ئاوەلی | نووسەرو ڕەخنەگر |
| ٢٠- د. توفیق صابر | |
| ٢١- حسام صالح کریم | ڕۆشنبیر |
| ٢٢- کامەران لطیف حمە امین | |
| ٢٣- مەریوان عمر | نووسەر و ڕۆژنامەنووس |
| ٢٤- شیرزاد حسن سلیمان | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی |
| ٢٥- امل جلال | بەڕێوەبەر |

**میوانانی دهوك**

١- سەروکی زانکو
٢- راگری کولێژی پەروەردە
٣- راگری کولێژی پەروەردەی بنیات
٤- موئید طیب احمد
٥- سگفان جمیل احمد
٦- صبیح جمیل احمد
٧- داود قادر عبد
٨- د.نورالدین عبدالله
٩- ادریت عود یشو
١٠- حسن حاجی لقمان
١١- لطیف احمد عبدالرحمن
١٢- حمد امین محمد صالح
١٣- حمید صالح عەبۆ

**میوانانی دەرەوەی وڵات**

١- کریم مصطفی
٢- کۆسار عزت
٣- هومەر قەرەداغی
٤- فرهاد شاکەلی
٥- فایق سەعید
٦- پرژین مجید
٧- یوسف عبدالله
٨- سەروەر عبدالله
٩- جوامیر محسن

**ئەندامانی پەرلەمانی عێراق:-**

| | |
|---|---|
| ١- د. علاو مکی عبدالرزاق | رئیس |
| ٢- السید مخلص الزامل | نائب |
| ٣- د. ژیان انور رشید | مقرر |
| ٤- د.لیلی محمد فرحان | عضو |
| ٥- د. اسماعیل شکر | عضو |

**وەزارەتی پەروەردە - بەغداد**

| | |
|---|---|
| ١- عدنان ابراهیم محسن | بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی باڵا |
| ٢- عماد حسن حسین | بەڕێوەبەری پلان |
| ٣- حسین یارة الجاف | بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی کوردی |

## ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

١- نازناز محمد
٢- سوزان شهاب
٣- جنان حاجی سلیمان
٤- د. شکریه رسول
٥- اسعد شاکر
٦- ڤیان دزەیی
٧- ماموستا محمد احمد صالح
٨- پیر خدر سلیمان
٩- عثمان عبدالله
١٠- کەژال مجید
١١- غفور مخموری
١٢- باپیر کامەلا
١٣- د. رۆژان دزەیی
١٤- رمزیه احمد
١٥- چرۆ محمد امین
١٦- بایزار ملکۆ
١٧- دلێر شاویس
١٨- جمال شمعون أیه
١٩- سهام انور ولی
٢٠- شیروان حیدری
٢١- عثمان بانیمارانی
٢٢- کرخی ئالتی برماخ

## میوانی پەروەردەی گشتی لە هەولێر

١- محمد اسماعیل
٢- عبدالهادی سلیمان
٣- کمال عبدالکریم غیدان
٤- وداد خالص
٥- بشاره عبدالواحد
٦- یاسین عثمان حسن
٧- سارلا محمد عیمان
٨- جمال حمد امین
٩- حلیمه طه حسن سنماوی
١٠- عبدالواحد عزیز داود
١٢- د. شهبال معروف
١٣- تحسین احمد عبد الصمد
١٤- عبدالرحمن امین صالح
١٥- د. گیان کامل البصیر
١٦- د. عبدالواحد دیبەگەی
١٧- عوسمان فرج
١٨- د. عبدالله ئاگری
١٩- فؤاد حمید ذنون
٢٠- مکی محمد فتاح
٢١- جلیل عبدالله
٢٢- د. نوزاد حسن

١١- سالار خضر

١٢- سردار سوار

١٣- د. سامیه شاكر

١٤- سۆران عزالدین فیچی

١٥- د. وصفی طاهر

١٦- غازی محمد اسماعیل

١٧- حمد امین حمه رشید

١٨- عمر یوسف حمد

١٩- سالح عبدالله مصطفی

بەشداربووان لە ڕێكخراوەكانی دەرەوە و ناوەوەی هەرێم:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Birish council | ١ | New project | | ١ |
| World Bank | ٢ | ILEARN | | ١ |
| UNICEF | ٦ | Kurdistan save childern | | ١ |
| UNDP | ٢ | Guardian professional | | ١ |
| USaid | ٢ | ELT Gazette | | ١ |
| RRT | ٧ | Kamal Draey | | ١ |
| British consulate | ١ | Ishiq& Nulfer reps | | ٣ |
| CFBT | ١ | UNISCO | | ١ |
| Dankurd | | Fazalar | | ٤ |
| Operation Mercy | ٢ | KRG Investment board | | ١ |
| MEDES | ١ | فاتیح جیكوز | كۆمپانیای فەزالەر | |
| Step | ٢ | سلام رقیب | | |
| Choufait school | ٢ | وەصفی یاسین | | |
| American University | ٢ | طالب بیوك | | |
| IKMAG | ٤ | د. رحنا | كۆمپانیای نیو پرۆجكت | |
| Astera org | ٢ | | | |
| Bitmedia | | | | |
| Macmillan | ٢ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Garnet | ٣ | | |
| Dayan | ١ | | |
| Diyar Co. | ١ | | |
| Al- Ghuraire | ١ | | |
| Liban du liberarie | ١ | | |
| AmidEast | ١ | | |
| University of Education | ١ | | |
| Institute of Education | ١ | | |

## بەشی هەشتەم

## رۆژنامەی كونگرە

**پـەروەردەی هاوچـەرخ بنـچینەی پەرەسـەندن و پێـشكەوتنی كۆمەڵگـەی كوردستانییە بۆ زیاتر ئاشـنابوون بـە ڕاوبۆچـوونی ئەنـدامان و میوانـانی كۆنگرەكـە لـە سـەر هەوڵـەكانی گۆڕانكـاری هاوچـەرخ كردنـی پرۆسـەی پەروەردە . ئەم ریپۆرتاژەمان ئامادەكرد :**

**سەرەتا دارا محەمەد ئەمین وەزیری ژینگەی حكومەتی هەرێم گوتی :**

دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروردە دەكەم بۆ بەستنی ئەم كۆنگرەیە ، كە پێمان وایە ئەم كۆنگرەیە كۆڕانكاری لە پرۆسە پەروەردەییەی كە بە درێژایی مێژوو بە شێوازیكی نادروست هاتووە بۆیە دەبێ گۆڕانكارییەكە هەموو بارودۆخەكانی ئێستای كوردستان و كەلتووری وڵات و ئەو پێشكەوتنانەی ئەمڕۆی دونیا لە خۆ بگرێت یەكێك لەو بوارە گرنگانەی كە ئێمە مەبەستمانە بابەتی هۆشیاری ژینگەیە كە بەڕاستی دەمانەوێت لەم گۆڕانكاریانەی بەسەر پرۆسەی پەروەردەدا دێن هۆشیاری ژینگەیی ڕۆڵی خۆی ببینێت كە خەڵكی ئێمە هۆشیار بێت چونكە پێمان وایە ژینگە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بوارەكانی زانستەوە هەیە، پەیوەندی بە دروستكردنی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیەو پەیوەندی بە هۆشیار كردنەوەی قوتابیانەوە هەیە. دروست بوونی كەسایەتی مرۆڤەكان خۆیان بەرێز گرتن لەو دەوربەرەی كە تێیدا دەژین، بۆیە دەبێت جێگەی ژینگە دیارو لە بەر چاو بێت لە ناو ئەو پرۆسەی كە ئیستا بەرێوە دەچێت وەكو پێشنیاریش كراوە دەبێت هۆبەیەكی ژینگە لە وەزارەتی پەروەردە دروست بكرێت كە كاری هۆشیاری ژینگەیی بێت لە قوتابخانەكاندا كە

بوارێکی زۆر گرینگە، چونکە پێمان وانییە گۆڕانگاری لە کۆمەڵگە دروست بێت ئەگەر بێت و ئەو بوارە لە بەر چاو نەگیرێت کە دروستکردنی نەوەیەکی نوێنە و لە سەر ئەو ئاستە هۆشیارییە کە ئەمڕۆ لە دونیا بەڕێوە دەچێت .

**حوسین مستەفا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی :**

من گەشبینم بە بەرنامەکانی کۆنگرە .... ئومێد دەکەین کۆنگرەکەمان سەرکەوتوو بێت بۆ نەهێشتنی . کێشەکانی پەروەردە بۆ پیشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە بۆ گەیاندنی پەروەردەی کوردستان بە سیستەمێکی شارستانی وەکو وڵاتانی پێشکەوتووە و ئومێد دەکەین گەلێك دایەلۆك بکەین لە گەڵ ئەم هەموو پەروەردەکارانە و ڕۆناکبیرو شارەزایانە لەم بوارەدا بۆئەوەی بەرهەمێکی باشی هەبێت .

**عەلی سالار محەمەد حوسێن: بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی :-**

هیوادارم پرۆگرام بە شێوەیەکی گشتی و پرۆگرامی پەروەردەی وەرزشی بە شێوەیەکی تایبەتی گۆڕینیکی تێدا بکرێت کە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا بگونجێت و ئەو کێشەو گرفتانەمان نەمێنێت بەڕاستی پەروەردە بنەمایەکە بۆ هەموو شتێك بۆ گۆڕین لە ژیاندا .

**... وارتيكس مۆسێس سەركيسيان بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆك :**

كۆنگرە تيكە ژيينشكەفتنا پرۆسا پەروەردەێ هەر چەند سالێ جارەك كۆنگرە دهێتە بەستن ئەڤ كۆنگرێ كو نوكە هاتيە بەستن بێت دخوازتينە چونكی دەمێ ئەزموونانە ئەو مامۆستايی ل تەوەرا پشكدارییاكونگرێ دكەن پتر ڕيڤەبەرێ قوتابخانەو سەرپەرشتيارو ناچار بروينە قوتابخانا خۆ هێلاينە هاتينە كۆنگرێ ئەگەرا دروستبونا هندەك ئاريشە ل ئەزموونا جێيت كۆنگرە ل دەم تەوەر پێك دێت داخوازين ئومێدەوارين برياری باش مجەبێنيت بۆ پێشڤەچوونا پرۆسا پەروەردێ و گۆڕينی بواری ئەزموونەكان پاشەڕۆژەكا باش بۆ قوتابيان و ماموستايان دەست نيشان بكات .

**- هوشيار خال : بەڕێوەبەری گشتی پە يمانگەكان و مەشقكردن**

- بەو كۆنگرەيە دلخوشم چونكە دەبێنم جياوازی هەيە لە گەڵ كۆنگرەكانی ديكەو هيوادارم ئەم كۆنگرەيە ببێتە دەروازەيەك بۆ كۆڕانكاری لە پرۆسەی پەروەردەدا چونكە ئەم بڕيارانەی لە كۆتايی ئەم كۆنگرە دەردەچێ جێبەجێ دەكرێت و پێويستە ئەو ليژنەيەی لە وەزارەت پێك دێت بۆ جێبەجێكردنی بڕيارەكانی كۆنگرە هەولێكی بۆ بدات بۆ جێبەجی كردنی خاڵەكان، بەڕێوەبەرايەتيەكەمان دوو ڕاپورتی لە دوای چەندين كۆڕو كۆبوونەوە ئامادەكردووە يەكەميان پێشنيازەكانە دووەم بريتييە لە دانانی پێشنيار بۆ چارەسەركردنی گيروگرفتەكان بۆ ئەوەی ئاستی پەيمانگەكان بەرەو پێشەوە ببەين.

**عەبدولعەزیز سەرحان بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی سەرەتایی و باخچەی ساوایان و نەهێشتنی نەخوێندەواری:-**

-کۆنگرە (١٠) تەوەر لە خۆ دەگرێت یەك لەو تەوەرانە کە بایەخی تایبەتی هەیە ، نەهێشتنی نەخوێندەواری و باخچەی ساوایان و خوێندنی سەرەتاییە، ئەم تەوەرانە یەکەم تەوەرن لە کۆنگرەدا گفتو گۆیان لە سەر دەکرێت. چونکە قۆناغی سەرەتایی قۆناغێکی گرنگە بۆ خۆ ئامادەکردنی منداڵ هەر لە باخچەی ساوایانەوە ئێمە دەبێت بایەخێکی تەواوی پێ بدەین و خەریکین لە قۆناغی پۆلی یەکەم تا شەشەم درێژەی پێ بدرێت بۆ پۆلی حەوت و هەشت و نۆ وەك هەندێك وڵاتی دەوروبەری ئێمە ئەم تەوەرە گفتوگۆی لە سەر دەکرێت کە هەندێك پێداویستی پێدەوێت یەك لەوانەیە ئەم ئەزموونە پێش ماوەیەك لە شاری دهۆك پێڕەومان کرد کە بۆ پۆلی یەك و دووی ناوەندی درێژەمان کردووە دوای پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە هەمان قوتابخانەی سەرەتایی بەو ئاراستەی ئەبوو بتوانێت ئەو قۆناغە بە تایبەت قۆناغی یەکەم و دووەم بلێتەوە لە بەر ئەوەی ئێمە بەردەوام نەبووین لەم سیستەمە تا پۆلی حەوت و هەشت و نۆ ، دەبێت گۆڕانکاری بکەین لەو مامۆستایانەی لە قۆناغی سەرەتایی دادەمەزرێن ئایا هەر دەرچووی پەیمانگەی مەڵبەندی بن یان دەرچووی کۆلێژی بنیات یان کۆلێژەکانی دیکە بن.

**ڕەشاد قادر ئۆمەر بەڕێوەبەری بڕوانامەکان لە دیوانی وەزارەت**

-بێگومان ئەوە یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەیە لە سەر ئاستی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دوای یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکەی پەروەردە ئیدارەی هەولێرو ئیدارەی سلێمانی دەبەسترێت، کە هیوادارم کۆنگرەکە سەرکەوتوو بێت لە هەموو تەوەرەکان و خزمەتی هەرێمەکەمان بکات بە تایبەتی چینی قوتابی و مامۆستا و پەیوەنداران بە بواری پەروەردە.

من کە بەڕێوەبەری بڕوانامەکانم لە وەزارەتی پەروەردە و ئەندامم لە تەوەرەی ئەزموونەکان هیوادارم ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لەو کۆنگرەیەدا چارەسەریان بکەین بە گفتوگۆی چڕوپڕ، ئیمە ئەگەر چی هەندێ فەرمانبەرمان هەن کە زمانەکانی بیانی دەزانن و سیستەمی ئەو وڵاتەیان لایە کە بڕوانامەکەی لێ دەرچووەو لە سەر بنەمای سیستەمی وڵاتەکە بڕوانامەکە بەرامبەر دەکەن بەلام لە گەڵ ئەوەشدا پێویستی زۆرمان بە پسپۆری شارەزای زمانەکان هەیە چونکە ئێمە لە زۆربەی زمانەکان بڕوانامەکان بەرامبەر دەکەین بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و سویدی ودانیمارکی و تورکی و فارسی و عەرەبی و هیندی، چونکە پێویستە لە هەر زمانێك چەند شارەزایەك هەبێت تا لیژنەیەك پێکبهێنین و کاروبارەکان بە شێوەی یەکی زانستی تەواو بڕواو گیروگرفتەکانمان لە کۆڵ بێتەوە لە ڕاستیدا پێویستە ئەوانەی لە بڕوانامەکان کاردەکەن بە تایبەتی ئەوانەی لە لیژنەی بەرامبەر کردنن بنێردرێنە ئەم وڵاتانەی کە ئەوان بڕوانامەکان بەرامبەر دەکەن و لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە بە هەموو شێوەیەك کار ئاسانی بکات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز مان هەبێت لە گەڵ وەزارەتی پەروەردەی ئەو وڵاتانەی کە بڕوانامەکانیان بەڕادەیەکی زۆر وەردەگیرێت .

**سەبریە نامق سالم بەڕێوەبەری باخچەی ساوایان لە دیوانی وەزارەت:-**

ئومێدی زۆرمان هەیە لەم کۆنگرەیەدا شتی باش بکرێت بۆ بنیادنانی دروستی منداڵ کە تا ئاییندەی دوا ڕۆژە: بە ڕاستی هەر کۆمەڵێك بیەوێت پیشکەوێت دەبێت لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکات و تاکو ئیستا ئێمە ژمارەی باخچەی ساوایانمان بە گوێرەی پێویست نییە، دیارە وەزارەتی پەروەردە کە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە پێویستە هەموو منداڵانی قۆناغی سەرەتایی دەرچووانی باخچەی ساوایان بن. و هەولێش دەدەین لە سەر ڕێنماییەکانی بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەو قوتابخانە سەرەتاییانە کە پاشکۆیەکیان هەبێت بۆ منداڵانی پێنج ساڵی بۆ قۆناغی سەرەتایی ئامادەیان بکەن و خزمەت بە دانیشتووانی ئەو شوێنە جوگرافیانە دەکەن کە ڕێژەی دانیشتووانیان زۆرە بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی کەمی باخچەی ساوایان کەم بکەینەوەو ئەو ئاستە بەرز بکەینەوە لە خزمەتکردنی منداڵان و بەتایبەت دایکان و ئەو دایکانەی ئیش و کاریان لە ناو فەرمانگەو دەزگەکانی حکومەتی هەرێمدا هەیە چونکە چاودێری منداڵنیان بار سووکییەکە بۆ ئەوانیش ، دەبێ هاوکاری ئەوانە بکەین چونکە ئومێدم وایە هەنگاوی عەمەلی بۆ چارەسەری ئەم کێشانە بگرینە بەر .

**سەباح ئەحمەد بەڕێوەبەری خوێندنی تورکمانی لە پەروەردەی هەولێر:-**

ئەم کۆنگرەیە زۆر پێویست بوو بەنیسبەت خوێندنی تورکمانی، لەم کۆنگرەیەدا ڕاپۆرتیکی تێرو تەسەلان لە سەر خوێندنی تورکمانی بەرز کردۆتەوە کە تایبەتە بە سیستەمی خوێندنی تورکمانی: سێ جۆرە

سیستەمی پێشنیاز کردووە بۆ ئەو کۆنگرەیە: هەڵبەتە ئێستا سیستەمی خوێندنمان لە قوتابخانەکانمان زۆربەی بەزمانیکی تورکی لاتینیە و تورکمانییەکی رەسەنە بە نیسبەت وەرگرتنی قوتابیان لە هەولێر بۆ قوتابخانەکان زۆر کەمە، پێشنیارمان کردووە خوێندن بکەینە کوردی و تورکی تاکو بتوانین شان بە شانی ئەو باردۆخە بەرەو پێشەوە بچین، هەر وەها ئێمە چاوەروانی ئەم کونگرەیە دەکەین کە پرۆگرامەکان گۆرانیان بە سەر هات ئەوە دەبێت ئێمەش خۆمان لە گەڵ ئەم پرۆگرامەدا بگونجێنین.

**بەهنام شابە /بەڕێوەبەری خوێندنی سریانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر :**

دوا بە دوای کۆبوونەوە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی سریانی لە پەروەردەی گشتی هەولێر و دهۆك لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی سریانی کۆبوینەوە باس لە پێشکەوتنی خوێندنی سریانی لە گەڵ ئەو گۆڕانکاریە سەرتاسەرییەی بریارە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان بکرێت لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندن ئیمەش ئەو شتەی بریاری لە سەر دەدرێت تەنها وەربگێڕدرێتە سەر زمانی سریانی بەلآم پێشنیاری دیکەمان هەیە لە بارەی مێژووی خۆیان لە گەڵ مێژووی ناوچەکەو کورد کوردستان ئەوەی من تێبینی دەکەم و لە تەوەرەی ئێمە کە پرۆگرامەکانە کە کۆمەلێك برادەر لە دەرەوە هاتوون هەریەکە لە وڵاتێك هاتووە باسی ئەزموونی ئەم وولآتە دەکات

..... **خالید هۆشیار / بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنان**

- ئێمە زیاتر کار لە سەر ئەوە دەکەین چۆن دەزگەکانی ڕاهێنان چین وچۆن مەرکەزییەت هەبێت: میکانزمی راهێنان چۆن بیت ئێمە لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا خولی پێشەنگی پەروەردەیی کە زۆر پێویستەی لە گەڵ خولی شیاندن و چۆنیەتی وانە گوتنەوەو مامەڵە کردن لە گەڵ قوتابی . من گەشبینم بەو کۆنگرەیە چونکە زۆر سیمیناری باش پێشکەشکرا لە لایەن ئەو برادەرانەی لە دەرەوە هاتبوون بە ڕاشکاوی لێرە دەڵیم هەر شتێکمان لە دەست چوبێت لە گەیشتنە کاروانی پێشکەوتنی گەلان ئێمە لە ڕێی راهێنان و مەشق کردن دەتوانین بگەینە ئەو کاروانە .

- **لوقمان جەوهەر/بەڕێوەبەری چالاکی هونەری .**

- لە دووەم ڕۆژی کۆنگرە توانیمان دابنیشین لە گەڵ مامۆستایانی پسپۆر تایبەت بە هونەر کە پێشنیارو ڕاسپاردەی باشیان هەیە بۆ دانانی میکانیزمێك بۆ پێڕەوو پرۆگرامی چالاکی قوتابخانەو خوێندنگەکان دانانی میلاکات بۆ چالاکی قوتابخانەکان ئاگادارکردنەوەی ئەو مامۆستایانەی کە لە دەرەوەی شارن و چەند ساڵیکە لە وێن هێنانەوەیان بۆ ناو شارو ئەوانەی تازە دەرچوونە جێگەی ئەوان بگرنەوە تەوەری دووەم چاکسازی کردنی ئەو پێشنیازانەی کە کراوە دیارە چالاکی قوتابخانەکان ساڵانی ڕابردوو کاری کردووە بەڵام زۆر بەسستی کراوە ئێمە پێمان خۆشە ئەو چالاکییانە بەرێکی بڕوات و لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەمان داوە بتوانین هەموو ماموستایان کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی کارەکانمان بە دروستی ئەنجام بدەین .

- **میدیا عومەر حوسێن بەر پرسی بەشی پەروەردەی تایبەت لە**

**پەروەردەی سلێمانی .**

- مەبەست لە پەروەردەی تایبەت ئەوەیە کە چۆن بتوانین منداڵانی کەم توانا لە ڕیزی قوتابخانەی ئاساییدا جێگەیان بکەینەوە سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنگرە بە گشتی بە زۆر باشی دەبینم چونکە تێکەڵاوییەکی زۆر لە نێوان بەرپرسان و ئەندامانی کۆنگرەدا دەبینم ئەوەش بۆ خۆی ئاماژەیەکی بەر چاوی دڵسۆزییە. لە هۆڵەکەدا هەموو ئازادن لە هەر شوێنێکدا دابنیشین و ناوی هیچ کەس لە سەر هیچ کورسییەك نەنووسراوە. لەوەش گرنگتر پێشوازی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ میوانان، مامۆستایەکی بیانی کە لەتەکمندا دانیشتبوو زۆر بەو کارە سەرسام بوو. دەیگۆت لەلای ئێمە لە نیوزلەندە ئەگەر وەزیری پەروەردە بێت هەموو لە بەری هەڵدەستن و ئەویش لە شوێنێکدا دادەنیشێ بە گشتی هیلاکی و خەمخۆری بە هەموو ئەندامانەوە دیارە کە ئەمە نیشانەی ئومێدیکی گەورەیە بەسەرکەوتنی کۆنگرە.

- **سەروەر عەبدوللا دوڤین/مامۆستا لە زانکۆی بیلاتیلد لە بەشی سەنتەری زمان لە کولیژی زامن و ئەدەبە .**

- بە بۆچوونی من پێشنیازەکانی کۆنگرە بەشێکی دەچێتە بواری جێبەجیکردنەوەی ڕەنگە بەشێکیان نەچێتە ئەو بوارە لە بەر ئەوە بڕیارەکە لای ئەو کەسانەیە کە لە کۆنگرەدا بەشدارن. کۆنگرەکە کۆمەڵێك پێشنیاز کۆدەکاتەوە دەبێ ئەوە بزانین کە کۆکردنەوەی پێشنیاز کارێکی ئاسان نییە .. هەر یەك لە ئێمە کە لە ئەوروپا ژیاوین ئەزموونێکمان هێناوە بەلاّم نەك ئەو ئەزموونە لێرە کۆپی بگرێت بەڵکو ئەمە کۆمەڵە بیرۆکەیەکە لە لەوێدا ساڵ بە ساڵ پێڕەو دەکرێت

بەشداربووان هەمان ئەزموونیان هێناوە بەو ئومێدەی سوودێکی گەورە بەخشن و لە گەڵ واقیعی کوردستاندا بگونجێت حەتمەن وای بۆ دەچم کە وەزارەت پشت بە زۆربەی پێشنیازەکان ببەستێت جگە لەوەش دەبێ ئەوەش بگوترێت کە ئەم کۆنگرەیە یەکێکە لە کۆنگرە هەرە گرنگەکانی ئەو (١٠) ساڵەی ڕابردوو کە لە کوردستاندا بەستراون هەروەها دەبێ وا بەسادەیی و ئاسانیش بەرەهایی هەڵینەسەنگێنین چونکە بیرۆکەکان ئەوە دەسەلمێنن کە سیستەمی کۆمەلگەیەکیش هەیە کە کۆمەڵێك نەخۆشی و گیرو گرفت و بەر بەستی تێکەوتووە . بۆیە بەستنی ئەم کۆنگرەیە هەوڵێکە بۆ هێناکایەی پاکسازی کە ئەوانیش دیسانەوە دەبنەوە پێشنیاز ئاخۆ چەند قابیلی جێبەجێکردنەو جێبەجێ دەکرێن ئێمە هیواداریین پێشنیازە ئەرێنییەکان یان ئەو پیشنیازانەی لە بەرژەوەندی خوێندکار دایە جێبەجی بکرێت نەوەکو دواتر خوێندکاری تر بێت یان قوتابی بێن یان فێرخواز هەمووشیان یەکن دیسان تووشی وەزعێکی ناخۆش بێت لەوێ کە نەگەیشتنە کۆمەڵێك بڕیار بتوانن وەزع و بارودۆخی ئەوان چاکتر بکەن تا ڕادەیەك هیوایەکم هەیە بە شێوەیەك گەشبینم کە وا تەنها هەنگاوتان بەم ئاراستەوە شتێکی نەرێنییەو زۆر سوپاستان دەکەم

## کۆنگرە هاتە گرێدان:

هەر سالەکا دبۆریت ە ئەنجامێن ئەزمونەنان تێنە ڕاگەهاندن پلا سەرکەفتنێ نزم دبیت و پەروەردەکار ژی بناس و ئەگەران بۆ دبینن و دویڤچوون تێنەکرن ئایا بۆچیی ... ئەڤ ئاستە چێ سالێ نزم تر لێ هات ؟ ئەگەرێن وێ چنەو ژبەر چ ...؟ بەرسڤ ژی هەمی دئاشکەرانە لێ

گۆرهورین کەنگی دێ هێنەکرن گەلەك دبێژن ما بۆ چیبە هەر سالی دوو جارا دبێژن لێ کەسی نینە بوما دیارە کو ئەڤە دبێتە خەما بڕیارێن کۆنفراسێ پەروەردێ بەس ئەو هۆکارێن نزمبونا ئاستێ زانستی چنە ؟

**ئەم دبێژین هۆکارێن ئەڤەنە ؟**

١- نەبونا میلاکی و ئەمازە پسپۆرێن بابەتان .

٢- جۆری پرۆگرامێن خوێندنێ .

٣- قوتابی ب خۆ کو مژویلی ژانا هەڤچەرخە .

٤- بێ سەروبەریا ئاڤا هێن قوتابخانان و رێژا زیادە ژقوتابیان و یەك پول دا .

٥- کێم مووچەیان مامۆستایان کو خۆ نەدامەزرێن .

٦- جۆرێ پرسیارێن کلاسیکی بۆ دانانا شێوەکێ پێنج پرسیاری و سنوردار کرن ب هندە بابەتان ڤە . دێنا مامۆستایان ژی بۆ ڤێ چەندی ئەوە کو د رۆژێن کۆنگرەیدا ئەڤ ئارێشە دێ هێتە باس کرن و چارەسەر ژی بۆ هێنە دیتن .

الاصلاح التربوي طموح ينتظره الجميع

عقدت وزارة التربية في حكومة اقليم كوردستان في الساعة العاشرة من صباح الثلاثاء ٢٠٠٧/٥/٢٢ تحت شعار ( التحول في رؤية فلسفتنا للانسان ، اساس لتغير نظامنا التربوى والتعليمي ) مؤتمرها التربوى في قاعة الشهيد سعد عبدالله لعقد المؤتمرات بمدينة اربيل ، وحضر المؤتمر السادة عمر فتاح نائب رئيس حكومة اقليم كوردستان وعدة من الوزراء في حكومة الاقليم واعضاء من مجلس النواب العراقي والوطنى الكوردستانى وممثلو القنصليتين الامريكية والبريطانية وممثل عن قوات الزيتون الكورية

الجنوبية ومسؤولين حزبيون وحكوميون وخبراء ومختصون في مجال التربية وقرابة مئتين وخمسون مدعوا من خارج وداخل اقليم كوردستان .

بدأت فعاليات المؤتمر بالوقوف دقيقة صمت اجلالاً لشهداء كوردستان بعدها ألقى الدكتور دلشاد عبدالرحمن وزير التربية في حكومة اقليم كوردستان كلمة ترحيبية اوضح فيها ان عقد هذا المؤتمر جاء بعد تحضيرات دامت عشرة شهور وتشاورت الوزارة مع العديد من الخبراء والمختصين ووفرت فرصاً واسعة امام كل الراغبين في المشاركة في طرح ارائه ومقترحاته الى المؤتمر .

واشار الى الهدف من انعقاد المؤتمر قائلاً : تسعى في اطار هذا المؤتمر بحث أهم النواقص والمشاكل على صعيد التربوى ووضع الحلول لهذه المشاكل ومواكبة النظام التربوى من خلال تغيير المناهج والنظام التدريسى مع الانظمة التربوية المتقدمة وذلك بالاستفادة من الخبرات والامكانيات المحلية المتاحة .

وقال : ان النظام المتبع في اقليم كوردستان قديم ولا يواكب التطور الذي يشهده العالم. لذا علينا السعي من اجل جعل هذه المناهج تتماشى مع التطور في العالم وعصرنته وعلينا اعادة النظر في النظام التربوى في كوردستان وتغيير رؤيتنا للواقع التربوى الذى ورثناه عن الآنظمة السابقة .

من ثم ألقى السيد عمر فتاح نائب رئيس حكومة أقليم كوردستان كلمة عبر فيها عن سروره للمشاركة في هذا المؤتمر وقال ان مقررات القيادة السياسية والتي وضعتها حكومة اقليم كوردستان في برنامجها هو الاتجاه في تطبيق الديمقراطيةونحو السياسات التي كانت متبعة في ظل الانظمة الدكتاتورية ، وان تطبيق هذا النظام يتطلب التغيير على كافة الاصعدة

والمجالات ، وبداية هذه التغييرات يجب ان تكون في مجال التربية وذلك لترسيخ الفكر الديمقراطي لدوره المهم في هذا التحول واضاف نائب رئيس حكومة الاقليم ان النظام الاداري ايضا بحاجة الى تغيير لان النظام المتبع في كوردستان قديم اورثناه من النظام المقبور ولا يتماشى مع التقدم والتحول الذي نصبواليه وهذا يتطلب تغيير القوانين وفكر الانسان الكوردي ، نحن في حكومة اقليم كوردستان نسعى لتثبيت هذه المبادىء عن طريق تربية سليمة معاصرة .

وأضاف بالاضافة الى مجالات الاعمار والتنمية والمجال الزراعي يستوجب علينا العمل من اجل اعادة بناء هذه المجالات واعادة اعمار البنية التحتية التي دمرتها الحكومات السابقة عمداً .

واستطرد ان هذه المؤتمر خير هدية تهدونها الى شعبكم خدمة نحو التحول الايجابي وعليكم ان تتركز جهودكم نحو تأمين الوسائل المشوقة في مدارس كوردستان والعمل من اجل تحسين النظام التربوي . وفي ختام كلمته دعا عمر فتاح بالنجاح والموفقية للمؤتمرين وعبر عن دعم حكومة اقليم كوردستان لبرنامج المؤتمر وتوصياته.

وفي رسالة الكترونية عبر ال ( سلايد شو) قدم السيد نيجيرظان بارزانى رئيس حكومة افيلم كوردستان كلمة اعتذر فيها عن عدم حضوره للمؤتمر وذلك لانشغاله بمهام اخرى في بغداد.

وتمنى للمؤتمر الموفقية والنجاح واشار الى برنامج حكومة اقليم كوردستان في مجال التربية والتعليم ولخص في عدة نقاط منها الاستفادة من خبرات وامكانيات الخبراء داخل وخارج الاقليم واعادة النظر في النظام التربوي وتحسين الاوضاع المعيشية للمعلمين والاستفادة من التكنولوجيا الحديثة في

المدارس وفي هذا المجال دعا رئيس حكومة الاقليم وزارتى التربية والتعليم العالي لفتح مكتب دولي للاستفادة من المعلومات الحديثة كمادعا القطاع الخاص لآداء دوره في مجال الاصلاح والتطوير في مجال التربية والمجالات الآخرى .وطالب نيجيروان بارزانى بتكثيف الجهود والعمل المشترك بين منظمات المجتمع المدني ولجنة التربية في برلمان كوردستان العراق ووزارة التربية من اجل النهوض بالواقع التربوى المتبع في كوردستان وعبر عن دعم حكومة اقليم كوردستان لكافة الجهود نحو تحسين النظام التربوي في كوردستان

كما تليت كلمة كل من قبل اتحاد معلمي كردستان واتحاد المنظمات الطلابية في كردستان انتهت الجلسة الافتتاحية للمؤتمر بكلمة اللجنة التحضيرية للمؤتمر حيث القاها الدكتور صباح توما الخبير في وزارة التخطيط في حكومة اقليم كوردستان اشار فيها الى فكرة المؤتمر ولخصه في اعادة النظر في العملية التربوية في كوردستان لغرض مواكبة التطورات المستجدة في العالم المتقدم ولغرض ترجمة هذه الفلسفة بدأت الوزارة بالتفكير لتشكيل لجنة عليا من ١٦ لجنة فرعية لتقديم توصيات ومقترحات وعقد الآجتماعات على مستوى المحافظات وعقدت ثلاثة مؤتمرات فرعية في المحافظات الكوردستانية وقامت اللجنة العليا بتوحيد التوصيات ومراجعة الاقتراحات وتم توثيق اعمال وتوصيات هذه اللجان بين دفتي كتاب ب (٣٧٩) صفحة .

وفي جانب اخر من كلمة اللجنة التحضيرية تم التطرق الى محاور المؤتمر وهي :

محور محو الامية والتعليم الالزامي ..

محور التعليم الاعدادى والاكاديمي والمهني.

اعداد وتهيئة وتدريب الهيئة التعليمية والتدريبية.

. الاشراف التربوى والاختصاصي ادارة المدارس ..

الامتحانات والتعليم.

.التقنيات الرياضي والفني والثقافي .

... العلاقة بين المدرسة والبيت ودور الارشاد التربوي .

. مفاهيم اساسية وتطوير المجتمع وستنبثق لجان فرعية لمناقشة هذه المحار ..

# بەشی نۆیەم

# پێشنیازو ڕاسپاردەکانی

# کـــۆنگـــرەی پـــەروەردەیـــــــی

## یەکەم: قۆناغی باخچەی ساوایان:-

قۆنـاغی باخـچەی سـاوایان یەکێکـە لـە قۆناغـە هـەرە گرنگـەکانی ژیـانی منداڵ بۆیە پێویستە پاڵپشتی بکرێتوبایـەخی پێبـدرێت بـەئامادەکردنی هۆیەکانی پێویـستو گەشـە پێـدانی، بـۆ ئـەوەی منـداڵ ئامـادە بکرێـت بـۆ قۆناغی تەوزیمی، هەروەها بـوار بـۆ دایکـان و باوکـان برەخـسێت بۆئـەوەی بایەخ بەمنداڵەکانیان بدەن و گەشە بەتوانایانو لێهاتووییان بدرێت.

**١- سیستەم :-**

ا- قۆناغی باخچەی ساوایان لە (٢) ساڵی فێرکردن پێك دێت .

ب- منداڵ کەلە ٩/١٥ تەمەنی چوار ساڵیی تەواو کـرد لـە قۆنـاغی باخـچەی ساوایان وەردەگیرێت.

ج- وا بەباش دەزانرێ دەوامی باخچەی ساوایان لـە کاتـژمێر (٨) ی بـەیانی هەتا (٤)ی ئێوارە بەردەوام بێت و ئەو پێداویستانەی بۆ دابین بکرێت :-

١- چاودێرو بەردەست .

٢- ژووری حەسانەوە .

٣- جەمێکی خواردن .

٤- دابین کردنی هۆیەکانی گواستنەوە.

٥- دابین کردنی ئامێری کۆمپیوتەر.

٢- دەستەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان :-

ا- دەبێ هەموو مامۆستایانی باخچەی ساوایان هۆشیاری لە بارەی ئامانجەکانی باخچەی ساوایان هەبێت، بە تایبەتی سیستەمی باخچەکان و دەربارەی کاروباری پەروەردەیی و ڕێکخستنی چالاکی کۆمەلأیەتی.

ب- ئامادەکردنی مامۆستایانی باخچەی ساوایان بە کردنەوەی بەشی باخچەی ساوایان وەکو بەشێکی تایبەت لە پەیمانگە و کۆلێژەکان .

د- کردنەوەی خولی بەهێز کردنی ئەو مامۆستایانەی کە لە باخچەکانن بۆ زیاتر شارەزاکردنیان لەسەر ئەو زانیارییانەی تایبەتمەندییان هەیە بە باخچەکان .

ه- ئەو مامۆستایانەی بەشداریان کردووە لە خولی شیاندنی باخچەی ساوایان و نابێت بگوازرێنەوە بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی .

و- بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی مامۆستایانی باخچەی ساوایان و گەشەپێدانیان لە کاتی خزمەت کردن بە :-

١- کردنەوەی خولی شیاندن و تەواو کردنی شیاندنی ئەوانەی بێ توانان و دانانی بەرنامەیەکی بەردەوام بۆ ڕاهێنانیان .

٢- خولی چالاکی و نوێ کردنەوەی زانیارییان .

ز- هەوڵدان بە دانانی کارگێڕییەکی پەروەردەیی بە توانا و لێهاتوو لەو مامۆستایانەی کە شارەزاو بە توانا و پسپۆرن لە بواری پەروەردە کردنی منداڵ و دانانی مەرجی تایبەت بۆ سەرکەوتنیان .

**پرۆگرامەکانی باخچەی ساوایان :-**

بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامە نوێ و سەرکەوتووە وڵاتانی پێشکەوتوو ،پرۆگرامی نوێ بۆ باخچەکان دابنرێت ولە دوتوێی کتێب و پەرتوکی ڕەنگاو ڕەنگ وسەرنج ڕاکێش ئامادە بکرێت و هۆیەکانی فێرکردنی منداڵان دابین بکرێت ۰

**دووەم: قۆناغی فێرکردنی تەوزیمی :-**

سیستەمی فێرکردن لە کوردستاندا ، پشتبەستە بە پرنسیپە دیموکراتییەکان . خوێندن و پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەبێت بە شێوەیەك پێرەو بکرێت کە بە ها بنەماییەکانی قوتابخانە ، بینە بەهابەرزەکانی قوتابی و خوێندکار، تابتوانن بە شێوەیەکی سەربەست و لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکەن .

بەهابنەماییەکانی قوتابخانە بریتین لە بەرز ڕاگرتنی ژیانی مرۆڤ ، یەکسانی ژن و پیاو ، سەربەستی تاکەکەس ، بەرامبەری نرخی مرۆڤ و پشتگیری ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە . ڕێزگرتنی یاسا ، دڵفراوانیی ، لێبوردن و بەرپرسیاریی ئەو پرنسیپانەی کە قوتابخانە قوتابی پێ پەروەردە دەکات .

هیچ جۆرە سەرکوتکردن و بێزارکردنێکی قوتابی و خوێندکار ، فیزیکی یا دەروونی ، لە ناو سیستەمی فێرکردن لە کوردستاندا ڕێگەی پێنادرێت و لە کاتی سەرهەڵدانیدا قوتابخانە لە بنبکردنی بەرپرسیارە .

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا سیستەمێکی کراوەو شەفافە ، ڕێگە دەدات بە هەبوونی بیروبۆچوونی جیاواز و قوتابی پەروەردە دەکات کە

خاوەن هەڵوێست بێت، هەست بە بەرپرسیاری بکات و بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکات .

سیستەمی پەروەردە ڕێز لە هەموو تاکی قوتابی دەگرێت و خوێندنەکە لە گەڵ ئاست و پێویستی قوتابیدادەگونجێت . قوتابی ناوەندەو هەموو سیستەمەکە لە پێناوی گەیاندنی بەهابەرزەکان و زانست بە قوتابیان کاردەکات .

ئەرکی قوتابخانە گەیاندنی زانستە بە قوتابی وخوێندکار ، پەروەردەکردن و ئامادە کردنی قوتابیە بە پشتیوانی دایك و باوك بۆ ژیانی گەورە ساڵی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات .

خوێندن و پەروەردە بریتییە لە گەیاندنی زانست ، کلتور ، زمان و بەهابنەییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر . قوتابخانە لە گەیاندنی بەرپرسیارێتی دا هاوکار و پشتگیریماڵەوەیە .

قوتابخانە دەرگای بیرکردنەوە ، ڕاهێنان و دەستپێشخەریی، بۆ قوتابی ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەرخسێنێت

زانست واتە ئاشنا بوون بەڕاستییەکان ، وەرگرتنی زانیاری ، تێگەیشتن و توانای چارەسەرکردنی گرفتە ، نەك دەرخکردن (لەبەرکردن) . وانەوتنەوە هەموو شێوەکانی کاری تەنیا و گروپ و پرۆژە دەگرێتەوە . قوتابی بەشدارێکی چالاکە ، مامۆستاش بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە . ئەزموونەکان پێوەری کۆنترۆڵ کردن نین ، بەڵکو یەکێکن لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواچوندا لە پێناوی گەیاندنی قوتابی بە ئامانجەکانی .

لەبەر رۆشنایی ئەو بەهابنەماییانەی سەرەوەدا ، بەشداربوانی تەوەری سیستەمی پەروەردەیی لە کۆنگرەی پەروەردە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤ مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٧ دا لە سەر ئەم ڕیفۆرمە بنەڕەتییانە ڕێك کەوتن :

**راسپاردەکان:**

١- پۆلی یەکەم بۆ نۆیەم . واتە قۆناغی ناوەندی نامێنێت و قۆناغی سەرەتایی دەبێت بە نۆ ساڵی خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی) تێکەلاو (واتە هەموو پلەکان تێکەلاو دەبێت لە هەردوو ڕەگەز، کچ و کوڕ) . لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ دەستپێدەکات .

٢- پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم تاقیکردنەوەو مانەوەیانتیادا نییە . لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ دەستپێدەکات .

٣- ئەزموونەکانی بە کالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی نامێنێت . لە ساڵی خوێندنی٢٠٠٧/٢٠٠٨ دەستپێدەکات

٤- ڕێژەی نمرەی گشتی پۆلی نۆیەم بەم شێوەیە دەبێت :

* ڕێژەی نمرەی پۆلی حەوتەم لە ٢٠٪ وەردەگیرێت
* ڕێژەی نمرەی پۆلی هەشتەم لە ٢٠٪ وەردەگیرێت .
* ڕێژەی نمرەی ئەزموونەکانی وەزاری پۆلی نۆیەم لە ٦٠٪ وەردەگیرێت .

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ تەنیا پۆلی حەوت دەگرێتەوە .

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ تەنیا پۆلی حەوت و هەشت دەگەرێتەوە .

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩/٢٠١٠ پۆلی حەوت و هەشت و نۆ دەگرێتەوە .

٥- منداڵ کە تەمەنی (٦) ساڵیی تەواو کرد، دەبێ بچێتە قوتابخانە واتە لە ٩/١ ساڵی خوێندندا، دەبێ (٦) ساڵیی تەواو کردبێت .

**سێ یەم :- قۆناغی ئامادەیی :-**

پۆلی دەیەم بەسەر ئەم لقانەی خوارەوە دا دابەش دەبێت :-

١- زانستیی گشتی .

٢- وێژەیی گشتی .

٣- پیشەیی .

**١- زانستی گشتی :-**

پۆلی دەیەمی زانستیی گشتی دەستنیشانکاری ئارەزووەکانی قوتابییە لە بوارە زانستییەکاندا .

لە پۆلی (یانزەهەمدا) بەشی زانستیی دەبێتە دووبەش :-

ا- بەشی زانسته ژیارییەکان .

ب- بەشی زانستی سروشتییەکان .

نموونەی ئەو کۆلێژانەی دەرچووانی زانسته سروشتییەکان یان زانسته ژیارییەکان وەردەگرێت .

- لە زانسته سروشتیەکانەوە بۆ پزیشکی

بەشەکانی پزیشکی :-

⋆ دەرمانسازیی .

⋆ پزیشکی ددان .

⋆ پزیشکی ئاژەڵ .پەیمانگەکانی پیشەیی تەندروستی .

- زانستەکان (علوم)

⋆ بایەلۆجی .

⋆ کیمیاء.

کشتوکاڵو پەیمانگەکانی زانستی

- لە زانستە ژیارییەکانەوە :-

★ ئەندازیاریی .

★ زانستەکان .

★ ماتماتیك .

★ کۆمپیوتەر .

★ فیزیا

★ پەیمانگەکانی بواری زانستیی ئەندازیاریی .

★ هەر پسپۆریەکی تر .

**٢- بەشی وێژەیی :-**

پۆلی دەیەمی وێژەیی گشتی دەستنیشانکاری ئارەزووکانی قوتابی وخوێندکارەلە بواری زانستە وێژەییەکانەوە .

- لە پۆلی یانزەهەمدا بەشی وێژەیی دەبێتە دووبەش :-

ا- بەشی زانستە مرۆییەکان .

ب- بەشی زمان و ئەدەب .

- زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر لە هەموو بەشەکانی ئامادەیی بەشێوەیەکی فراوان دەخوێندرێت .

**ئەزموونەکان :-**

ئەزموونەکانی پۆلەکانی دەیەم ، یانزەهەم، دوازدەهەم. بەم شێوەیە دەبێت :-

★ رێژەی نمرەی پۆلی (دەیەم) لە ٢٠٪ وەردەگیرێت .

★ رێژەی نمرەی پۆلی ( یازدەهەم ) لە ٢٠٪ وەردەگیرێت .

★ ڕێـژەی نمـرەی ئەزموونـەکانی وەزاری پـۆلی ( دوازدەهـەم) لـە ٦٠٪ وەردەگیرێت .

★ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ تەنیا پۆلی (دەیەم) دەکرێتەوە .

★ سـاڵی خوێنـدنی ٢٠٠٩/٢٠٠٨ تـەنیا پـۆلی دەیـەم و پازدەهـەم دەکرێتەوە .

★ سـاڵی خوێنـدنی ٢٠١٠/٢٠٠٩ پـۆلی دەیـەم ، یـازدە هـەم، دوازدەهـەم دەکرێتەوە .

لیژنەیـەکی تایبـەت لـە شـارەزاو پـسپۆڕو مامۆسـتایانی لێهـاتوو پێکدەهێنـدرێت بـۆ دیـاری کردنـی ئـەو بابەتانـەی لـەم بەشـانەدا دەخوێندرێن لەگەڵ دانانی بەشەوانەی هەر بابەتێك .

- **ڕاسپاردەکانی تر :-**

١- هەوڵبدرێت زمانی خوێندن لە بەشی زانستی بە ئینگلیزی بێت .

٢- بە بەردەوامی دەبێ دەرچوانی ( کۆمەڵناسی – دەروون زانـی ) لـە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا وەك توێژەری کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن بۆ یارمەتیـدانی قوتابیـان وخوێنـدکاران بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو گیروگرفتانـەی کەتووشـی دەبـن چ کۆمەڵایـەتی یـان ئـابووری یـان پەروەردەیی بێت، چارەسەری گونجاویشی بۆ دابنێ .

٣- ساڵانە ژمارەی قوتابخانە نموونەییـەکان زیـاد بکرێـت تـاوەکو لـە دوا ڕۆژدا خوێندگەکانمان هەمووی ببنە نموونەیی بـێ فـەرامۆش کردنـی قوتابخانە ئاساییەکان .

٤- لـە کوردسـتاندا قوتابخانەیـەکی تایبـەت بـە ( بـەهرەداران) بکرێتـەوە و هەموو پێداویستییەکانی دابین بکرێت بـۆ نموونـە ، پرۆگرامـی تایبـەتیان

هـەبێت جگـە لـە پۆلـەکانی (سـێیەمی ناوەنـدیی- شەشـەمی ئامـادەیی ) خوێنـدنیان بـە زمـانی ئینگلیـزی بێـت، بـۆ ئـەوەی جیـا بکرێتـەوە لـە قوتابخانە ئاساییەکان بە هاوکاری کردن لە گەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٥- کردنەوەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەو شارانەی لێی نەکراوەتەوە.

٦- دەرماڵەیـەك دیـاری بکرێـت بـۆ ئـەو مامۆسـتایانەی پـۆلی شەشـەمی ئامـادەیی دەڵێنـەوە بـۆ کەمکردنـەوەی دیـاردەی وانـەی تایبـەتی ( دروس خصوصیە).

٧- پێویسـتە مامۆسـتا لـە قۆنـاغی ئامادەییـدا بـە هاوکـاری لـە گـەڵ بەڕێوەبـەری قوتابخانـە، راپۆرتێـك ئامـادە بکـات سـەبارەت بەرەوشـی خوێندن، ئەو گیروگرفتانەی کەهەن.

٨- سـاڵانە بەڕێوەبـەرەکان سـەردانی بەڕێوەبـەرە سـەرکەوتووەکان بکـەن ئەگەر لە دەرەوەی شاری خۆیان بن یان لە دەرەوەی هەرێمیش بن.

**چوارەم:- پیشەییەکان :-**

١- دروسـتکردنی باڵاخانەیـەکی تایبـەت یـان کۆمەڵگەیـەکی تایبـەت بـە ئامادە پیشەییەکان

٢- دابینکردنی بودجەی ساڵانەی تایبـەت بـە ئامـادە پیـشەییەکان و بەشـە پەروەردە پیشەییەکان بۆ هەڵسوڕاندن و ئەنجامدانی کارەکانیان .

٣- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادە پیشەییەکان لە زانکۆ و پەیمانگـەکان بـەم شێوەی خوارەوە :-

أ- وەرگرتنی دەرچووانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) (لە هـەر پـسپۆرییەکی ئامادەییـە پیـشەسازییەکان لـە زانکۆکـان لەسـەر ئاسـتی هـەموو قوتابخانـە پیشەییەکان ، هەروەها قوتابی و خوێندکارانی ئامادەییە کشتوکاڵیەکان.

ب- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەپیشەییەکان لە پەیمانگە تەکنیکیەکان بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٤- داوا لە وەزارەکان بکرێت کە مۆڵەت بە خاوەن پیشە نەدرێت ئەگەر دەرچووی ئامادەیی پیشەیی نەبێت، با دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەیی لەگەڵ کار نەکات .

٥- داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت ، کە بڕە پارەیەك وەك پێشینە (سلفە) بدرێت بە دەرچووانی ئامادەیی پیشەیی بۆ کردنەوەی دەزگەیەکی پیشەیی تایبەت .

٦- زیاد کردنی بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا.

٧- گەڕانەوەی دەرماڵەی ترسناکیی بۆ مامۆستایانی پیشەیی .

٨- جیاکردنەوەی قوتابخانە ئەکادیمیەکان لە قوتابخانە پیشەییەکان لە بینایەدا.

٩- دابینکردنی بەشی ناوخۆیی قوتابیان و خوێندکارانی پیشەییەکان .

١٠- زیاد کردنی بەشەوانەی کۆمپیوتەر لە بەشی وێنەی ئەندازەیی یەك بەشەوانە لە هەفتەیەکدا لە قۆناغی یەکەم و دووەم ، هەروەها لە بەشەوانەی ئابووریدا لە ئامادەییە بازرگانییەکان، یەك بەشەوانە لە هەفتەیەکدا لە قۆناغی سێیەمی خوێندن، وەیەك بەشەوانە لە قۆناغی یەکەم و دووەمی خوێندن.

١١- کردنەوەی بەشی تازە بە گوێرەی پێویستی هەرێمی کوردستان لە ئامێری ساردکەرەوەو گەرم کەرەوە. – پێپلکەی کارەبایی – کۆمپیوتەر و چاك کردنەوەی – بیناو دروستکردن – کاری بۆیە کردن.

١٢- پێدانی (٣) نمره لەسەر تێکرای نمرەکانی قوتابی هەروەك لە خوێندنی ئاکادیمی زانستی و وێژەیی پێرەو دەکرێت .

١٣- گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی بە جۆرێك لەگەڵ گۆرانكاری تەکنەلۆجیای سەردەمدا بگونجێت.

١٤- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە کۆلێجی سەربازیی – پۆلیس.

١٥- گەڕانەوەی ئەزموونی گشتی لە بابەتی مەشق بۆ ٣٠٪ لە کرداری ٧٠٪ لە تیۆری .

١٦- پێکهێنانی لیژنەیەکی بالاّ بە سەرۆکایەتی وەزیری پەروەردە و ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتی پلان و وەزارەتی خوێندنی بالاّ وئەوکەسانەی سەرۆکی لیژنە دەستنیشانیان دەکات لە شارەزاو پسپۆڕان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرباری قوتابخانە پیشەییەکان و چۆنیەتی گەشەپێدانیان بۆ ئەوەی شان بەشانی ئەو گۆڕانکارییانە تەکنەلۆجیانە بڕوات وهەموو پێویستییەکانی هەرێم جێبەجێ بکات لە کارمەندی ناوەندی لە هەموو بوارەکاندا، ئەم لیژنەیەش دەسەلاّتی پێکهێنانی لیژنەی تری خوارووی خۆی هەبێت و داوای هاوکاری لە هەندێ شارەزایان بکات بۆ دانانی پرۆگرامی بابەتەکان بەتێرو تەسەلی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ .

**پێنجەم: پرۆگرام :-**

١- چاو خشاندنەوە بە پرۆگرامی خوێندن و کاراکردنی لایەنی پراکتیکی و کرداریی و کارکردن لەسەر لابردنی دووبارە بوونی چڕی و پڕی بابەتەکانی وبۆ لابردنی دووبارە کردنەوە لە ناو کتێبەکان و، دارشتنیان بە شێوەیەك کە رەچاوی سروشتی ژیانی تاك بکات لە کوردستاندا ولە ئاستی گۆڕانکارییە زانستییەکان دا بێت و، هەروەها رەچاو کردنی یەکسانی جێندەریی (رەگەزیی) لە پرۆگرامەکانی خوێندن وبۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێك بۆ چەسپاندنی خۆشەویستی خاك و ولات و، کارو رێنووسی هەموو کتێبەکان رێك بخرێت و هاندانی کەرتی تایبەت بۆ بەشداری کردن لە هەموو چالاکییەکانی بواری پەروەردە.

٢- چەخت کردن لەسەر پەیوەندی پرۆگرامەکانی خوێندن بەیەکترییەوە لە هەموو قۆناغەکاندا.

٣- گرنگیدان بە چاپکردنی پەرتووکی خوێندنی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە وێنەو نەخشەو هێلکارییە زانستییەکان.

٤- فەرهەنگێکی کوردی –عەرەبی – ئینگلیزی بۆ قوتابیان هەبێت بە پێی قۆناغەکانی خوێندن.

٥- گۆڕینی خشتەی وانەکانی هەفتە و دابەشکردنی سەر لە نوێ بە پێی پرۆگرامە بەکار هاتووە نوێیەکان.

شەشەم: ئەزموونەکان :-

**ڕاسپاردەکانی کۆنگرە سەبارەت بە تاقیکردنەوەو ئەزمونەکان**

١- لابردنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ.

٢- لەکۆتایی وەرزی یەکەمدا یەك تاقیکردنەوە ئەنجامدەدرێت نمرەکەی لە٢٠٪ دەبیت، تاقیکردنەوەی دووەم لە کۆتایی وەرزی دووەمدا دەکرێت و نمرەکەی لە٢٠٪ دەبێت وەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لە ٦٠٪ و ئەو سێ نمرەیە کۆ دەکریتەوە ، دەرئەنجامی نمرەی کۆتایی بۆ قوتابی دەژمێردرێ و ئەمە لە پۆلی چوارەمەوە هەتا پۆلی هەشتەم پێڕەو دەکرێت.

٣- ئەو وانانەی کە پێشبرکێی تێدا دەکرێت لە پۆلی حەوتەم وەکو بیرکاری – کیمیاء - زیندەوەرزانی - ئینگلیزی - کوردی – عەرەبی – کۆمەڵایەتی .

٤- لە پۆلی چوارەمەوە هەتا نۆیەم تاقیکردنەوە لەم وانانەدا ناکرێت: وەرزش- هونەر – پەروەردەی نیشتمانی وئایین.

٥- تاقیکردنەوەکانی قوتابی لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەرەتایی.زارەکی دەبن.

**هەڵسەنگاندن :-**

* سالآنە لیژنەی دەرهێنانی پێوانەیی لە دیوانی وەزارەت پێك دێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە جێبەجێ کردنی بە گوێرەی ڕێنماییەکان پێش ١٠/١٥ ی هەموو ساڵێك.

* هـەموو سـاڵێك لیژنــەی بـەدوادا چـوونەوەی ئاسـتی زانـستی پـاش دەرچوونی ئەنجامەكانی خولی دووەم پێك بێت لـە بەڕێوەبەرایـەتی گشتی پەروەردەكان ، بە گوێرەی ئـەو كارە مامۆستایان پاداشـت و سـزای خۆیـان وەربگرن، نەوەك بە گوێرەی ئامارەكانی بنكەكانی پشكنین .

* پێویستە هەموو ساڵێك پرسیارەكانی كۆتایی ساڵ بۆ هەموو قۆناغەكانی خوێنـدن بـە دوادا چـوونەوەی بـۆ بكرێـت و هەڵـسەنگێنرێت، لەلایـەن لیژنەیەكی تایبەت لە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەكان بەدوا داچوونەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت بە گوێرەی بەرنامەیەكی تایبەتی ئەنجام بدرێت وێنەیەكی بدرێتە مامۆستای وانە.

* دیـاری كردنـی ئـەنجام و هۆیـەكانی دواكـەوتن یـان بـەرەوپێش چـوونی رێژەی دەرچوون.

* پێویـستە هـەموو قوتابخانــەكان سـاڵانە لەگـەڵ ڕاپـۆرتی كۆتـایی سـاڵ وێنەیـەك لـە بـە دوادا چوونەوەی ئاسـتی زانـستی رێـژەكان بـۆ پـەروەردە كانیان ڕەوانە بكەن، پەروەردەكان بۆیان هەیە پوختەی ڕێژەكان رەوانـەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بكەن.

**لـه كـاتى هەڵـسەنگاندنى بەڕێوەبـەرى قوتابخانـە و مامۆسـتاياتى دواناوەندى و ئامادەييەكان ئەم ڕێنمايە پێڕەو بكەن:-**

دەرهێنانى نمرەى پێوانەيى .

★ پێويـسته نمـرەى پێوانـەيى لـە هـەر بابـەتێك و بـۆ هـەر بەڕێوەبەرايەتييەك لە (+١) كەمتر نەبێت.

★ سـزادانى مامۆسـتا و بەڕێوەبەرايـەتى قوتابخانـە ئەگـەر نمـرەى پێوانەيان لە (-١) كەمتربێت.

پاداشـتكردنى مامۆسـتا و بەڕێوەبەرايـەتى ئـەو قوتابخانانـەى نمـرەى پێوانەييان لە (+١) زياترە .

**بڕوانامەكان :-**

★ گشتاندنى نووسراوێك لە لايەن سەرۆكايەتى ئەنجوومەنى وەزيرانەوە بۆ گشت دام و دەزگاكانى هەرێم بـۆ ناردنى بڕوانامـەى ئـەو كەسانەى دادەمەزرێن بۆ وەزارەتى پەروەردە بۆ وردبينـى كردنيان و دڵنيا بـوون لـە ڕاسـتى و دروسـتيان ، ئەمـەش دەبێتـە هۆيـەك بـۆ بنبڕكردنـى ساختەكارى.

★ داوا لـە وەزارەتـى داد بكرێـت ئاگـادارى سـەرجەم دادگاكـانى سـەر بـە وەزارەتى داد بكرێت بە وەگەڕ خستنى ئەو داواكارييانەى كە لە لايـەن وەزارەتـى پـەروەردەوە كـراون بـە لێكۆڵينـەوەو دادگـاكردنى ساختەكارەكان.

★ لەبـەر مەترسـى و وردى و گرنگيـى كاركردن لەبەشى بڕوانامەكانـدا دەبێ بڕى (١٥٠٠٠) دينار لـەو قوتابيانانـەى لە دەرەوەى وڵات دێنـەوە و يان دەچن بۆ دەرەوەى وڵات وەربگيرێت بۆ ڕێكخستنى بڕوانامـەكانيان و ئەو بڕە پارەيە بە پسووله بكرێت بـە داهات ولـه (١٥٪)ى بـۆ پاداشـتى فەرمانبەرانى بڕوانامەكان و هەڵسەنگاندن بێت.

* دەرچووانی پەیمانگەکان ئەگەر لەسەر میلاکی پەروەردە بڕوانامەیان بـرد بـۆ دەرەوەی هـەرێم یـان بـۆ هەرشـوێنێکی تـر، پێویـستە دەستەبەریەکی (کە فالەتێکی) ١٥٠٠٠٠٠ دینار بدەن.

## حەوتەم :ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان :

١- درێـژ کردنـەوەی مـاوەی چەسـپاندنی مامۆسـتایان بـۆ مـاوەی (٢) سـاڵی تـەواوی خوێنـدن لـە جیـاتی سـاڵێك بـۆ دیـاریکردنی ئاسـتی زانـستی ولێهاتوویی .

٢- دەبێ هەموو مامۆستایەك لە کۆتـایی سـاڵ ڕاپۆرتێـك بنووسێت لەسـەر بابەتەکـەی دەربـارەی گیروگرفتـەکانی، پێـشکەوتنەکانی و، لـە ڕێگـەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە بگاتە وەزارەت تاگشگیری بکرێت.

٣- دانانی هاندەر بۆ مامۆستایانی ناوچە دوورەکان بەهەژمارکردنی ساڵانی خزمەت بە دوو هێنـدەو ڕەچاو کردنیـان لـە کـاتی دابەشکردنی زەوی لـە کاتی گواستنەوەدا .

٤- دەبێ هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا وە هەبێت بۆ ئامادە کردنی مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی – ناوەندی . دەبـێ بـۆ ئـەم مەبەسـتە لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردەو وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و وەزارەتـی پـلان پێـك بهێنـدرێت بـۆ لێکۆڵینـەوە و ئامـادەکردنی پێشنیازەکان و میکانیزمی جێبـەجێ کردنـی ئـەو خاڵـە بـۆ ماوەیەکی زۆر کورت.

٥- ڕێکخـستنی خـولی شیاندن بـۆ مامۆسـتایانی تـازە دامـەزراو بـۆ ئـەوەی بتوانین ئەرکی خۆیان بەڕێك و دروستی جێبەجێ بکەن.

٦- ڕێکخـستنی خـولی پـسپۆرییەتی لـە بابەتـەکانی خوێنـدن بـۆ هـەموو مامۆستایان .

٧- ڕێکخستنی خولی ڕۆشنبیری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستا و گەشە پێدانی توانایان .

٨- نابێ بە هیچ شێوەیەك دەرچووانی ئامادەیی و پیشەییەکان و پەیمانگە هونەریەکان بە مامۆستا دابمەزرێن .

٩- کردنەوەی خولی تایبەت لە (٣) مانگ کەمتر نەبێت بۆ ئەوانەی لە زانکۆ کان دەردەچن و دەیانەوێ ببن بە مامۆستا .

**دانانی سەنتەرێکی پیداگوگی:-**

پێشنیار دەکرێت بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی پیداگوگی بۆ پێشخستنی توانای مامۆستایان لە پرۆسەی پەروەردەدا کە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

١- دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ زانستی پێداگوگی هەنگاوێکی گونجاوە، کە لەگەل سیستەمی نوێی پەروەردەیی لە هەرێمدا هاوجووت دەبێت و پێویستییەکی هەنوکەیی ئەم قۆناغەیە.

٢- سەنتەری کەسایەتی مەعنەوی خۆی هەبێت و ڕاستەو خۆ سەربەدیوانی وەزارەت بێت.

٣- ئامانج لە دامەزراندنی ئەم سەنتەرە ئەوەیە:

ا-ڕاهێنانی مامۆستایانی قوتابخانەکانی هەرێم، لە سەر ڕێگای پێداگوگی لەوانە گوتنەوەدا.

ب- بە دیموکراسی کردنی قوتابخانە و لە ڕێگای قوتابخانەو خوێندنگەکانەوە دیموکراسی کۆمەڵگا بکرێت.

ج- سوودوەرگرتن لە ئەزموونە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی تر لە بارەی پێداگوگی و پراکتیزەکردنی لە هەرێمی کوردستاندا.

د- دەستەی مامۆستایانو کارمەندانی کارگێری قوتابخانە فێری مامەلە کردن دەبن لەسەر سیستەمی مەدەنی – دیموکراسی.

هـ- سەنتەر هەوڵدەدات کە خەڵك بەشدار بێت لە دورستکردنی بڕیارو دەسەڵات، وەکو نموونە ئەم هەرەمە لە قوتابخانەوە جێبەجێ دەکرێت.
و- ئەنجامدان و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەسەر کارو ئەرکەکانی قوتابخانەو خوێندنگەکان لەسەر بنچینەیەکی زانستی و دەست نیشانکردنی ڕێگا نوێیەکان.
ز- ئەم سەنتەرە هەول دەدات کە پرۆگرامی پیداگوگی لە دەزگاکانی ئامادە کردنی مامۆستایانیشدا بخوێندرێت بە وەرگرتنی (٥+٥) پوینت کەقۆناغی یەکەم وەکو ئەزموونێکی کرداری بێت.
ی- کارکردن بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەل سەنتەرێکی دەرەوە بۆ نموونە لەگەل سەنتەرێکی پیداگوگی سویدی ، کە هاوشێوەو هاوکاربێت بۆ گۆڕینەوەی شارەزایی و زانیاری لە نێوانیاندا و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی یەکتری.
٥- پەیکەر بەندی سەنتەرەکە لەم بەشانەی خوارەوە پێك بێت و بە پێی پێویست گۆڕانکای تێدا بکرێت :
ا- دەستەی کارگێری کە لە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکانی پێکهاتووە.
ب- بەشی پەرەسەندنی پیداگوگی .
ج- بەشی لێکۆڵینەوەو پلاندانان.
د- بەشی ئیدارەو خۆیەتی .
هـ- بەشی ژمێریاری و تەرازووکاریی (موازنە).
و- بەشی کۆمپیتەرو ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان.
٥- پرۆگرامی کۆرسەکان هەوڵدەدەن کە ڕۆڵی قوتابی لە ( Subject) دەوە بگۆردرێت)ی واتە قوتابی بیروبۆچوونەکانی بەئازادی لەگەل هەڤالان و مامۆستاکانی (Object) بۆ (ئالوگۆربکات بکات. زانستی پیداگوگی وەك زانستێکی سەربەخۆ شێوەو میتۆدی جۆراو جۆر لە ڕەوشی وانە وتنەوە و پەیوەندی قوتابی و دەرس و پەیوەندی کۆمەل و قوتابخانە بەشێوازی نوێ

و پێشکەوتوو دیاری دەکات. ئامانجی دیکە لەم گۆرسانە ئەوەیە کە دیموکراتی لە ژووری خوێندن و قوتابخانەدا پەیرەو بکرێت‌و پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی لە سەر بنەما دیموکراتیەکان پتەوتر بکات هەروەها بەڕێوەبەران فێری شێوەی ئۆرگانیزەکردن‌و ڕێکخستنی قوتابخانەکان دەکات و ئەرکەکان بەشێوەیەکی مۆدێرن دابەش دەکرێت‌و، هەول دەدات دەسەلاتی قوتابخانەو مامۆستاو بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر ڕێك بخرێت بە چەشنێك ناوەندی هزرو بۆچوونەکان‌و پێش خستن‌و گەشەکردنی قوتابی، بێت هەروەها سەنتەری پیدا گوگی پرۆگرامێك دادەنێت بۆ لێکۆلینەوە لە سەر ئەو گۆرانکایانەی کە لەناو ئەو قوتابخانانەدا دەکرێت، کە پەیوەستن لە گەل سەنتەری پیداگوگی، بەهاوکاری پسپۆڕەکانی بیانی و زانکۆکانی کوردستانیش و چاودێری‌و هاوکاری قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا دەکەن لە سەر ئەو قوتابخانانەدا کەسەنتەری پیداگوگی بە پێی ڕۆشنایی پیداگوگی تازەوە گۆڕانی بەسەردادێت.

**هەشتەم: سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی :-**

١ / پەیکەری ڕێکخستنی ب.گ.سەرپەرشتیکردنی (پێشنیازکراو)

ب.گ.سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی

سەرەتایی ← ئەنجومەنی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی →
دواناوەندی

ب.سەرپەرشتیکردنی دواناوەندی
سەرەتایی
( دواناوەندی و پیشەیی )

ب.سەرپەرشتی کردنی دواناوەندی
سەرەتایی

بەرپرسانی س/پ
پسپۆری

یەکەی س/ دواناوەندی
سەرەتایی

ب.سەرپەرشتییکردنی
(باخچەی ساوایان و سەرەتایی)

ب.سەرپەرشتی کردنی

بەرپرسانی س/

یەکەی س/

* سەربەخۆیی دەزگەی سەپەرشتیکردن:-

مەبەست لە پەیکەری پێشەوە بەستنەوەی ئاراستەکانی سەرپەرشتی کردنە لە ڕووی کارگێری و داراییەوە بە یەکترییەوە تا سەربەخۆیی سەرپەرشتیکردن مسۆگەر بکات، واتە بە یەکتر بەستنەوەکە لە هەردوو بواری ئاماژە پێکراو لە پێشەوە بە شێوەیەکی ستوونی بێت ( لە قەزاوە تا وەزارەت ) . بەمانایەکی تر لە ڕووی کارگێری و داراییەوە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پەیوەندی نەبێت بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی قەزاکان و ( ب.گ.) یەکان لە پارێزگاکان بە مەبەستی مسۆگەر کردنی هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروست و دوور لە هەر هۆکارو کاریگەرییەك.

بەلام لە ڕووی هونەرییەوە ( تەکنیکی ) پێویستە پەیوەندی دەزگای سەرپەرشتیکردن زۆر بەهێز بێت لەگەڵ یەکەکانی کارگێریی پەروەردەیی هەر یەکەو لە ئاستی خۆیدا بە مەبەستی پاڵپشتی و بەشداریکردن لە پێشخستنی پرۆسەی پەروەدەو فێرکردندا .

**هەڵسەنگاندن :- ٢-**

**ا- هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاران : -**

ساڵانە بە پێی فۆرمێکی تایبەت ئەنجام دەدرێت کە ئامادە دەکرێت وە ئەم بوارانەی خوارەوە لە خۆدا دەگرێت .

١- کەسایەتی لەڕووی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەوە.

٢- شارەزایی لە بواری پسپۆری خۆی و توانای لە بەدوادا چووندا.

٣- توانای کارگێریی و ڕادەی پابەندبوونی بە ڕێنماییەکان .

٤- پەیوەنـدی سەرپەرشـتیار لەگـەڵ دەسـتەی کـارگێڕیی قوتابخانـە و مامۆستایان و هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە بواری پەروەردەوە.
٥- توانای لە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی مامۆستایان.
٦- توانای لە داڕشتن و جێبەجێ کردن و بەدواچوونی پلانی ساڵانەی .
٧- ڕادەی بایەخدانی بە چالاکییە پەروەردەییەکان و کۆڕ و کۆبونەوە و سیمینارە گشتییەکان.

٨- ڕادەی بایەخدانی بەهەستی نەتـەوەیی و نیـشتمانپەروەریی و مـافی مرۆڤ و ژینگە پارێزییەوە.

٩- ڕادەی بایەخـدانی بـە هەڵسەنگاندنی مامۆسـتایان لـە کۆتـایی سـاڵی خوێندندا .

١٠- پێشنیار و بۆچوونەکانی لە ماوەی ساڵی خوێندنـدا بـۆ پێشخـستنی پرۆگرامەکان و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەی : بڵاوکراوە، نووسین لە میدیاکان ، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی ...هتد .
١١- رادەی بایەخـدانی بـە ئامـار و تۆمـار گـەی زانیـاری ( تایبەتـە بـە قوتابخانـەکانی سـنووری سەرپەرشـتییەکەی ) و تۆمـاری سـەردانی سەرپەرشتیاران.

**هەڵسەنگاندنەکە بەم شێوەیە دەکرێت:-**

یازدە خانی سەرەوە دەکرێتە (دە) خانۆ و هەر خانۆیەک ( بوارێک) (١٠) نمرەی لە سەردەبێت و لە کۆتاییدا بە (مەزندە) ڕادەگەیەنرێت و کەمترین نمرەی دەرچوون (٦٠٪) دەبێت و (مەزندەکانیش) بەم شێوەیە دەبن :-

أ- ٦٠-٦٩ (ناوەند)

ب- ٧٠- ٧٩ (باش)

ج- ٨٠-٨٩ (زۆر باش)

د- ٩٠- ١٠٠ ( نایاب)

ئەوانەی لە (٦٠) کەمتر بەدەست دەهێنن (لاوازن)

ئەگەر سەرپەرشتیار لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن پلەی (لاواز) وەرگرت ئەوا چاو دەخشێنرێتەوە بە پلەکەی و ئەگەر تازە دامەزراوبوو چەسپاندنی دوادەخرێت.

نمرەکانی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاران دابەش دەکرێن لە نێوان سەرپەرشتیاری یەکەم لە قەزا و ب. سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا بەم شێوەیە :-

٦٠٪ لە لای سەرپەرشتیاری یەکەم لە قەزا دەبێت.

٤٠٪ لە لای سەرپەرشتی کردن دەبێت لە پارێزگا

نمرەکانی سەرپەرشتیاری یەکەمیش بە نهێنی دەردێتە ب. سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا.

ئـەنجامی کۆتـایی هەڵسەنگاندن بەشـێوەی (مەزەنـدە) ڕادەگەیـەنرێت و لەرێی سەرپەرشتیاری یەکەمـەوە ( لـە قـەزا) سەرپەرشـتیاریی لـێ ئاگـادار دەکرێتەوە و ڕاسپاردەی پێویستی بۆ دەنووسرێت، کە تیایدا ئـەو خاڵانـەی کە پێویستە بایەخی زیاتر یان پێ بدات یان توانا کانی تیایدا بەرزکاتـەوە روون دەکرێتـەوە. ئەگـەر جیـاوازی لـە نێـوان هـەردوو هەڵسەنگاندنیش جیاوازییێکی زۆر بوو پێویستە ب.گ.سەرپەرشتیکردن بەدواچوونەوەی بـۆ بکات.

**ب- هەڵسەنگاندنی مامۆستایان :**

سـاڵانە مامۆسـتایان لەلایـەن سەرپەرشـتیارانەوە هەڵدەسـەنگێندرێن و بـۆ ئەم مەبەستەش فۆرمێکی تایبەت ئامادەکراوە (پێشنیازکراوە)، کـە چـەند بوارێك لە خۆدا دەگرێت لەوانە (پلاندانان — شێوازەکانی وانـە وتنـەوە — کەسـایەتی — پابەنـدبوون بـە رێنماییـەکان — ئـەنجام دانـی کـاری هەڵسەنگاندن — کاریگەری لەسەر قوتابیان و خوێندکاران)

هەروەها فۆرمێکی تایبەتیش بۆ هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرو یاریـدەدەرانی قوتابخانەکان ئامادەکراوە کە بوارەکانی :

پـلان دانـان — سیـستەمی قوتابخانـە — هەڵسو کـەوت لەگـەڵ کۆمـەڵگای قوتابخانە و کۆمەڵگای خۆیەتی — بینایەی قوتابخانـە — ئاستی خوێنـدنی قوتابیـان وخوێنـدگاران — کارمەنـدانی قوتابخانـە — دیـدەنی و سـەردان و بەسەرکردنەوە — پابەند بوون بەرێنماییەکان .

هـەر یەکـە لـەو بوارانـەی سـەرەوە وردەکرێنـەوە بـۆ خـاڵی تـرو بـەپێی گرنگییان نمرەیان بۆ دیاری کراوە.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پەروەردە .....

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە /

ژمارەی فۆرم /

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای /

ڕۆژی پێشکەشکردنی فۆرم/

یەکەی سەرپەرشتیکردنی ناوەندیی /

جۆری پسپۆری/

فۆرمی هەڵسەنگاندنی مامۆستا

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠/٢٠٠٠ زاینی - ٢٧٠٠/٢٧٠٠ کوردی

ناوی چوارینی مامۆستا.....................

ڕەگەز : مێ ، نێر

ناوی قوتابخانە.......................

شوێنی قوتابخانە : شار ، گوند

بەرواری یەکەم دامەزراندنی : / /

شوێنی یەکەم دامەزراندنی :

بەرواری پەیوەندی کردنی بەم قوتابخانەیە: / / /

ئەو بابەتەی دەیڵێتەوە:

ساڵی لە دایك بوون :

ئەو پۆلانەی وانەی تیادەڵێتەوە:

بەشەوانەی لە هەفتەیەکدا :

| بوارەكانی هەڵسەنگاندن | | |
| --- | --- | --- |
| جۆری بواری هەلسەنگاندن | بەشەكانی بواری هەڵسەنگاندن | پلەی هەلسەنگاندن بە دەربڕینی زارەكی |
| پلاندانان (التخطيط) | ١- ئامادەكردنی پلانی ساڵانە لە سەرەتای ساڵی خوێندن.<br>٢- گونجانی پلانی ساڵانە لەگەڵ رۆژەكانی ساڵی خوێندن.<br>٣- پابەند بوون بە جێبە جێكردنی پلانی ساڵانە.<br>٤- دەوڵەمەندكردنی پلانی سالانە بە چالاكی و داهێنان .<br>٥- ئامادەكردنی پلانی (وانە) رۆژ بە رۆژ بەر لە چوونە ژووری پۆل.<br>٦- پابەندبوون بە جێبە جێكردنی بڕگەكانی پلانی (وانە).<br>٧- گونجاندنی پلانی وانە لەگەڵ ئامانجی بابەتی وانەوتنەوەكەدا.<br>٨- دەوڵەمەندكردنی پلانی وانە بە چالاكی و داهێنان. | |
| شێوازی وانە وتنەوە (طرق التدريس) | ١- خۆمائادەكردنی رۆژانە (التحضير اليومى ).<br>٢- توانا و شارەزایی مامۆستا لە بابەتی وانەووتنەوەدا. | |

| | | |
|---|---|---|
| | ٣- گونجاندنی شێوازی وانە ووتنەوە لەگەڵ ئامانجی وانەکەدا٠<br>٤- زمان پاراویی مامۆستا لە ناو پۆل دا (السلاسة اللغویة للعلم)٠<br>٥- بەستنەوەی بابەتەکە بە ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی قوتابی٠<br>٦- شێوازی بەڕێوەبردنی پۆل٠<br>٧- بایەخدان بە چالاکی ناو پۆل و چالاکی ماڵەوە ٠<br>٨- ڕەچاوکردنی جیاوازیەکانی نێوان قوتابیان لە کاتی وانە وتنەوەدا ٠ | |
| هۆیەکانی فێرکردن (الوسائل التعلیمیة) ئامێرەکانی تاقیگە | ١- بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی هۆی فێرکردن ٠<br>٢- بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردنی جۆراوجۆر ٠<br>٣- گونجاندنی هۆی فێرکردنەکە لەگەڵ ئامانجی بابەتەکەدا٠<br>٤- شێوازی بەکارهێنانی هۆی فێرکردن ٠<br>٥- ڕەخساندنی بوار لەبەردەم قوتابیاندا بۆ بەشداری لە بەکارهێنانی هۆی فێرکردن | |

| | | |
|---|---|---|
| کەسایەتی | ١- پێشەنگێکی چاك (القدوه الحسنه).<br>٢- گرنگیدان بە ڕەوالەتی دەرەوە •<br>٣- هەلسەوکەوتی لەگەڵ قوتابی دا •<br>٤- ئارامیی و لەسەرخۆیی •<br>٥- توانای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان •<br>٦- پەیوەندی لەگەڵ کارمەندانی ناو قوتابخانە •<br>٧- پەیوەندی لەگەڵ کەسو کاری قوتابیان •<br>٨- ئامادەیی بۆ ڕەخنە لێ گرتن • | |
| پابەندبوون بە ڕێنمایەکان | ١- ڕۆژانە ئامادەبوونی لە قوتابخانە لە کاتی خۆی دا •<br>٢- پابەندبوونی بە ڕێنمایەکانی سەرپەرشتیاران •<br>٣- بەشداریکردن لە لیژنە زانستی و پەروەردەییەکان •<br>٤- ڕادەی هاوکارکردن لەگەڵ سەرپەرشتی کارگێری قوتابخانە • | |
| ئەنجامدانی کاری | ١- بەردەوامیی لە ئەنجامدانی کاری هەلسەنگاندن لە ناو پۆلدا• | |

| | | |
|---|---|---|
| هەڵسەنگاندن | ٢- بەرفراوانی هەڵسەنگاندن (هەموولایەنەکانی بابەتەکە دەگرێتەوە)٠<br>٣- پەیرەوکردنی هەڵسەنگاندنی جۆروجۆر٠ | |
| کاریگەری مامۆستا لە قوتابیان | ١- ئاستی بە دەستهاتووی خوێندن.<br>٢- هاوبەشی پێکردنی قوتابیان لە بەدەستهێنانی ئامانج ٠<br>٣- ڕاهێنانی قوتابی لەسەر گفتو و گۆ و لەیەك گەیشتن ٠<br>٤- بەدیهێنانی کارامەیی (مهارە) لە بە جێهێنانی کاری تاکە کەسی و کۆمەڵدا٠<br>٥- ڕواندنی (بەهاکان) و ئارەزوو لە دەرونی قوتابیدا٠ | |

## ئه نجامی گشتی هه‌ڵسه‌نگاندن :-

پوخته‌ی تێبینیه‌كان:

مامۆستایه‌كی سه‌ركه‌وتوو داهێنه‌ره ، مامۆستایه‌كی ئاساییه

به‌شداری خولی راهێنان بكرێت ، سه‌رله نوێ ئاماده‌بكرێته‌وه ( تاهیل بكرێته‌وه )

تێبینی و راسپارده‌كان : ئیمزای سه‌رپه‌رشتیار/

ناوی سه‌رپه‌رشتیار /

وێنه‌یه‌ك بۆ :

ب٠س٠ سه‌ره‌تایی و باخچه‌ی ساوایان / ب٠گ٠پ / ......................

یه‌كه‌ی سه‌رپه‌رشتیكردنی په‌روه‌رده‌یی /.........................

قوتابخانه‌ی /.......................................

حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان

وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده ...

به‌رێوه‌به‌رایه‌تی گشتی په‌روه‌رده.................... به‌رواری

پێشكه‌ش كردنی فۆرم /

یه‌كه‌ی سه‌رپه‌رشتیكردنی سه‌ره‌تایی و باخچه‌ی ساوایان جۆری پسپۆری / كارگێری

## فۆرمی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠/٢٠٠٠ زاینی - ٢٧٠٠/٢٧٠٠ کوردی

ناوی چوارینی بەڕێوەبەر/................ ڕەگەز :

نێر ، مێ

ناوی قوتابخانەکە ...................... شوێنی

قوتابخانە : شار ، گوند

بەرواری یەکەم دامەزراندن: / / / /

شوێنی یەکەم دامەزراندنی :

بەرواری بوونی بە بەڕێوەبەر: / / /

ساڵی لە دایك بوون :

| بوارەکانی هەڵسەنگاندن | | |
|---|---|---|
| جۆری بواری هەلسەنگاندن | بەشەکانی بواری هەڵسەنگاندن | پلەی هەلسەنگاندن بە شێوازی زارەکی |
| پلاندانان (التخطیط) | ١- دانانی پلانێکی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکان ٠<br>٢- پابەندنەبوون بە جێبە جێکردنی پرگەکانی پلانە ستراتیژییەکە ٠<br>٣-بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی پلانەکە ٠<br>٤- دەولەمەندکردنی پلانەکە بە چالاکی و داهێنان ٠<br>٥- گونجاندانی پلانەکە لەگەڵ سیستەمی کارگێری قوتابخانەکاندا ٠ | |

| | | |
|---|---|---|
| | ١- دابەشـــکردنی ئـــیش و کـــار و بەرپرسیارییەتی بەسـەر یاریـدەدەر و کارمەندانی قوتابخانەکەدا ٠<br>٢- دابەشـــکردنی بەشـــەوانە بەســـەر ماموستایاندا بـــە پێـــی پـــسپۆری و شارەزاییان.<br>٣- ڕێکخـــستنی تاقیکردنـــەوە کـــان و هەڵـــسەنگاندنەکان و پاراســـتنی بروانامەکان٠<br>٤- بایەخـــدان بــــە تۆمارەکــــان و ڕێکخـــستنیان و بەدواداچـــون لەســـەر تۆمارکردنی زانیارییەکان تیایاندا ٠<br>٥- کـــاراکردنی ئەنجومـــەنی باوکـــان و ماموســـتایان و بەدواداچـــوون لەســـەر جێبە جێ کردنی ڕاسپاردەکان ٠<br>٦- بایەخدان بە ڕۆڵی (داتا) و ڕاگرتنـی تۆمارێك بۆ ئامارەکان ٠ | سیستەمی قوتابخانە ( النظام المدرسی) |
| | ١- ڕەخساندنی بارودۆخێکی گونجا و لە پەیوەنـدی چـاك و هاوسـەنگ لەگـەڵ دەستەی ماموستایان٠<br>٢-پەیـــــداکردنی پەیوەندییـــــەکی (پوزەتیفانــە) لەگـــەڵ فەرمانبـــەر و کارگوزاران ٠<br>٣- پەیـــــداکردنی پەیوەندییـــــەکی (پوزەتیفانە) لەگەڵ قوتابیان ٠<br>٤- بـــەدیهێنانی بەشـــداری کردنێکـــی پەروەردەیانــە لەگــەڵ کــەس و کــاری قوتابیانـــدا لـــە ڕێگـــەی (چـــالاکیە | هەلسو کەوت لەگەڵ کۆمەڵگەی قوتابخانە و کۆمەڵگەی خۆجێەتی التعامل مع المجتمع المدرسي و المحلي |

| | | |
|---|---|---|
| | پەروەردەییەکان ، بلاوکردنەوەی هوشیاری پەروەردەیی ) . | |
| بینای قوتابخانە | ١- بایەخدان بە چاکردنەوە و خاوێن راگرتن و جوانکاری بینای قوتابخانە<br>٢- بەدواداچوون بۆ (سەلامەتی) بەشەکانی بینای قوتابخانە و گۆرەپانەکانی وەرزش و ئامێر و کەلوپەلەکانی ناو قوتابخانە .<br>٣- رواندنی گیانی هەست بە لێپرسینەوە لە ناو کارمەندان و قوتابیاندا بۆ پارێزگای و پاراستنی بینا و کەلوپەلی قوتابخانە .<br>٤- رۆلی لە دابین کردنی کتێبخانە و تاقیگە و هۆیەکانی فێرکردن . | |
| ئاستی خوێندنی قوتابیان | ١- شیکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و راگرتنی تۆمارێکی (بەدواداچون) بۆ رێژەی دەرچوون مانگ بە مانگ .<br>بەشداری لەگەڵ دەستەی مامۆستایان بۆ دارشتنی پلان بۆ بەرزکردنەوە ئاستی خوێندن لە قوتابخانەدا . | |
| کارمەندانی قوتابخانە | ١- بەدواداچوون لەسەر گەشەی پیشەیی کارمەندانی ناو قوتابخانە .<br>٢- بەدواداچوونی ئیش و کاری کارمەندان .<br>٣- راگرتنی تۆمارێکی تایبەت بە کارمەندان و هەلسەنگاندنی ئیش و | |

| | | |
|---|---|---|
| | کارەکانیان ٠ | . |
| دیدەنی و بەسەرکردنەوە | ١- بایەخ دان بە دیدەنی مامۆستایان لە پۆلەکانیاندا و تۆمارکردنی راو سەرنج و تێبینەکانی لە (تۆماری دیدەنی مامۆستایاندا) ٠<br>٢- بەدواداچوونی بایەخدانی مامۆستایان بە پلانی سالانە و پلانی وانە٠ | |
| بەندبون رێنماییەکان | ١- پابەندبوون بە رێنماییەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردە ٠<br>٢- پابەندبوون بە رێنمایەکانی سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێری ٠<br>٣- بەدواداچوونی جێ بە جێ کردنی رێنمایی و راسپاردەی سەرپەرشتیاران لەلایەن مامۆستایانەوە | |

## ئه نجامی هه‌ڵسه‌نگاندن

پوختەی تێبینیەکان:
بەڕێوەبــــەرێکی ســــەرکەوتو راهێنــــەر، بەڕێوەبــــەرێکی ئاســــاییە،
بەشداری خولی کارگێری بکرێت بگوێزرێتەوە لا بیرێت لە بەڕێوەبەر
ئیمزای سەرپەرشتیاری/
ناوی سەرپەرشتیار/
وێنەیەك بۆ :
ب٠س٠ سەرەتایی و باخچەی ساوایان / ب٠گ٠پ / ........................
یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی /...........................
قوتابخانەی /.............................................

دوا کــۆ کردنــەوەی نمرەکــان ئــەنجامی هەڵــسەنگاندن بــە شــێوەی (مەزەنــدەکردن) رادەگەیــەنرێت وێنەیــەکی دەدرێتــە مامۆســتاکە و وێنەیەکیش لە ناو دۆسیەیکەسی هەڵدەگیرێت (مەزندەکانیش) یەکان بەم شێوەیە دەبن :-

| | |
|---|---|
| لە ٦٠٪ کەمتر | / لاواز |
| ٦٠-٦٩ | / پەسند |
| ٧٠-٧٩ | / باش |
| ٨٠-٨٩ | / زۆر باش |
| ٩٠-١٠٠ | / نایاب |

ئەگەر هەڵسەنگاندنی مامۆستا (لاواز) بــوو ، پێویــستە بخرێتــە (خــولی دووبــارە شــیاندن ) و ئەگــەر لــە ســاڵی دووەمیــشدا پلــەی ( لاواز ) ی بەدەست هێنا پێویستە لەکاری مامۆستایەتی بەردەوام نەبێت .
ئەگــەر مامۆســتا پلــەی (پەســەند ) بەدەســت هێنــا پێویــستەخولی بەهێزکردنی بۆ بکرێتەوە.

پلەکانی (باش) و ( زۆرباش) بەئاسانی لە قەڵەم دەدرێن .
ئەگەر مامۆستا پلەی (نایاب) ی وەرگرت لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن ، بە نووسراو رێزو سوپاسی ئاراستە دەکرێت ، وئەگەر سێ ساڵ لەسەر یەك هەمان ئەنجامی هەبوو بڕوانامەی رێزلێنانی پێ دەدرێت.
لەکۆتاییدا بەپێویست زانرا ئەم دوو پسپۆرییەی خوارەوە لەسەرپەرشتیکردن نەمێنن:-
١- تاقیگەکان .
٢- فێرکردنی گەوران .

## مەرج و پێوەرەکانی بوون بە سەرپەرشتیار :-

١- پێویستە سەرپەرشتیار بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی :-
ا- (دبلۆم) بێت لە بواری پەروەردە بۆ سەرپەرشتیارانی قۆناغی سەرەتایی.
ب- (بکالۆریۆس) بێت بۆ سەرپەرشتیارانی قۆناغی دواناوەندی .
٢- پێویستە خاوەن رابردوویەکی پاك و رەوشتێکی بەرزو ئەزموونێکی سەرکەوتو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بێت .
٣- پێویستە خزمەتی کرداری (فعلی) لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری پەروەردەدا و لەوانەش:
ا- (٥) ساڵ کارگێری قوتابخانەی کردبێت بۆ سەرپەرشتیارانی پسپۆری کارگێری .
ب- (٣) ساڵ وانەی وتبێتەوە لە پسپۆرییەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لە قۆناغی ئامادەییدا بۆ سەرپەرشتیارانی پسپۆرە جیاوازەکان ( جگە لە کارگێری ) لە قۆناغی دواناوەندیدا .

٤- تەمەنی لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت .

٥- هیچ جۆرە سزایەکی بەرزەفتی (انضباطي) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دا ئاراستە نەکرابێت.

٦- پێویستە بەسەرکەوتوویی لە خولی شیاندنی سەرپەرشتیاران دەربچێت ( کە ماوەکەی لە دوو مانگ کەمتر نەبێت) پێش دەست بەکار بوونی .

٧- شارەزایی سەرەتایی هەبێت لە بەکارهێنانی کومپیوتەر و ئەنتەرنێت بەتایبەتی بەرنامەکانی (ویندۆز و وێرد) .

٨- نمرەی دەرچوونی لە تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیاریی دا لە ٦٠٪ کەمتر نەبێت.

**ژمارەی ئەو مامۆستایانەی بەر سەرپەرشتیاران دەکەون**

**تێکرای ئەو مامۆستایانەی بەر سەرپەرشتیاران دەکەون بۆ هەڵسەنگاندنیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

١- قۆناغی سەرەتایی:

ا- بۆ پسپۆرییەکانی (کوردی – ئینگلیزی – زانستەکان –بیرکاری ) (٦٠) مامۆستا .

ب- بۆ پسپۆرییەکان : ( کارگێری – کۆمەڵایەتیی _هونەر _ وەرزش – باخچەی ساوایان – پەروەردەی تایبەت – عەرەبی) (٥٠) مامۆستا .

٢- قۆناغی دواناوەندی :

ا- بۆ پسپۆرییەکانی (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی – کۆمەڵایەتی ) (٦٠) مامۆستا .

ب- بۆ پسپۆرییەکانی : ( کارگێری – بیرکاری –کۆمپیوتەر –وەرزش – فیزیا – کیمیا- بایلۆجی – هونەر) (٥٠) مامۆستا .

**تێبینی :**

لەپەروەردەی قەزاکاندا بۆ سەرپەرشتیارانی نیشتەجێی قەزاکە لە هەر پسپۆرییەکدا ئەگەر بەشە مامۆستای تەواو نەبێت دەکرێت سەرپەرشتیارێك هەبێت بە مەرجێك ژمارەی مامۆستایانیان بگاتە ٥٠٪ نصابی بریار لەسەر دراو ، بەلآم بۆ سەرپەرشتیاری دووەم پێویستە بەشە مامۆستای (نصاب) تەواو ببێت.

**نۆیەم: چالاکی وەرزشی و هونەری**

**ڕاسپاردەکان:**

١- داڕاشتنی پرۆگرامی هاوچەرخ کە ساکاریی و شەفافیەتی تێدابێت بە تایبەتی لە قۆناغی باخچەی ساوایان و فێرکردنی تەوزیمی بۆ فێرکردن بێت وبایەخ بدات بە یارییەبچووکەکان و جموجۆڵی ئازادو ساکار بە پێی ئاوازی مۆسیقا لە ئاسانەوە بۆ گران.

٢- کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ سەرجەم مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی بە بەشداریەکی زانستی بە گوێرەیی پسپۆری یاریەکانی وەرزشی.

٣- وانەی پەروەردەی وەرزشیی لەلایەن مامۆستای پەروەردەی وەرزشیی بووترێتەوە نەك مامۆستایانی تر و کارگێریی.

٤- پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ کاروباری وەرزشی هەرێم لە نێوان دەزگاکانی وەرزشی وەزارەتی ( پەروەردە – وەرزشیی و لاوان – خوێندنی بالآو ئەنجومەنی ئولۆمپی) بۆ گەشە پێدانی وەرزش .

٥- دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دیدەوانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە ٠

٦- گەشەپێدانی پێشبرکێی پۆلەکانی قوتابخانەکان و خوێندنگەکان بۆ پێشکەوتنی رەوتی وەرزشی و تەرخان کردنی بودجەیەك بۆ ئەم مەبەستە٠

٧- پێك هێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لەسەرجەم پەروەردەکان بۆ دامەزراندن و گواستنەوە و رێکخستنی میلاکی مامۆستایانی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی پەروەردەکان کە پێك هاتبێ لە:-

ا) بەڕێوەبەری چالاکی وەرزشیی و دیدەوانی ٠

ب) سەرپەرشتیاری پسپۆری وەرزشی ٠

ج) سەرپەرشتیاری پەروەردەی وەرزشی ٠

٨- دارشتنی پەیکەرێکی رێکخستن بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی کە بەشێوازێکی یاسایی و زانستی کە ژمارەی کادیرانی لە ز ١ — دوو کادیری پەروەردەی وەرزشی لە کوڕ و کچ ٠

٩- تاقی کردنەوە هەبێت بۆ وانەی پەروەردەی وەرزشی بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی و خوێندکار کە بەم شێوەیە بێت:

ا) نمرە دانان بۆ تاقی کردنەوەی تیوری (نەزەری ٢٥٪) ٠

ب) نمرە دانان بۆ پراکتیکی بە رێژەی (٧٥٪) بێت ٠

١٠- تەرخانکردنی پارچە زەوی کە لە (١٥) پانزە دۆنم کەمتر نەبێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشیی و دیدەوانیی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای وەرزشیی بۆ پەروەردەکان ٠

١١- پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای دیدەوانی لە هەرێمی کوردستاندا٠

١٢- سالأنه بۆ پەرەپێدانی ئاستی مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی خولی دیدەوانیی سەرکردایەتی بۆ مامۆستایانی پەروەردەکانی هەرێم سازبدرێت.

چادرگایەکی گەورە بە شێوەیەکی یاسایی وەك چادرگەیەکی هەمیشەیی (بەردەوام)  لە شارەکانی کوردستاندا بێتە دروست کردن هەروەها بۆ پەروەردەکانی تر  بەرِوبەری (١٠ — ١٥) دۆنم چادرگەیەکی ئاسای دروست بکرێت ٠

١٣- بۆ ئاشنا بوون و شارەزایی کردنیان بەزانستەکانی دێدەوانیی پێویستە کادر و دیدەوانان رەوانەی دەرەوەی ولأت بکرێن بۆ ئەوەی لە خولی پێگەیاندن و پەرەپێدان بەشداربن٠

١٤- کۆنفرانسی هەفتانەی قوتابخانەکان بۆ ماوەی نیو سەعات بۆ کێشەی قوتابی وخوێندکارلە قوتابخانەکان هەبێت٠

١٥- کۆنفرانسی سالأنەی هەموو قوتابخانە و خوێندنگەکان بۆ یەك رۆژ بکرێت بۆ تاوتێکردنی گیروگرفتە پەروەردەیی وکارگێری قوتابخانەکە ئەو رۆژە قوتابی وخوێندکار دەوام ناکەن.

**راسپاردەکانی چالاکی هونەری:**

١- دەرچووانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەر تەنها وانەی پسپۆری خۆیان بلێنەوە ٠

٢- پێویستە هەر بەشێکی چالاکی قوتابخانەکان گروپی (موزیکی و شانۆ و شێوەکاری ) هەبێت بۆ بەشداری کردن لە چالاکی و جموجۆلە هونەریەکان ٠

٣- دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەر تەنها لە وەزارەتی پەروەردە بێت٠
٤- سازکردنی گەشتی هونەریی بۆ ناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە تایبەت ئەو گروپە هونەریانەی زۆر چالاکن ٠
٥- ناردنی کارمەندانی هونەری پسپۆر و کارامە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و بەشداری کردنیان لە خولی هونەریدا ٠
٦- کردنەوەی بەشێك لە پەیمانگە و کۆلیژی هونەرە جوانەکان بۆ خوێندنی پەروەردەی هونەری ٠
٧- گرنگیدان بە خولی هاوینەی هونەریی بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ بەهێز کردنی توانای هونەریان ٠
٨- دروستکردنی بالاخانەیەکی شیاو بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی و هونەریی قوتابخانەو خوێندنگەکان کە هۆڵێکی گەورەو ژووری نوستنی تێدابێت بۆ میوانان (قوتابی و خوێنکار و مامۆستا) و لەکاتی ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانی فیستیڤاڵی ساڵانە لەسەرجەم پەروەردە گشتی یەکان.
٩- دانانی پرۆگرامی هونەریی وەك میتۆد بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، پراکتیکی و تیۆری ٠
١٠- گرنگیدان بە ستۆدیۆی هونەریی و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بە خۆیەوە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەریی دەنگ و ڕەنگ، وەهەمەهەنگی لە نێوان ستۆدیۆکان و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و تەلەفزیونەکانی تر بۆ تۆمار کردنی بەرهەمە هونەرییەکان٠
١١- ڕێکخستنی میلاکاتی ناو چالاکییە هونەرییەکان بەپێی پسپۆری هونەرییان٠

١٢ – گەڕانــەوەی وانــەی پــەروەردەی هونــەری بــۆ ســەرجەم قۆناغــەکانی سەرەتایی و ناوەندیی.

١٣- بایەخدان بەچالاکی هونەریی باخچەی ساوایان •

**دەیەم: پلانی پەروەردەیی**

پلانی پەروەردەیی وەکو چالاکییە هەوڵدانە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئامانجە گشتییەکان .

لێرە چەند هەنگاوێکی بنەڕەتی هەن، پێویستە ئاگاداریان بین لەو بوارەدا.

- دەستنیشانکردنی ئامانجەکانو بڕیار لەسەردانیان.

- دەستنیـشانکردنی ئـەو هۆیانـەی دەتـوانن ئـەو ئامانجـە گـشتییانە بـەدی بێنن

- هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکەو کاریگەری کردنیـان پێش هەڵسەنگاندن.

- هەڵــسەنگاندنی بــەردەوام بــۆ ئــەوەی بزانــدرێت ئامانجــەکان جــێ بەجێکراون یان نا؟

پلانی پەروەردەیی لە کۆنەوە چەختی لەسەر هەنـدێ بابـەتی چەندیەتی کردووە هەروەها تۆمارکردنی نـاوی قوتابیـان . بـەڵام لـە ناوەنـدی ساڵانی حەفتا لە سـەدەی رابـردوودا حکومەتـەکان بایـەخی زۆریـان بـە چۆنیەتی دەرچـوانی خوێنــد دا بەتایبــەتی ئــەوەی پەیوەنــدە بەئاسـتی زانیـاریو لێهاتوویی قوتابی ئەو گۆڕانکاریانەی کە چەختی لەسەرکرابوو بووە هۆی زۆر بوونی لایەنی زانستیو لەسەر کاری پـەروەردەیی کـاری گـەری لەسـەر ئاستی قوتابیانو فێرکردن لەوانەی کەپەیوەندی بەدایكو باوکـان، جیـران، قوتابخانە، مامۆسـتایان، بەڕێوەبـەری قوتابخانـەکان بەرپرسـانی پـەروەردە هەیە.

بۆیــە پلانــی پــەروەردەیی ڕۆڵــی بنــەڕەتی هەیــە لــە چاکــسازی کردنــی سیستەمی فێرکردن لەو بوارانەی خوارەوەدا:

١- گەشەپێدانی پرۆگرامەکان

٢- نەخــشەسازیی‌و ئامــادەکردن‌و هەڵــسەنگاندنی هۆیــەکانی فێرکــردن‌و ڕێگەی وانە وتنەوە

٣- ڕاهێنان‌و دووبارەکردنەوەی شیاندنی مامۆستایان‌و بەڕێوەبــەرو ئــەوەی پێویستە بۆ بەرنامەی چاك سازی.

٤- دورســتکردنی ژینگەیــەکی گونجــاو بــۆ پرۆســەی پــەروەردەو فێرکــردن‌و ئــــەوەی پەیوەنــــدە بــــە بینــــای قوتابخانــــەو پێداویــــستی بنــــەڕەتی بــــۆ جێبەجێکردن‌و سەرپەرشتی و چاودێری‌و میلاکات.

لەســەر وەزارەتــی پــەروەردە پێویــستە بایــەخێکی گــرنــگ بــدات بەدورســت کردنــی دەزگەیــەکی پــلان دانــانی بــەتواناو شــارەزاو لێهــاتوو بــۆ هــەڵگری بەرپرسیارییەتی لە دانانی ستراتیژیەتی گۆرانکاری لە سیستەمی فێرکردن جــێ بــەجێکردنی بەرنامــەی چاکسازی و بــۆ ئــەم مەبەســتەش پێویــستە سوود لە توانای کادرەکانی ناو خۆ شارەزایانی دەرەوەش وەربگیرێت.

**یازدەم: کارگێری قوتا بخانەکان:-**

بەڕێوەبەر بە پێی مەرج و ڕێنماییەکان دەستنیشان بکرێت، کە پێویــستە کەسایەتیەکی دیارو بەرچاوی هــەبێت، ڕێــزی لــەناو کۆمەڵگــەدا هــەبێت و هــیچ لێکۆلینەوەیــەکی سزای لەســەر نــەبێت و نیــشتمان پــەروەر بێــت و خزمــەتی لــە مامۆســتایەتی لــە (٦) ســاڵ کــەمتر نــەبێت و لەوانــە(٢)ســاڵ یاریدەدەرایەتی کردبێت .

بەڕێوەبەر خاوەن دەسەلاَت بێت لە چوار چێوەی قوتابخانەی خۆیدا بۆ بنبڕ کردنی کێشەو گرفتەکان بە پەلە و بە ئاگادار بوونی بەرپرسانی پەروەردەیی و بۆ بەهێز کردنی ئەو دەسەلاَتە پلەیەکی وەزیفی پێ بدرێت.

داهاتی فرۆشگەی قوتابخانە کان بۆ خەرجکردن لە پێداویستی قوتابخانەو پاداشت کردنی قوتابی وخوێندکاران و دیاری کردنی پارەیەکی گونجاو بەپێی ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە ژێر دەستی لیژنەیەکی ژمێریاری لە ناو قوتابخانە دەبێت .

بەڕێوەبەر دەبێ ڕەچاوی ئەوخالاَنە بکات .

★ بڕوای بەگۆڕانکاری هەبێت .

★توانای پلان دانانی هەبێت و پرۆگرامی تایبەتی بۆ دابنێن .

★توانای هەبێت پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگە بکات .

★توانای هەبێت لەگەڵ کێشەکاندا خۆی بگونجێت .

★توانای بەدواچوونی هەبێت و ئەوەی پەیوەندی بەکارمەندانی قوتابخانەکەی هەبێت ئامادەی بکات.

★ گرنگیی بە پلانی سالاَنەی کارگێری بدات و خالَەکانی لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکات بۆ بەدوا چوونەوەی لەگەڵ سەرپەرشتیاراندا .

★ پێڕەوکردنی سیستەمی نا مرکزی لەبەرامبەر بۆجێبەجێکردنی کارەکان لەسەر پێوەری ژمێریاریی یەکگرتوو. (الحسابات الموحد).

کاتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە.

★ دەبێ یەکسانی ( رەگەزیی ) رەچاو بکرێت لەکاتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەردا .

★ تـەرخان كردنـی داهـاتی فرۆشـگەی قوتابخانـەكان بـۆ خـەرجكردن لـە پێداویستییەكانی قوتابخانەو پاداشت كردنی قوتـابی وخوێنـدكار لەلایـەن لیژنەیەكی ژمێریاری ناو قوتابخانە بۆ خەرجكردنی ئەم بڕە پارەیە.

لە كاتی پەیدابوونی پلەی بۆشایی لـە پلـەی بەڕێوەبـەری قوتابخانەكانـدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە گەشـتاندن لـە نـاو قوتابخانەكانـدا دەكـات یان بەداواكردنی ئەو كەسانەی كـە مـەرجی پێویـستیان تێـدا هەیـە ئـەم داواكردنە دەنێردرێت بۆئەو كەسانەی ئارەزوویان هەیە ببنـە بەڕێوەبـەر.

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك لە (ب.گ.پ.) پێك دێـت لـە نوێنـەری یـەكێتی مامۆسـتایان. نوێنـەری وەزارەتـی پـەروەردە بـۆ دەستنیـشانكردنی چـوار لەمانـە پاشـان چاوپێكەوتن لـە گـەڵیان بكرێـت، كامیـان بـە توانـا و بـوون دەبێتە بەڕێوەبەر.

★ كردنـەوەی خـولی گەشـەپێدانی كـارگێریی بـەردەوام بـۆ بەڕێوەبـەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە بوارەكانی كارگێریی و ژمێریاریی — كومپیوتەر — پەیوەندی نێوان قوتابخانەو خێزان وە دەروونناسی.

★ پێكهێنانی لیژنەیەك بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە لەم كەسانەی خوارەوە

بەڕێوەبەری قوتابخانە .

یاریدەدەر .

(٢) مامۆستا .

(٢) دایكان و باوكان .

(١) لە دەرەوەی قوتابخانە.

**ئەركی ئەم لیژنەیە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :-**

بەدوا چوونی ئیش و كارەكانی قوتابخانە .

١- لێكۆڵینەوە دەربارەی گەشەپێدانی قوتابخانە .

٢- بەهێزكردنی پەیوەندی نێوان قوتابخانە و كۆمەڵگە.

٣- دانانی پلانی ساڵانەی قوتابخانە بۆ چالاكی وەرزش وهونەریی و چالاكییەكانی تر .

٤- هاندانی باوكان و دایكان بە یارمەتی دانی قوتابخانە لە كاتی پێویستی بۆ چاكردنەوەی قوتابخانە پێداویستییەكانی تر .

٥- داوا لە وەزارەتی تەندروستی بكرێت بۆ دانانی خشتەیەك بۆ سەردانی قوتابخانەكان لە لایەن تیمی پزیشكی بۆ روانین و چارەسەركردنی ئەو قوتابی وخوێندكارانەی پێویستیان بە چارەسەركردن هەیە ئەم سەردانانەش لە دووجار كەمتر نەبێت لەساڵێكدا.

٦- لەسەر هەر بەرێوەبەرێك پێویستە كارتی تەندروستی بۆ هەموو قوتابیەك وخوێندكارێك دروست بكات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ ئاگادار بوون لەسەرباری قوتابییەكان بكات.

٧- پێویستە بەرێوەبەری قوتابخانە لە كۆتایی ساڵی خوێندندا راپۆرتێكی تێرو تەسەل لەسەر هەموو مامۆستاكان ئامادەبكات و لەكەم و كورتیەكانیان ئاگادار بكاتەوە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو مامۆستاكان بكات دەربارەی گیروگرفتەكان و چۆنیەتی گەشە پێدانی ئاستی مامۆستایان لە هەموو بوارەكانەوە.

٨- سیستەمیی یەك پۆشاكی (الزی الموحد) پێرەو بكرێت لە قوتابخانەكان وئەمەش لە رێگەی لیژنەی كارگێری قوتابخانەكان دەستنیشان دەكات.

٩- دانانی پلانی ساڵانەی ڕێك و دروست و داڕێژاو بۆ قوتابخانە.
١٠- لە کاتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێ ساڵی یەکەم لەژێر چاودێری بێت .
ئەگەر هات توانا و لێهاتووی تێدا بەدی نەکرا لە پۆستەکە لادەبردرێت و هەر چوار ساڵ جارێك بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.
١١- یەککردنی تۆمارەکانی قوتابخانە لە ڕووی زنجیرەی بابەتەکان و کردنی بە کوردی ( تۆماری گشتی لە گەڵ بۆردو کارت و تۆماری نمرەی ماموٚستایان ...
١٢- پابەند بوونی بەڕێوەبەر بەڕێنماییە پەروەردەییەکان و بە دوا داچوونی سەرپەرشتیاران و بەو پابەندبوونیان و پاداشتکردنی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو سزادانی سەرپێچی کردن بە پێی یاسا.

**دوازدەم : میلاکات :-**

١- تەنها ئەو ماموٚستایانە دابمەزرێن، کە ئامادە کراون بۆ کاری ماموٚستایەتی لەپەیمانگە و زانکۆکان نەك بروانامەی تر. خانەنشین کردنی ئەوماموٚستایانەی ، کە سوودیان لێ وەرناگیرێ بۆ کاری ماموٚستایەتی بەهۆی کەم توانایی و نەخۆشی درێژ خایەن و تەمەنەوە، بە مووچەیەکی گونجاو کەبژێوی ژیانیان دابین بکات و لە مووچەی ئێستایان زیاتربێت .
٢- ڕەچاو کردنی هەموو مەرجەکانی جەستەیی ودەروونی و تەندروستی یەکان لە کاتی وەرگرتنی خوێندکاران لەو پەیمانگەو کۆلێژانەی کە ماموٚستایان ئامادە دەکەن.

٣ -ا- ڕێگەنەدان بە وەزارەتەکانی تر جگە لە وەزارەتی پەروەردە بە دامەزراندنی دەرچووانی کۆلیژو پەیمانگەکانی مامۆستایان لەفەرمانگەکانی خۆیان .

ب- وەرگرتنی بەڵێن نامە لەخوێندکاران لە لایەن کۆلیژو پەیمانگەکان کە دەرچووانی ئەو پەیمانگەو کۆلێژانە بەلایەنی کەم دوو هەندەی ماوەی خوێندنیان بەلایەنی کەمەوە دەبێت ڕاژە بکەن لەوەزارەتی پەروەردە بە پێچەوانەوە بەرپرسن لە گەڕاندنەوەی ئەو خەرجیانەی کە لە زانکۆو پەیمانگەکاندا بۆیان سەرف کراوە.

ج- بژێوی ژیانی مامۆستا چاك بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ خۆ دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگەوکۆلیژەکان.

٤- هەماهەنگی(تەنسیق) بکرێت لەنێوان ئیدارەی پەیمانگەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان پەروەردە بۆ کردنەوەی ئەو بەش وپسپۆریانەی کە لەقوتابخانەکانی و ناوچەکانیاندا پێویستییانە.

٥- پێکهێنانی لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ ڕێکخستنی میلاك لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە بەمەبەستی دیاری کردنی شاغیرەکان و پێداویستیەك میلاکی قوتابخانەکان ساڵانە و، دانانی پلان بۆ چارەسەرکردنیان وپشت بەستن بە ئاماری ساڵانە کە ژمارەی مامۆستایان وقوتابخانەکان و هۆبەکان دەست نیشان دەکات .

## سێزدەم : بیناسازی

هەروەك ئاشکرایە سیستەمی ئێستای خوێندن بەم ڕەوشەی ئێستای لە کێشەیەکی گەورە دایە لە گەڵ ئەو ژینگەیەی کە خوێندنی تیایدا

بەردەوامە هەر لە کەمیی ژمارەی قوتابخانەکان و نەبوونی پێداویستییە سەرەکیەکان بۆ ئەنجام دانی چالاکییەکانی خوێندکار لە (هۆڵی وەرزشی، کۆمپیوتەر، هونەر، تاقیگە) و دەیەها کێشەی تر کە هەمووومان ڕۆژانە تووشی دەبین. ئەنجامی ئەم کۆنگرەیەش گۆڕانکارییە لە سیستەمی خوێندن و ئەم گۆڕانکارییە بەرجەستە نابێت بەبێ گۆڕانکاری لە ژینگەی خوێندن بۆیە ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکاریانەی کە دەکرێت لە سیستەمی پەروەردە ئەبێت ژینگەیە کی نوێی بۆ ئامادەبکرێ.

١- بوونی ماستەر پلان بۆ شارۆچکەکان واتە نەخشەی بنەڕەتی شارەکە تیایدا گەشەکردنی شار بۆ ماوەی بەلایەنی کەم بۆ (٢٠ ساڵ) دیاری دەکرێت بە هۆی نەخشەی بنەڕەتییەوە شوێن و ژمارەی قوتابخانەی پێویست دیاری دەکرێت بۆ ئەو ناوچەیە و، لە مەترسی نەبوونی جێگە رزگارمان دەکات بۆ قوتابخانە (سەرەتایی، ناوەندیی، دواناوەندیی). کار خزمەت گوزارییەکانی تریش.

٢- بوونی پلانێکی ساڵانە بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە پێویستن بەپێی ئەولەویاتی پرۆژەکان بۆئەوەی بودجەی بۆ دیاری بکرێت و بێتە جێبەجێکردن. و ئەم پلانەش لە گەڵ بوونی ماستەر پلان کارەکە باشتر بە ئەنجام ئەگەیەنێت و پێویستیمان، بە ئامارێکی ورد دەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەولەویاتی پرۆژەکان. لەگەڵ نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان.

٤- بوونی نەخشەسازی مۆدرێن لە بواری:

ا- نەخشە سازی تەلار سازیی ( التصميم المعماری ) کە تیایدا شێوەی گونجاوو پلانێکی دروست دادەنرێت کە لە گەل ئەرکی نوێی سیستەمی

پەروەردە دا بگونجێت، بەشێوەیەك هۆڵی پێویست هەبێت بۆ تاقیگەی فیزیا، کیمیا، هتد وتایبەتمەندی خۆی هەبێت.

ب- ڕەچاوی بەشی کارگێریی بکرێت وەك بەشێکی سەربەخۆ و تایبەت .

ج- هۆڵی پێویست هەبێت بۆ ( کۆمپیوتەر، دەنگ ، وەرزشیی ، وێنە، ئەزموونەکان ، چالاکییەکان، مەلتی میدیا، مۆسیقا ، وێنەگە ... کتێبخانە).

د- بایەخێکی تەواو بدرێت بە ناوچەی سەوزایی لە قوتابخانەکان.

هـ- گرنگی تەواو بدرێت بە ڕووناکی.

و- ڕەچاوی شوێنی تایبەت بکرێت بۆ کەم ئەندامان.

ی- بەرزی پۆلەکان لە ٣,٦٠ م کەمتر نەبێت.

٥- باشتر وایە بینایەکە هەیکەلی بێت بۆ ئەوەی زیاتر بواری گۆڕانکاری بدرێت لە ئاییندەدا.

٦- بەکارهێنانی کەرەستە کەتوانایەکی باشی هەبێت بۆ ئەوەی ژینگەی قوتابخانە پارێزراو بێت لە وەرزە جیاوازەکاندا .

٧- لە بینایە کۆنەکاندا بە تایبەتی لە پەنجەرەکان بە (PVC) و شووشەی دەبل گلاس بەکاربێت.

٨- دانانی ڕەنگی پێویست بە شێوەیەك لە گەڵ قۆناغی خوێندندا بگونجێت و کاریگەری دەروونی باشی هەبێت.

٩- دانانی کەل و پەلی گونجاو لەگەڵ داواکارییەکانی قوتابی بێتەوە.

١٠- بەکارهێنانی کەرەستەی باش بە جۆرێك پاك و خاوێنی و پێداویستی تاقیگەکان دابین بکات.

١١- بە مەبەستی پاراستنی پرۆژەکە و بەردەوام بوونی لە کاردا بەشێوەیەکی باش پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە (ادامە و صیانە) پرۆژەکە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە کادیری هونەریی بەهێز

هەیە کە شارەزایی باشیان  هەبێت لەو تەکنەلۆژیانەی کە بەکارهاتوون لە پرۆژەکەدا.

١٢- هۆشیار کردنەوەی گشتی بەتایبەتی قوتابی وخوێندکار کە قوتابخانە و کەرەسەکانی ناوی بۆ خزمەتی ئەوان دانراوە و  فێری پاراستن و خۆشەویستی قوتابخانە کە بکرێن بەشێوەك لە مولکی خۆی بزانێت.

١٣- جێبەجێکردنی پرۆژەکە، لە لایەن بەڵێندەری تایبەتمەند بەکارەکە بێت و، کاری تەندەری بدرێتە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە و جێبەجێکردنی لە کاتی پشوودا بێت، بۆ ئەوەی کار لە پرۆسەی خوێندن نەکات .

١٤- پەیوەندی کردن بە رێکخراوەکانی (UN) بە تایبەتی یونسکۆ بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ وەزارەتی پەروەردە.

١٥- دروستکردنی کۆمەڵگەی قوتابخانەکان ( مجمعات مدرسیە ) لە ناوچە تازە ئیفرازەکان (دروست کراوەکان).

## چواردەم: تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی

تۆژینەوەی پەروەردەیی بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی پێشخستنی سەرکەوتوو کە هەر سیستەمێکی پەروەردەو فێرکردن پشتی پێ دەبەستێ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێشخستنی پێکهاتەی هەر سیستەمێك کە بە شێوازێکی مەنهەجی دروست کاریی بۆ دەکرێت، لەبەرئەوە پێویستە پلانی گونجاو هەبێت بۆ تۆژینەوەکانی پەروەردەیی بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ پێویستییەکانی وەزارەتو ئەو پرۆژانەی کە پێی هەڵدەستێت، بە ئامانجی ڕێکخستنی کارەکانو سودوەرگرتن لە تواناو شارەزاییەکانی بەردەست لە هەندێك لە دەزگاکانی زانستی لە وڵاتدا. دەبێ

تۆژینــەوەکان شـێوازی مەیـدانیو پراکتیکـی بگرنــە بـەر بــە شـێوەیەك یارمــەتی بـدەن لــە دەســت نیــشانکردنی کێـشەکانی بــواری پــەروەردەو فێرکــردنو ڕێگەچــارەی گونجاویــشیان بــۆ بدۆزیتــەوە کــە لــە کۆتاییــدا بەشــداری دەکــات لــە پــشتگیریو بــەهێزکردنی بڕیارەکــانی پێشخــستنی پەروەردەیی، کە لەگەل گیانی سەردەمی نوێدا بگونجێت.

کردنــەوەی ســەنتەرێکی تۆژینــەوەو لێکۆڵینــەوەی پــەروەردەیی لــە دیــوانی وەزارەت، ســەرۆکایەتی بدرێتــە کەسـێك بــە پلــەی بەڕێوەبــەری گشتی کــە هــەلگری بڕوانامــەی بــەرزبێت لــە بوارەکــانی پــەروەردەیی، هــەروەها شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لـە جێبـەجێ کردنـی تۆژینـەوەو لێکۆڵینـەوەی پەروەردەییو چەند تۆژینەوەی ئەنجام دابێت.

ئــەو ســەنتەرەش هەڵدەســتێ بــە ئەنجامــدانی تۆژینــەوەو لێکۆڵینــەوە لــە هەموو لایەنە جیاجیاکانی پەروەردەیی.

هەموو کارمەندانی پەروەردەیی لە مامۆستایانو سەرپەرشـتیاران دەتـوانن بەشــداری لــەو ســەنتەرە بکــەنو دەوڵەمەنــدی بکــەن بــە پێـشکەشکردنی لێکۆڵینەوەو پێشنیارو دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکانی پەروەردە.

بەڕێوەبــەری ئــەو ســەنتەرە کارمەنــدەکانی لەوانــەی شــارەزاو پــسپۆڕنو خــاوەن توانــان لــە جێبــەجێکردنی لێکۆڵینــەوە بــە تایبــەتی لــە زمــانی ئینگلیزی.

بەســتنی پەیوەنــدی لەگــەڵ بنەکــەکانی تۆژینــەوەو لێکۆڵینــەوە لەگــەڵ وڵاتانی دەرەوە وڵاتــانی عــەرەبیو عێراقـی هــەرێم بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە شارەزاییو لێکۆڵینەوەکان.

کردنەوەی پەرتوکخانەی تایبەت بە توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتیو پەروەردەیی بە شێوەیەکی تایبەتیو دەوڵەمەندکردنیان بە هەموو جۆرە پەرتوکێك لە پسپۆرییە جۆراو جۆرەکانو گۆڤارو بڵاوکراوەو نامەکانی ماستەرو دکتۆرا .... هتد.

بڵاوکردنەوەی توێژینەوە باشەکان لە گۆڤار یان بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە توێژینەوەی پەروەردەییو ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی ساڵانە بۆ خستنە ڕووی توێژینەوەکان.

کردنەوەی خولی فراوان بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەییو پسپۆڕیی لەسەر مەنهەجی زانستی توێژینەوەی پەروەردەیی.

هۆشیارکردنەوەی کارمەندانی بواری پەروەردەو مامۆستایانو تەنانەت خوێندکارو قوتابیانیش لەبارەی گرنگیو پێویستی توێژینەوەی پەروەردەیی لە ڕێی کۆڕو سیمینارو وانەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بواری تایبەتمەندی بە ئەرکێك لە ئەرکەکانی ڕاژە دابنرێت.

تەرخان کردنی دیاری مادیو مەعنەوی بۆ باشترین توێژینەوە لەسەر ئاستی ناوچەو پارێزگاو هەرێمو بەشداری پێکردنی خاوەنی لە دیدارو کۆنگرەکانی پەروەردەیی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

پابەند بوون بە جێبەجێ کردنی راسپاردەو ئەنجامەکانی توێژینەوە باشەکانو ئەوانەی مەرجە زانستییەکانیان تێدایە لە بواری پەروەردەدا.

دەستەبەر کردنی خزمەتی ڕاوێژکردنی ئاماریو شیکرندەوەی ڕوونکردنەوەکانی ئاماریی لە بەشەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی بۆ ئەو توێژەرانەی پێویستیان پێیەتیو دروست کردنی بانکی زانیارییەکان.

دانانی کتێبێکی ڕابەر (دلیل) بۆ توێژەر بۆ ئەوەی بە تەواوی ئاشنا بێت بە ڕێگاکانی توێژینەوە.

کردنەوەی (Website)ێکی تایبەت بە توێژینەوەکانی پەروەردەیی.

ئاسانکاری بکرێت بۆ توێژەرەکان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان (وەزارەت نووسـراوی پـشتگیری بکـات بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـۆ سـەرجەم لایەنـە پەیوەندیدارەکان).

مـسۆگەرکردنی سـەربەخۆیی سـەنتەری تۆژینـەوەی پـەروەردەیی و دوور ڕاگرتنی لە هەموو جۆرە کارتێکردن و دەست تێوەردانێك.

## پازدەم: ڕاگەیاندنی پەروەردە

لە پێناو بەرەوپێشبردنی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیژنـەی پەرەپێدانی ڕاگەیانـدنی پـەروەردەیی، لەکۆبونەوەیـەکی فراوانـدا ڕۆژی ٢٠و ٢١-٩-٢٠٠٦ نوێنـەرانی پـەروەردەکانی هـەرێمی کوردسـتان لـە هەولێر کۆبوونەوە، ڕاپۆرتەکانی خۆیان خوێندەوەو چۆنیەتی ڕاپەڕانـدنی کارەکانیـان خـستەڕوو، سەرنج و ڕاو پێشنیازەکانیان بـاس کـردو لەلایـەن سەرجەم ئامادەبووانەوە گفتوگۆیان لەسەر کراو، دواتر لە ڕۆژی ١١|١٠|٢٠٠٦ لیژنەیـەك دەستنیـشانکراو لـە ڕاگەیانـدنی دیـوانی وەزارەت ە هەرسـێ بەڕێوەبەرایەتییـە گـشتییەکانی هـەولێر و سلێمانی و دهـۆك لـە دیـوانی وەزارەت کۆبوونـــەوەو نـــاوەڕۆکی ئـــەم ڕاپۆرتـــەیان تـــاوتوێکردو، دوای گفتۆگـۆکردن بـەپێی کۆنووسـی کۆبووەنەوەکـە لەلایـەن ئامـادەبووان. لەئەنجامدا ئەو خالآنـەی کەلە کۆبوونـەوەی پێشتر دەستنیـشان کرابـوون، پەسەندکران:

١- میکانیزمی ڕاسـتەوخۆ لـە ڕاپەڕانـدنی ئـیش و کـاری ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن لـە نێـوان بەڕێوەبەرایـەتی ڕاگەیانـدنی دیـوانی وەزارەت و بەشەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لە پەروەردەکانی پارێزگە و قەزاکانـدا نییـە، بۆیـە پێشنیاز دەکـەین کـە پەیکەربەنـدی ڕاگەیانـدنی پـەروەردەی لـە

دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لەپارێزگەکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بەم شێوەی خوارەوە بێت:

أ- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لە دیوانی وەزارەت .

٢- کردنەوەی خولی شیاندن و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کە لە حەفتەیەك کەمتر نەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهینان‌دا.

٣- تەرخانکردنی کورسی خوێندن لە کۆلیژەکان و زانکۆکان- بەشی ڕاگەیاندن بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی مۆڵەتپێدراو لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردە.

٤- لەهەر شاندێکی پەروەردەیی تەکنیکی کە ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم دەکرێت کارمەندێکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی تێدا ئەندام بێت، بەتایبەتی ئەگەر ژمارەی ئەندامەکانی لە(٥) کەس زیاتر بێت.

٥- دەستنیشانکردنی مامۆستایەك لەهەر قوتابخانەیەك بۆ کارەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و سەرپەشتێکردنی (یانەی داهێنان) کە پێویستە لەهەر قوتابخانەیەك دابمەزرێت و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆڕاپەراندنی کاروباری ئەم یانەیە.

٦- بەهێزکردن و گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان.

٧- دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی پەروەردەیی لە گەڵ دا بینکردنی میلاك و پێداویستییەکانیدا. لەم ڕووەوە پێشنیاز دەکەین کە

نیوەی ماوەی پەخشی کەنالی ئاسمانی تەلەڤزیۆنی نەورۆز ، کە بڕیارە وەزارەتی ڕۆشنبیری بیکاتەوە ،بە شێوەیەکی کاتی بۆ کردنەوەی بەرنامە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردە تەرخان بکرێت.

٨- فراوانکردنی پەخش‌و ماوەو مەوداو کاری تەلەفزیۆنی پەروەردەی سلێمانی.

٩- دامەزراندنی ئێسگەیەکی ڕادیۆی پەروەردەیی کەپەخشەکەی سەرتاسەری بێت

١٠- زیادکردنی تیراژی گۆڤارو ڕۆژنامەی پەروەردەیی (ئاسۆی پەروەردەیی، ئاسۆی منداڵان، ئاسۆی فێرخوازان.(افاق تربوية) بەتایبەتی گۆڤاری ئاسۆی مندالان بەرێژەی ٧٥٪ بگاتە باخچەی ساوایان‌و قوتابخانە سەرەتاییەکان تەرخان کردنی بودجەیەکی هەمیشەیی.

١١- چاپکردنی بەرهەمی پەروەردەیی مامۆستایان پاداشتکردنی خاوەن بەرهەمەکان.

١٢- پێکهێنانی لیژنەیەکی گەڵاڵەکردنی عەقڵ‌و هزرە پەروەردەییەکان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی ناوی ئەو ئەدیب‌ونووسەرە پسپۆرە پەروەردەییانەی لە بواری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندی پەروەردەیی دا کاردەکەن‌و پێشنیاریان هەیە ئەوکەسانە بەڕەسمی بانگ هێشت دەکرێن لە فیستیڤالەکانیش دا بەشدار دەبن.

١٣- کاراکردنی کتێبخانەی قوتابخانەکان‌و کتێبخانەی منداڵ، لە پێناو گەشە پێدان‌وخزمەت کردنی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی.

١٤- هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی هەرێم بۆ ئامادە کردن‌و پەخش کردنی بەرنامە پەروەردەییەکان.

**شازدەم :ڕاسپاردەکانی کۆنگرە سەبارەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری**

١- دانــانی (بەڕێوەبەرایــەتی نەهێــشتنی نەخوێنــدەواری و فێرکردنــی گەورە)• لە جیاتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندواری.
٢-گۆڕینی ماوەی قۆناغەکانی خوێنـدن بـۆ (٣) قۆنـاغ و هـەر قۆناغێك بـە ساڵێکی خوێنـدن تـەواو بکرێت، قۆنـاغی یەکـەم بەرامبـەر بـە چوارەمی سـەرەتایی ، قۆنـاغی دووەم پرۆگرامـی چـوارەم و پێنجـەمی سـەرەتایی و قۆناغی سێیەم پرۆگرامی شەشەمی سەرەتاییە.
٣- کاروبــاری بەڕێوەبەرایــەتی خوێنــدنی تــەوزیمی بخرێتــەوە ســەر بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی سەرەتایی•
٤- پرۆســەی هەڵمــەتی نەهێــشتنی نەخوێنــدەواری ئارەزوومەندانەیــە ، داواکـارین بکرێتـە تـەوزیمی بـۆ فەرمانبـەران و کارمەنـدانی حکـومی و پێشمەرگە و هێزی ناوخۆ و دامو دەزگەکان•
٤- ناردنی بەڕێوەبەر و مامۆستا و کادیرانی ئەم بوارە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بینینی ئەزموونی وڵاتان ، هەروەها هێنانی شارەزایان لە دەرەوەی وڵات بۆ مەشق و ڕاهێنانی پەروەردەکارانی ئەم بوارە •
٥- دانــانی میکانیزمێــك بــۆ دابینکردنــی پێداویــستییەکانی بنکــە و قوتابخانــەکانی نەهێــشتنی نەخوێنــدەواری و فێرکردنــی گــەورە ، وەك ئەوەی لە ئامار و نەخشەی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ئاماژەی پێبکرێت•
٦- بەرزکردنەوەی مووچەی وانەبێژیی مامۆستایانی بنکـەکان لـە (٦٠٠٠٠) هەزار دینارە وە بۆ (١٥٠٠٠٠) هەزار دینار•
٧- کردنەوەی پاشکۆ لـە قۆنـاغی ناوەنـدیی و دواناوەنـدیی بـۆ فێرخوازان ئەوانەی ئارەزووی تەواوکردنی خوێندیان هەیە لە شار و شارۆچکەکاندا •
٨- پێداچـوونەوە و گۆڕانکـاری لـە یەکخـستنی پرۆگرامـەکانی خوێنـدنی قۆناغەکان •
٩- بەڕێوەبـەری قوتابخانـەکان لەســەرەتای ســاڵی خوێنـدن ئامـاری گـشت نەخوێندەواران و دابڕاوانی خوێندن لە سنووری جوگرافی قوتابخانەکەی

خۆی ئەنجام بدات و دانەیەکی ئەو سەر ژمێرییە بنێرێتە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکان.

١٠- خوێندنی مەلزەمەیەك یا چەند وانەیەك لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی مامۆستایان لەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەوراندا.

١١- بنکە و قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەلایەن بەڕێوەبەر و مامۆستایانەوە بە کارێکی لاوەکی دانەنرێت ، چونکە هەمان رێنماییەکانیان بەسەر دا جێبەجێ دەکرێت.

١٢- هەر پەروەردەیەك سەر ژمێری گوند و لادێکانی خۆی بکات ئەوانەی بنکەی لێ کراوەتەوە و ئەوانەی تا ئێستا نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی تیایدا بکرێتەوە.

١٣- سالآنە ڕاپرسی و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت.

١٤- چاپکردنی هۆیەکانی فێرکردنی تایبەت بەم بوارە و فێرکردنی گەورە.

١٥- هەوڵبدرێت سوود لە مامۆستایانی زیادە لەسەر میلاك وەربگیرێت لە هەمان قوتابخانە بۆ وانەبێژی بنکەکان.

١٦- کردنەوەی چەند سەنتەرێك بۆ فێربوونی فێرخوازان لەسەر کارە دەستیەکان.

١٧ چاپکردنی پۆستەر و پڕوپاگەندە بۆ پرۆسەی هاندان و خۆ ناونووسکردنی فێرخوازان.

١٨- دان پێدانان و گرنگیدان بە بڕوانامەی دەرچوونی فێرخوازان بە تایبەتیش لە کاتی دامەزراندنیان.

١٩- بەردەوامیدان بە دەرچوونی رۆژنامەی ئاسۆی فێرخوازان و پێشخستنی.

٢٠- کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زیاتر بنوێنن بۆ هاندانی ئەم پرۆسەیە.

**حەڤدەم: پێشنیازە گشتییەکان**

١- هەوڵدەدەین بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە پۆلەکانی خوێندندا، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بودجەی پێویست تەرخان بکات بۆ دروستکردنی باڵاخانەی قوتابخانە لەو شوێنانەی پێویستیان پێ هەیە.

٢- گرنگیدان بەوانەکانی وەرزشی و هونەر و چالاکییەکانی دەرەوەی قوتابخانە بەدابین کردنی مامۆستای کارامە و شارەزا، هەروەها دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی هەمە جۆر بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو بوارە لە ڕووی هونەرییەوە.

٣-بایەخ دان بە چالاکی قوتابخانەکان لە گەشت قوتابخانە و وەستان لەسەر شوێنەواری کەلتوری و ناوچە گەشتیارەکان و کارگە پیشەسازیەکان.

٤- بایەخدان بە سیستەمی خوێندنی هاوبەش لە نێوان مامۆستا و قوتابی لە ڕووی خستنەرووی بابەتەکانی خوێندن، بۆ ئەوەی قوتابی هەست بکات کە ئەویش بەرپرسە لە ناو پۆلدا.

٥-کردنەوەی کولێژی مامۆستایانی کراوە، بۆ ئەو مامۆستا سەرەتاییانەی کە ئیستاکە لە راژەن و ئارەزووی بە دەست هێنانی بڕوانامەی بەرزترن بە جۆرێك بگونجێ لەگەڵ کاتی دەوام کردنیان. بۆ ئەوەی ئاستی زانستیان بەرزبێتەوە.

٦- لە بەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بە کەرتی تایبەت دەدات بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان، ئەوەش پێویستی بە کارمەندی پسپۆر و شارەزا هەیە، بۆیە دەبێ فێرکردنی پیشەیی گەشەی پێ بدرێت و بەرەوپێش بڕوات لە ڕووی تێوری و پراکتیکیەوە ئەوەش پێویست بەوە دەکات کە سیستەمی ئنسیابیە هەبێت بۆ ئەوەی کەناڵەکانی فێرکردن پیشەیی زیندو بکرێتەوە قوتابیان بەرەو ئەو کەناڵانە بڕۆن و وەربگرین.

٧- بایەخدان بە فێرکردنی ئەهلی بە هەموو قۆناغەکانییەوە بۆ هاندانی کەرتی تایبەت تاوەکو ڕۆڵی خۆیان ببینن لە پێش خستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان ئەوەش بێتە هۆیەکی پێشبڕکی لەگەڵ قوتابخانە میرییەکان.

٨- جێبەجێ کردنی نەخشەی قوتابخانە واتە( الخارطة المدرسیه) و بەکارهێنانی سیستەمی GPS بۆ دەست نیشان کردنی شوێنی قوتابخانەو خوێندنگەکانی بۆ ئەو شوێنانەی پێویستی پێ هەیە بۆ ئەوەش دەبێ باشترین نموونەی داهاتی مرۆیی و دارایی بەکاربهێندرێ تاوەکو ئەو نەخشە جێبەجێ بکرێت بە شێوەیەکی تایبەتی لەو گوند و دێهاتانەی چڕی دانیشتوانیان تێدایە و شوێنی جوگرافیان رەچاوبکرێت.

٩-ئەو قوتابیانەی لە دەرەوە دێنە هەرێم دەبێ لە ساڵێك زیاتر ببووردرێن لە خوێندنی زمانی کوردی و پەیمانگەیەکیان بۆ بکرێتەوە تاوەکو فێری زمانی کوردی بن.

زمانی خوێندن لە هەموو کوردستاندا یەك بێت، واتە خوێندن بەزمانی ستانداری کوردی بێت.

لە قوتابخانە و خوێندگەکاندا لیژنەیەك پێك بهێندرێت بە ناوی لیژنەی دژی توندو تیژیی کە ئەندامەکانی لە مامۆستا و قوتابی و نوێنەری ئەنجوومەنی دایکان و باوکان شان بە شانی لیژنەکانی دیکەی قوتابخانە و خوێندگە بێت.

هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە، ئاگاداری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکان بکرێت دەربارەی ڕۆژانی پشووەکان، ئیتر لەو ڕۆژانە زیاتر هیچ رۆژێکی تر بە پشوو دانەنرێن.

گرنگیدانی زۆر زیاتر و بایەخدانێکی تەواو بە بەدوا داچوونی بواری تەندروستی بۆ سەرجەم منداڵانی قۆناغی سەرەتایی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی.

ئـەمڕۆ ئـاو سەرچاوەی نەخۆشـییە ئەگـەر پـاك نـەبێت، لـە قوتابخانـە و خوێندگەکانـدا سەرچـاوە ئاوییـەکان پـیس و بێکـەلك دەبـن، بۆیـە دەبـێ چـەند لیژنەیـەکی هاوبـەش لـە نێـوان بەڕێوەبەرایەتیـە گـشتییەکانی پـەروەردە و بەڕێوەبەرایـەتی تەندروسـتی شـارو شارۆچکەکاندا دروسـت بکرێت بۆ پشکنینی سەرچاوەی ئـاوی خواردنـەوە و شوێنی ئاودەسـتەکان تا چەند پێویستیان بە پاككردنەوە و نۆژەن كردنەوە هەیـە بـۆ پاراسـتنی گیانی منداڵەکانمان.

دەبێـت هـەموو بەڕێوەبـەرێکی قوتابخانـە لـە سـەرەتای هـەموو سـاڵێکی خوێندنـدا بەرنامەیـەکی کـار بـۆ سـاڵی خوێنـدن دابنێـت، قوتابیـان و مامۆستایان بەشداری دەکەن لە ئامادە کردنی بەرنامەکەدا.

بەرنامەی کار دەکرێت بە شێوەیەکی ئاسان ئامـادە بکرێت و بریتـی بێـت لـە پێـنج بـەش (تـاوتۆ، ئامانجـەکان، چـۆنیەتی گەیـشتن بـە ئامانجـەکان، هەڵسەنگاندن و ڕێکخراوی قوتابخانە).

١٧- شـێوازی وانـە وتنـەوە لەگـەڵ هـەر کتێبێکـی مەنهەجیـدا کتابێـك دابنرێت بۆ مامۆستا باس لەچۆنێتی و ڕێبازی وانە وتنەوە بکات و چـەند زانیارییەکی زیـاتر بـە مامۆسـتا بگرێتـەوە. چونکە شێوازی وانـە وتنـەوە وەکـو زانـستێکی زۆر گـرنگ بـۆ گەیانـدنی ئـەو زانیاریانـەی لـە نـاو پەرتووکەکاندایە بۆ قوتـابی و خوێنـدکار و وەهـەروەها کـار ئاسانیـشە بـۆ مامۆستا لە ڕووی تیۆر و پراکتیك و هەروەها بایەخدارتر دەبێت.

بایەخ بە خوێندنەوەی دەرەکی بدرێت و هـەوڵ بـدرێت مامۆسـتایان کـاتی گونجاوی بۆ دابنێین و ببێتە برگە یەکی گرنگ لە وانەکانیان و بەرنامە و پلانی بۆ دابنـێین، وەکـو بەشـە وانەیـەك نمـرەی لـە سـەربێت داوا بکرێـت پەرتووك بخوێندرێتـەوە لـە سـەر بابەتـەکان و راپـۆرت و کـورت کراوەکـان داوا بکەن، ڕاو سەرنج داوا بکرێـت لـە قوتابیـان لەسـەر ئـەو پەرتووکانـەی کـە دەیخوێندنـەوە و بـۆ ئـەوەی خوێنـدکار و قوتـابی لەگـەڵ ئاقـاری

خوێندنەوە ئاشنا بن و ببێتە حەز و ئارەزوویان. بۆیە پێویستە گرنگی بە پەرتووکخانەی قوتابخانە بدرێت و جێگەو شوێن و پێداویستییەکانی بۆ ئامادەبکرێت و کەسانی شارەزای بۆ تەرخان بکرێت.

پێویستە ئەو بابەتانەی کە لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا دەخوێندرێن کە لە پەرتووکەکانی پرۆگرام دان لەهەمان کات دا پەرتوکی ترهەبێت لەسەر هەمان بابەت خوێندکار و قوتابی شارەزاییان زیاد بکەن لەو بابەتانە، وەکو پەرتووکی یاریدەر و مامۆستا ڕۆڵی خۆی ببینێ بە ئاراستە کردنیان و داوای زانیاریان لێ بکات لەسەر ئەو پەرتووکانە.

دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە خولی ڕاهێنانی مامۆستاو کارمەندانی پەروەردەییان پێ دەسپێرێ، وە دەبێت ئەو کەسانە خاوەن شارەزاییەکی زۆربن لە بواری ئەو بابەتانەی کە پێیان دەسپێردرێت بەشێوەیەکی زانستی نوێ و تازە ترین زانیاریان پێبدرێت کە لەو بابەتانە لە سەر ئاستی جیهاندا هەن.

بۆ جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە پێویستە میکانزمێکی تۆکمە دابنرێت و بخرێتە بواری کارکردن و جێ بەجێکردن دەبێت لیژنەیەکی هاوبەش لە وەزارەتی پەروەردەو شارەزایانی بواری پەروەردە لە ناو خۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پلانێکی نزیك خایەن و دوورخایەن بۆ جێ بەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.

بەمەبەستی تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەکی ڕێكو دروست دوانەکەوتن لە بابەتەکانو گونجانی لەگەڵ ئەو سیستەمەی کەلە جیهان هەیە، نابێ ساڵی خوێندن لە ٣٤ حەفتە کەمتر بێت. بۆیە وابەباش دەزانیین خشتەی دەوام لەهەموو قوتابخانەکان و خوێندنگەکانی هەرێم هەموو ساڵێك بەم شێوەیەی خوارەوە بێت

١/٩/ هەتا ١٢/١ دەوام بكرێت

له ١٢/٢ هەتا ١٢/٨ پشوو بێت

له ١٢/٩ هەتا ٣/٤ دەوام بێت

له ٣/٥ هەتا ٣/٢٣ پشووی بەهار بێت

له ٥/٢٤ هەتا ٧/١ دەوام بەردەوام دەبێتو تاقیكردنەوەكانی تیدا ئەنجام دەدرێت.

له ٧/١ هەتا ٩/١ پشووی هاوینە بێت بەمەرجێك ئەزموونەكانی خولی دووەمی تیادا ئەنجام بدرێت بەپێی ئەو خشتەیەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەكان دادەنرێت

سایتێكی تایبەت بەوەزارەتی پەروەردە هەبێت و هەموو كەسێك بۆی هەبێت بیرو بۆچونو گرفتەكانی پەروەردە لە هەرێم دەربڕێ بەدواداچونەوەی بۆ بكرێت لە لایەن وەزارەتی پەروەردە.

## بەشی دوازدەم

# پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

**کورتەی پرۆژەکە:**

**ئەم پرۆژەیە پێکهاتووە لە:**

پێشەکی : باس لە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە دەکات.

ئامانجەکان : ئەو ئامانجانەی کە چاوەڕوانکراون، لە ئەنجامی بە پراکتیکردنی گۆڕانکارییەکان، بە دەستبهێنرێن.

هۆکارەکان: بە وردی باس لەو هۆکارانە دەکرێت کە وایکردوە گۆڕانکاریەکانی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن پێوستیەکی هەنوکەیی ئەمرۆی خوێندن بێت لە کوردستاندا.

ڕیفۆرم و گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان : ئەم بەشە باس لە ریفۆرم و گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێویستیەکانی ناو سیستەمی پەروەردە وفێرکردن دەکات.

هەڵسەنگاندن و بەدواچوون.

کۆتایی

# پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

## پێشەکی

سەردەمی گلۆبالیزم و تەکنیکی نوێ پێویستی بە سیستەمی پەروەردەی نوێ هەیە، بەرهەمی سیستەمەکە نەوەیەکی بڕوابەخۆ بوو، دیموکرات، دڵسۆز بە خاکی کوردستان و دەروونتەندروستە.

پرنسیپە دیموکراتیەکانی ناو قوتابخانە توانای تاکە کەس لە نێو پۆلدا لەبەرچاو دەگرێت، بە شێوەیەك کە نەك هەر مامۆستا چالاك و قوتابیانیش پاسیڤ بن، بەڵکو تواناو ئاستی جیاوازی گەشەی قوتابیان و خوێندکاران لەبەرچاو بگرێت و خوێندن و وانە وتنەوە لە پۆلدا بە پێی ئەو توانایانە رێکبخرێت بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان ئەو ساڵانەی تەمەنیان بە سوودترین شێوە بەکار بهێنن.

لە سیستەمی نوێی فێرکاریدا کچ و کوڕ هاونرخ و یەکسانن لە هەموو ماف و ئەرکێکدا. پرس و کێشەی ژنان و ئافرەتان بە ڕاشکاوی باسی لێدەکرێت و هۆکار و ئەنجامی ئەو دیاردە تاڵانەی مافی ژیان لە کچان و ژنانی کوردستان دەسێنێ، دەخرێتەبەر رۆشنایی زانست.

سیستەمی فێرکاری لە کوردستان، پشتبەستە بە پرنسیپە دیموکراتیەکان، خوێندن و پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەبێت بە شێوەیەك پێڕەو بکرێت کە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە ببێتە بەها بەرزەکانی قوتابی و خوێندکار، تا بتوانن بە شێوەیەکی سەربەست و لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکەن.

خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان و پەروەردە کردنی منداڵانی کوردستان بە گیانی نیشتمانپەروەرێتی دەبێت لە هەموو پلەکاندا پەیامێکی زۆر گرنگی قوتابخانە بێت.

بەها بنەماییەکانی قوتابخانە بریتین لە بەرزراگرتنی ژیانی مرۆڤ، یەکسانی ژن وپیاو، سەربەستی تاکەکەس، بەرابەری نرخی مرۆڤ و پشتگیری ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ڕێزگرتنی یاسا، دڵفراوانی، لێبوردن و بەرپرسیاری ئەو پرنسیپانەن کە قوتابخانە قوتابی پێ پەروەردە دەکات.

هیچ جۆرە سەرکوتکردن و بێزارکردنێکی قوتابی و خوێندکار، فیزیکی یا دەروونی، لەناو سیستەمی فێرکاری کوردستاندا ڕێگەی پێنادرێت و لەکاتی سەرهەڵدانیدا قوتابخانە لە بنبڕکردنی بەرپرسیارە.

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا سیستەمێکی کراوە و شەفافە، ڕێگە دەدات بە هەبوونی بیروبۆ چوونی جیاواز و قوتابی پەروەردە دەکات کە خاوەن هەڵوێست بێت، هەست بە بەرپرسیاری و بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکات. کاری قوتابخانە بەخشینی دڵخۆشییە لە خوێندن و لە کاردا بە قوتابی.

سیستەمی پەروەردە ڕێز لە هەموو تاکی قوتابی دەگرێت و خوێندنەکە دەگونجێنێت لەگەڵ ئاست و پێویستی قوتابیاندا. قوتابی ناوەندەو هەموو سیستەمەکە لە پێناوی گەیاندنی بەها بەرزەکان و زانست بە قوتابی کار دەکات.

ئەرکی قوتابخانە گەیاندنی زانستە بە قوتابی، پەروەردە کردن و ئامادە کردنی قوتابییە بە پشتیوانی دایك و باوك بۆ ژیانی گەورە ساڵی بۆ ئەوەی

بە شێوەیەکی سەربەست لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات.

خوێندن و پەروەردە بریتییە لە گەیاندنی زانست، کلتور، زمان و بەها بنەماییەکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. قوتابخانە لە گەیاندنی بەرپرسیارێتی دا هاوکار و پشتگیری ماڵەوەیە.

قوتابخانە دەرگای بیرکردنەوە، داهێنان و دەستپێشخەری بۆ قوتابی ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەردەخسێنێت.

زانست واتە ئاشنا بوون بە ڕاستیەکان ، وەرگرتنی زانیاری، تێگەیشتن وتوانای چارەسەر کردنی گرفتە، نەك دەرخکردن (لەبەرکردن). وانە وتنەوە هەموو شێوەکانی کاری تەنیاو گروپ و پرۆژە دەگرێتەوە. قوتابی بەشدارێکی چالاکە، مامۆستاش بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە.

ئەزموونەکان پێوەری کۆنترۆڵکردن نین، بەڵکو یەکێکن لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواچووندا لە پێناوی گەیاندنی قوتابی بە ئامانجەکانی.

**هۆکارەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن**

ڕێژەی بەرزی نەخوێندەوار لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

شەش ساڵی خوێندنی ئیلزامی کەمە بۆ ئەوەی ئامادەی منداڵان و گەنجان بۆ کۆمەڵگەی سەردەم بکات.

وازهێنانی قوتابی بە خوێندن، یەکێك لەو هۆکارانەی کە قوتابی واز لە خوێندن دەهێنێت، سەرنەکەوتن و دەرنەچوونە لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا.

پێویستی بوونی ژینگەیەکی دیموکرات لە ناو قوتابخانەکاندا.
ئاستی نزمی ڕێژەی دەرچوون لە پۆلەکانی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی شەشی ئامادەیی.
ئاستی نزمی خوێندن و توانا لە چاو پێویستی بازاری کاری نوێدا.
خوێندن لە کوردستان زۆر تیۆرییە و دوورە لە پراکتیکی کارو پێویستیەکانی کۆمەڵەوە.

## ئامانجەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

### ١- بنبڕکردنی یا کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن

ئاشکرایە کە وازهێنان لە خوێندن لە کوردستان، لە قۆناغی شەشی سەرەتایی بۆ یەکی ناوەندی بۆتە کێشەیەکی گەورە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر منداڵانی تەمەن ١٢-١٣ ساڵ واز لە خوێندن دەهێنن و دەکەونە بازاری کارەوە. گرنگترین ئامانجی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە ئەمڕۆدا کەمکردنەوە یا بنبڕکردنی وازهێنانە لە خوێندن.

### ٢- یاسای کاری نێودەوڵەتی

لە وڵاتە دیموکراتیەکانی جیهاندا یاسای کاری نێودەوڵەتی ڕێگە نادات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا بکەوێتە بازاری کارەوە و کاربکات. بە ئیلزامیکردنی خوێندن بۆ (٩) نۆ ساڵ وادەکات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا نەکەوێتە ناو بازاری کارەوە. بەم گۆڕانکارییانە کوردستان نزیک دەبێتەوە لە یاسای کاری نێو دەوڵەتی دیموکراتیەوە و دووردەکەوێتەوە لە بەکار هێنانی منداڵ لە بازاری کاردا.

**٣- بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کادرانی پەروەدەیی لە کوردستاندا :**

کارکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا پێویستی بە کارمەندی پەروەردەیی ئاستبەرز و بە توانا هەیە. سیستەمی فێرکاری سیستەمێکە هەردەم لە گۆرانکاری و بەرەوپێشەوە چووندایە، هەربۆیە دەبێت ئاستی زانستی و زانیاری کادرەکان لە پێشکەوتندا بێت و بوار بڕەخسێنێت بە بواری پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایاندا.

**٤- پێویستی کۆمەڵی سەردەم :**

کۆمەڵ و بازاری سەردەم پێویستی بە مرۆڤی بە توانا و خوێندەوار هەیە. خوێندن تا پۆلی شەشی سەرەتایی پێویستیەکانی بازاری کاری کۆمپیوتەر و ئەلەکترۆنیك و گلوبالیزم پڕ ناکاتەوە. هەر بۆیە گرنگە کە خوێندنی سەرەتایی ٩ساڵی ئیلزامی بێت.

**٥- ئەو بەهایانەی کە منداڵانی ١٢-١٥ ساڵ پێویستە پێی پەروەردە بکرێن:**

یەکێك لە گرنگترین کات، بۆ وەرگرتنی بەها و دروستبوونی کەسایەتی لە تەمەنی مرۆڤدا، تەمەنی ١٢-١٥ ساڵییە. بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان ببنە ئەندامی بڕوابەخۆ بوو، داهێنەر، بە تواناو خاوەن بیروبۆچوون و پرنسیپی بەرزی مرۆڤایەتی، دەبێت لە کەشێکی وادا پەرەوەردە بکرێن کە بڕوامان بە سەروەری یاسا و خۆشەویستی وڵات و یەکسانی ژن و پیاو هەبێت، ئەم بەهایانەش لە قوتابخانەدا دەگەیەنرێت، نەك لەسەر شەقامەکان.

**٦- به پراكتيككردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی ونزیككردنــەوەی لــە بازاری كارو خوێندنی بالاّ :**

یــەكێك لــە ئامانجــەكانی گۆڕانكاریــەكان بریتییــە لــە بــە پراكتیككردنــی خوێندن و وانەكان بــۆ ئــەوەی قوتــابی و خوێنــدكار زانیــاری و زانــست بــە شێوەی پراكتیكیش وەربگرن نەك هەر بە تەنها بە تیۆری بیزانن.

## ڕیفۆرم و گۆرانكارییە بنەڕەتییەكان :

لەبــەر ڕۆشــنایی بــەها بنەماییــەكانی قوتابخانــە، ئامــانج و هۆكارەكــانی گــۆڕینی سیــستەمی پــەروەردە و فێركــردن، بەشــداربووان لــە كــۆنگرەی پــەروەردە لــە ڕۆژانــی ٢٢-٢٤ مــانگی پێنجــی ســاڵی ٢٠٠٧ دا لــە ســەر ئــەم گۆڕانكارییە (ریفۆرمە) بنەرەتیانە ڕێككەوتن:

## یەكەم/قۆناغی سەرەتایی :

**١- نۆ ساڵی خوێندنی ئیلزامی:**

واتە قۆناغی ناوەندی نامێنێت و قۆناغی سەرەتایی دەگۆڕێت بۆ قۆناغی (٩)نۆ ساڵی بنەڕەتی پابەند بوون (ئیلزامی) لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ دەستپێدەكات بۆ ئەو قوتابیانەی كە پاییزی ساڵی ٢٠٠٧ دەچنە پۆلی شەش و ساڵێكی تر تاقیكردنەوەی شەشی بە كالۆری نادەن. لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ دەچنە پۆلی حەوت، بڕوانامەی شەش نامێنێ بۆ ئەو قوتابیانەی كە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ لە پۆلی شەشن.

بە پێی یاسا بڕیار دەدرێت كە هــەموو منــداڵێكی كوردســتان دەبێــت نــۆ ساڵ بخوێنێت.

خوێندنەكە، لە پۆلی یەك بۆ پۆلی نۆ دەبێت لە ژێر لێكۆڵینەوە و لێپرسینەوە و بەدواداچوون بێت. بەم كارە بازدانی دراماتیكی و گەورە لە شەشی سەرەتاییەوە بۆ یەكی ناوەندی نامێنێت ئەم بازدانە دراماتیكیە

گەورەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن. هەنگاوەکە زۆر گەورەیە بە لای منداڵانی تەمەن دوانزە و سیانزەساڵیەوە. ئەمڕۆ دیواری نێوان خوێندنی سەرەتایی و خوێندنی ناوەندی زۆر بەرزە. بۆ زۆر قوتابی سەرکەوتن بەسەر ئەو دیوارەدا کارێکی ئاستەنگە.

خوێندنی بنەڕەتی دەبێتە (٩)نۆساڵ و قوتابخانەکانی کوردستانیش لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی نۆیان دەبێت. زۆر گرنگە کە منداڵەکان، لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی سێ ی بنەڕەتی بە پێی توانا یەك یان چەند مامۆستایەکی کەم زۆربەی زۆری وانەکانیان پێبڵێنەوە. ئەمە دڵنیاییەکی زۆر لای منداڵان دروستدەکات، لە هەمانکاتدا ئەرکی مامۆستا ئاسان دەکات، بەو شێوەیەی کە خوێندنەکە پچڕپچڕ ناکات، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە منداڵ سوود و قازانجی خوێندن دەبینێت و لای خۆشەویست دەبێت، نەمانی قۆناغی ناوەندی و بوونی یەك تا نۆی بنەڕەتی دڵنیایی لای قوتابیان دروستدەکات.

مەرج نییە پۆلی یەکەم تا پۆلی نۆ لە هەر هەمان قوتابخانە دابن. دەکرێت هەندێ قوتابخانە لە پۆلی ١ — ٩ ی هەبێت. یان هەندێك قوتابخانە پۆلی ١ — ٣ لە قوتابخانەیەك و ٤ — ٦ لە قوتابخانەیەك و ٧ — ٩ لە قوتابخانەیەکی تر. بینا گرنگ نییە و بریاردەر نیە بەڵکو سیستەمەکە بریاردەرە کە ١ تا ٩ یەو ئیلزامیە.

**٢- دیاردەی مانەوە لە پۆلەکانی یەك تا سێ ی بنەڕەتی نامێنێ:**

پۆلەکانی قوتابخانەی بنەڕەتی گرنگیەیەکی گەورەی لە ژیانی منداڵاندا هەیەو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی گەورە ساڵی بەجێدێڵێت.

هاوکات لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵان لە پۆلەکانی سەرەتای قۆناغی بنەڕەتیدا لە سەر بناغەی بەها بنەماییەکان، منداڵان فێری خوێندنەوەو

**٦- به پراكتيككردنى خويندنى سەرەتايى و ئامادەيى ونزيككردنـەوەى لـە بازارى كارو خويندنى بالا :**

يـەكيك لـە ئامانجـەكانى گۆڕانكاريـەكان بريتييـە لـە بـە پراكتيككردنـى خويندن و وانەكان بـۆ ئـەوەى قوتـابى و خويندكار زانيـارى و زانسـت بـە شيوەى پراكتيكيش وەربگرن نەك هەر بە تەنها بە تيۆرى بيزانن.

## ڕيفۆرم و گۆڕانكارييە بنەڕەتييەكان :

لەبـەر ڕۆشـنايى بـەها بنەماييـەكانى قوتابخانـە، ئامـانج و هۆكارەكـانى گـۆڕينى سيـستەمى پـەروەردە و فيركـردن، بەشـداربووان لـە كـۆنگرەى پـەروەردە لـە ڕۆژانـى ٢٢-٢٤ مـانگى پينجـى سـالّى ٢٠٠٧ دا لـە سـەر ئـەم گۆڕانكارييە (ريفۆرمە) بنەرەتيانە ڕيككەوتن:

## يەكەم/قۆناغى سەرەتايى :

**١- نۆ سالّى خويندنى ئيلزامى:**

واتە قۆناغى ناوەندى نامينيت و قۆناغى سەرەتايى دەگۆڕيت بۆ قۆناغى (٩)نۆ سالّى بنەڕەتى پابەند بوون (ئيلزامى) لە سالّى خويندنى ٢٠٠٨/٢٠٠٧ دەستپيدەكات بۆ ئەو قوتابيانەى كە پاييزى سالّى ٢٠٠٧ دەچنە پۆلى شەش و سالّيكى تر تاقيكردنەوەى شەشى بە كالۆرى نادەن. لە سالّى خويندنى ٢٠٠٨-٢٠٠٩ دەچنە پۆلى حەوت، بڕوانامەى شەش نامينىّ بۆ ئەو قوتابيانەى كە لە سالّى خويندنى ٢٠٠٨/٢٠٠٧ لە پۆلى شەشن.

بە پيى ياسا بڕيار دەدريت كە هـەموو منـداليكى كوردسـتان دەبيت نـۆ سالّ بخوينيت.

خويندنەكە، لە پۆلى يەك بۆ پۆلى نۆ دەبيت لە ژير ليكۆلّينەوە و ليپرسينەوە و بەدواداچوون بيت. بەم كارە بازدانى دراماتيكى و گەورە لە شەشى سەرەتاييەوە بۆ يەكى ناوەندى نامينيت ئەم بازدانە دراماتيكيە

نوسين و ژماردنيش دەبن، ئەمەش يەكێكە لە گەورەترين هەنگاو لە ژيانی مرۆڤدا. لە كوردستان منداڵان لە تەمەنی شەش ساڵيدا دەست بە قوتابخانە دەكەن. لە پۆلی يەكەم و دووەم و سێيەمی بنەڕەتيدا دەرنەچوون نامێنێت. ئەمەش هەنگاوێكی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی منداڵان نارەزوويان لە خوێندن دانەبڕێ و زياتر بڕوا و متمانەيان لادروستببێت. هاوكات لە بری نمرەدانان، لە ساڵی خوێندنەكەدا دووجار، بەتەنيا مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتور) لە گەڵ منداڵەكە و دايك وباوكی منداڵەكەدا، لە ژێر ناوی ديداری گەشەدا كۆدەبێتەوە. پێش ئەم ديدارانە دەبێت مامۆستای بەرپرس زانياری تەواوی دەربارەی ئاستی زانستی قوتابيەكە لەو مامۆستايانەی تر كە قوتابيەكە هەيەتی لە وانەكانی تردا كۆكردبێتەوە.

قوتابخانە ساڵێ دووجار ديداری گەشە، بە ئامادەبوونی مامۆستای بەرپرسی پۆل لەگەڵ قوتابی و دايك وباوكيدا، جارێك لە نيوەی يەكەمی ساڵی خوێندن و جاری دووەميش نيوەی دووەمی ساڵی خوێندن ڕێكدەخات.

ئەركی مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتور):

- پشت گيريكردن و يارمەتيدانی قوتابی لە خوێندندا.
- پەيوەنديكردن بە دايك وباوكی قوتابيەوە هەفتەی جارێك لە ڕێگەی نامەی هەفتانەوە.
- پەيوەنديكردن بە دايك وباوكی قوتابيەوە ئەگەر گرفتێك يا كێشەيەك هەبوو.
- ئاگاداركردنی دايك وباوك لە ئەنجامەكانی خوێندنی قوتابی.

ئەو بڕوانامە و زانیارییانەی کە منداڵێکی تەمەن دوانزدە ساڵ هەیەتی هەرگیز مەرجەکانی بازاڕی کاری ئەمڕۆ پڕناکاتەوە، هەر بۆیە بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایی کێشی خۆی لە دەستداوە و مانەوەی سوود بە دوارۆژی کۆمەڵگەی کوردستان و بازاڕی کار ناگەیەنێت.

**٦- ئەزموونەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم بەم شێوەیە دەبێت:**

* ڕێژەی نمرەی پۆلی حەوت ١٥٪ وەردەگیرێت.
* ڕێژەی نمرەی پۆلی هەشتەم ١٥٪ وەردەگیرێت.
* ڕێژەی نمرەی پۆلی نۆیەم ٧٠٪ وەردەگیرێت.

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ / ٢٠٠٨ تەنها پۆلی حەوت دەگرێتەوە.

هەژمارکردنی ئەم ڕێژانە بۆ دەرچوون لە قۆناغی بنەڕەتیدا:

کێبڕکێیە بۆ وەرگرتنی لە قۆناغی ئامادەییدا.

هەر قوتابییەك ڕێژەی لە ٦٠٪ بە دەست نەهێنێت مافی وەرگرتنی نابێت لە قۆناغی ئامادەیی (ئەکادیمی) زانستی و وێژەیی دا، بەڵام دەتوانێت درێژە بە خوێندن بدات لە ئامادەییە پیشەییەکاندا.

لە کاتی بەدەست نەهێنانی ڕێژەی وەرگرتنی لە ئامادەییە ئەکادیمیەکاندا مافی هەیە ساڵی دواتر بۆ بەرز کردنەوەی ڕێژەکەی بە ژداری ئەزموونی دەرەکی بکات.

لە پۆلەکانی (چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ) دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێ.

**دووەم: قۆناغی ئامادەیی:-**

**١- تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لە قۆناغی ئامادەیی نامینێت.**

**٢- لە قۆناغی ئامادەیی دا دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێت.**

**٣- پۆلی دە بە سەر ئەم لقانەی خوارەوەدا دابەش دەبێت:**

ا- زانستی گشتی

ب- وێژەیی گشتی

ج- پیشەیی

## ١- زانستی گشتی:

پۆلی دەی زانستی گشتی دەستنیشانکاری ئارەزووەکانی قوتابییە لە بوارە زانستیەکاندا.

## ٢- بەشی وێژەیی:

پۆلی دەی وێژەیی گشتی دەستنیشانکاری ئارەزووەکانی قوتابییە لە بواری زانستە وێژەییەکاندا.

زمانی ئینگلیزی وکۆمپیوتەر لە هەموو بەشەکانی ئامادەیی دا بەشێوەیەکی فراوان دەخوێندرێت.

ئەزموونەکانی پۆلەکانی ئامادەیی، دە، یازدە و دوازدە بەم شێوەیە دەبێت:

- ڕێژەی نمرەی پۆلی دە لە ١٠٪ وەردەگیرێت.
- ڕێژەی نمرەی پۆلی یازدە لە ١٥٪ وەردەگیرێت.
- ڕێژەی نمرەی ئەزموونەکانی وەزاری پۆلی دوازدە لە ٧٥٪ وەردەگیرێت.

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ / ٢٠٠٨ تەنیا پۆلی دە دەگرێتەوە.

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ / ٢٠٠٩ پۆلی دە و یازدە دەگرێتەوە.

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩ / ٢٠١٠ پۆلی دە، یازدە و دوازدە دەگرێتەوە.

أ/ئەگەر قوتابی ڕێژەی لە ٦٠٪ کەمتر بەدەست بهێنێت مافی وەرگرتنی نابێت لە زانکۆکانی کوردستان دا.

بەدەستهێنانی زانیاری لە هەموو وانەکانی تردا. بەتوانایی لە زمانی کوردیدا ئاسانکاری لە وانەکانی تردا بەدەست دێنێت.

**ئامانجی خوێندنی زمانی کوردی لە پۆلی پێنجەمدا دەبێت:**

قوتابی بە باشی بتوانێت بخوێنێتەوە، بە بێدەنگی و بە دەنگی بەرز.

قوتابی لە پەیامی ناوەڕۆکی چیرۆك و لە ئەدەبی منداڵاندا تێبگات.

قوتابی بتوانێت بابەتی جیاواز لەو بوارانەی کە کاری تێدا دەکات بنووسێت.

قوتابی توانای گێڕانەوە و باسکردنی ئەو تێکست و چیرۆکانەی هەبێت کە دەیخوێنێتەوە.

قوتابی بتوانێت ئەو دەستوورو یاسا سەرەتاییانەی کە لە زمانی نووسین دا بەکاردەهێنرێت، بەکاربهێنێت.

قوتابی بتوانێت فەرهەنگی زمان بەکاربهێنێت.

**بۆ گەیاندن بەم ئامانجانە:**

چۆنیەتی کارکردن لە وانەی کوردیدا:

دیارە هەر مامۆستایەك شێوەیەکی تایبەتی بۆ کارکردن هەیە، بەڵام گرنگترین شێواز لە کاتی وتنەوەی هەر وانەیەکدا پێڕەوبکرێت، دەبێت هەموو قوتابیەك لە پۆلەکەدا هەست بکات کە مامۆستاکەی گرنگی پێدەدات و دەیبینێت.

**خوێندنەوە و تێگەیشتن:**

هەر لە سەرەتای ساڵەوە، هەموو ڕۆژێك وەك ئەرکی ماڵەوە، منداڵان بە لایەنی کەمەوە ١٥ خولەك بخوێننەوە، گرنگە کە لە کاتی خوێندنەوەدا یەکێکی گەورە (دایك یا باوك) گوێ لە منداڵەکە بگرێت. (دەکرێت لە

سەرەتای ساڵدا مامۆستا لەگەڵ منداڵەکاندا سەردانی کتێبخانەی گشتی بکەن و هەر قوتابییەی کتێبێك هەڵبژێرێت و وەریبگرێت). زۆر گرنگە کە هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی خوێندنەوە لە لای منداڵان دروستبکرێت، ئەمەش بە خوێندنەوە دروست دەبێت. گرنگە ئەو چیرۆك و کتێبانەی کە بۆ منداڵان هەڵدەبژێرین، لە جیهانی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

بواردان بە منداڵان بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیان (بۆ نموونە ئەو کتێبانەی کە دەیخوێننەوە)، بۆ هاورێ و هاوپۆلەکانیان باس بکەن.

هەموو رۆژێك، ١٥ خولەکی دوا وانەی ئەو رۆژە بەکاربهێنرێت بۆ خوێندنەوە (چیرۆك، بەسەرهات...) لەلایەن مامۆستاوە بە دەنگی بەرز.

**نووسین**

راهێنانی قوتابیان بۆ نووسینی بابەتی جیاواز. دەبێت مامۆستا بابەتی تایبەتی دەستنیشان بکات بۆ نووسین هەروەها بواریش بدرێت بە قوتابیەکان خۆیان لەسەر بابەتێکی تایبەتی بنووسن.

قوتابیان رابهێنرێن کە فەرهەنگ بەکاربهێنن. زۆر گرنگە کە لە پۆلەکەدا چەند فەرهەنگێك هەبێت. (فەرهەنگی کوردی - کوردی). بەکارهێنانی فەرهەنگ هەم بۆ نووسینی وشەیەك بە راستی، هەم بۆ لێکدانەوەی مانای وشەیەکیش.

بۆ ئەوەی منالەکان هەر لە منداڵییەوە فێربن لەبەردەم گروپی گەورەدا قسە بکەن یا پرۆژە پێشکەش بکەن و هەستی بروا بەخۆبوونیان لا دروست بێت، گرنگە لە سەرەتاوە بە پرۆژە کار بکەن. بۆنموونە لە پۆلی پێنجدا وڵاتێك لە کیشوەری ئەوروپا هەڵبژێرن بەشێوەی پرۆژە کاری لەسەر بکەن. لە کاری پرۆژەدا دەتوانرێت چەند وانەیەك پێکەوە هاوکار

بن، بۆ نموونـه جوگرافيـا، كـوردى، ماتماتيـك، وەرزش، ئينگليـزى، مێـژوو. لێرەدا مامۆستاى هەر وانەيەك لەبـەر ڕۆشـنايى ئامانجـەكانى ئـەو وانەيـە دەتوانێت پلانێك بۆ ئەو كارە دابرێژێت.

*** وانەى ماتماتيك:**

ئامانجى وانـەى ماتماتيك لە پۆلى پێنجدا دەبێت :

(واتـە لـە كۆتـايى پـۆلى پێنجـدا پێويـستە قوتـابى لـەم بابەتانـەدا زانيـارى بەدەست هێنابێت):

- قوتابى لە واتاى ژمارە و ژمارەكان تێبگات.
- قوتابى دەبێت بتوانێت لە مێشكيدا بژمێرێت و بە نووسـينيش شـێوازى ژماردن بتوانێت.
- قوتابى لە ژمارەى ئاسان بەشێوەى كەرت تێبگات.
- قوتابى لە ژمارەى ئاسان بەشێوەى كەرتى دەيى تێبگات.
- قوتابى تواناى شيكار كردنى كێشە و گرفتى ماتماتيكى بەشێوەى جياواز هەبێت.
- قوتـابى توانـاى بـەكارهێنانى ئـامێرى بـژمێرە هـەبێت و تێگەيـشتنى بەرامبەرى هەبێت.
- قوتابى تواناى بەراوردكردن و پێوانى درێـژى و ڕووبـەرى بـە نزيكـەيى هەبێت.
- قوتابى تواناى بەكارهێنانى نەخشە و وێنەى لەكاتى شيكاركردنى پرسى ماتماتيكى دا هەبێت.
- قوتابى تواناى بەراوردكردن و پێوانى قەبارە، گۆشە و كێشى هەبێت.
- قوتابى تێگەيشتنى بۆ شوێن و كات و شێوە ئەندازەييەكان هەبێت.

بەکارهێنانی زمانی ماتماتیك، هێمای ماتماتیك و بڕوابوون بە توانای خۆی ئارەزووی فێربوون و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خۆفێربوون، دەبێت یەکێك بێت لە ئامانجە گرنگەکانی خوێندنی وانەی ماتماتیك لە هەموو پلەکاندا.

*** وانەی ئینگلیزی:**

**توانای قسەکردن لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر گرنگە.**

**ئامانجی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە پۆلی پێنجەمدا دەبێت.**

- قوتابی لە دەستەواژەی ئاسان لە زمانی قسەکردندا تێبگات.
- قوتابی بتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان ئاخافتن بکات.
- قوتابی بتوانێت تێکستی ئاسان بخوێنێتەوە و تێبگات کە باسی چی دەکات.
- قوتابی زانیاری لەسەر بابەتێکی وڵاتێك کە بە ئینگلیزی قسە دەکەن، هەبێت بۆ گەیاندن بەم ئامانجانە.

**چۆنێتی کارکردن لە زمانی ئینگلیزیدا:**

لەکاتی هەموو بابەتێکی (تێکستێکی) نوێدا مامۆستا تێکستەکە بخوێنێتەوە. ١٠ تا ١٥ وشەی نوێ لەو تێکستە دەربهێنێت و لەسەر تەختە بینووسێت لەگەڵ ماناکەی بە کوردی. قوتابیەکانیش ئەو وشانە لە دەفتەری تایبەت بە وشەی ئینگلیزی بنووسن دیارە بە ماناکەیەوە. وەك ئەرکی ڕۆژانەیماڵەوە بۆ وانەی داهاتوو دەبێت قوتابیەکان بزانن وشەکە چۆن دەنووسرێت و ماناشی چیە. لێرەدا مامۆستا دەتوانێت وشەکە بە کوردی بڵێت و منداڵەکان بە ئینگلیزی بینووسن.

خوێندنەوەی وانەکە لە لایەن قوتابییەکەوە بە دەنگی بەرز. وەرگێڕانی وانەکە بە کوردی. لێرەدا چەند قوتابییەك دەتوانێت بەشدار بێت، هەر قوتابییەك ڕستەیەك یا دوو ڕستە وەریگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

پرسیارکردن لە لایەن مامۆستاوە بە زمانی ئینگلیزی لەسەر وانەکە وەڵامدانەوەی لە لایەن قوتابییەکانەوە هەر بە ئینگلیزی.

کار کردن لە پرۆژەیەکدا کە لە وانەی کوردیدا باس کراوە، لێرەدا دەتوانرێت لەگەڵ وانەی زمانی ئینگلیزی هاوکاریبکرێ.

## وتاری بەڕێز وەزیری پەروەردە لە دوای کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەیی



وێڕای دووبارە بەخێر هاتن و سوپاسی گەرمی خۆم بۆ ئێوەی بەڕێز و هەموو ئەوانەی کە چۆن لە رۆژگاری ڕابووردو دا توانیان نەوەیەکی شۆڕشگێر بەرهەم بێنن کە ئەمڕۆی کوردستانیان هێنایەدی، ئەمڕۆش بە هەمان گیانی دڵسۆزی و پەروەردەییەوە بۆ ماوەی (دە) مانگە هەزاران مامۆستاو پەروەردەناس کەهەندێکیان لێرە بەشدارن ورەشنووسی دۆکۆمێنتەکانی کۆنگرەیان ئامادەکردووە کە لە ماوەی (٣)سێ رۆژی ڕابردوودا زۆر بە هۆشیاری و هەست بە لێپرسراویەتی گفتوگۆی لێ دەکەن.

ئەوە شانازییەکی تری گەورەیە کە دێتە سەر خەرمانی شانازییەکانی تری مامۆستایانی کوردستان، ئەوە سەروەریەکی ترە بۆ خۆیان تۆمارکرد، پەندێکی تریشە بۆ نەوەی ئێستا تا چاو لەو مامۆستایانە بکەن کە چۆن خەم خۆرانە کە هەندێکیان بەو گەرماو بە تەمەنێکەوە هاتوون (کە خۆیان پێویستیان بە پشووهەیە) بەڵام بەو گیانە دڵسۆزانەوە هاتوون بۆ

ماوەی سێ ڕۆژ کۆبوونەوەو گوێ بیستی رەنگە زۆر بیرو بۆچوونی جیاواز لە خۆیان بوو بن، بەلاّم زۆر بە ئاسایی وەریانگرتووە.
لە ڕاستیدا ئێمە ئەوەمان پەیڕەوکرد کە تەوەرو بابەتەکان نەخەینە دەنگدانەوە بۆ نموونە بۆ هەر بابەتێك زۆرین لەگەڵ بێت و کەمینە دژی بێت دەنگی زۆرینە پەسەند بکرێ، بەڵکو ئێمە پەیرەوی قەناعەت پێکردنی هەمووانمان کرد لە رێگەی گفتوگۆی چڕو پڕو کراوەوە.
خوێندکاران هەموو پشتیوانی ئەم پڕۆژەیەن ئەو ریفۆرمانەی کە لە نێو دۆتۆیی ئەو فایلانەی بەردەست دایە، دەبێتە بەرنامەی کاری ئێمە، دەبێ وەزارەتی پەروەردە وەکو شانەی هەنگ ئیش بکات بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو بە پلانی وردو زانستی کار بکات.. دەبێت هەموو دەزگاکانی پەروەردە بە یەك گیانی پەروەردەیی بێنە جۆش و کۆك بن لە بەر ئەوەی ئامانجمان ڕوون و دیارە و ئەزانین بەرەو کوێ ئەڕۆین ... بەڕاستی ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە بۆ من وەك وەزیری پەروەردە، ئێوە وەك مامۆستایان و هاوکارایتان کە لە دەرەوەی ولاّتەوە گەڕاونەتەوە شارەزایی و ئەوەی دەیان ساڵ فێری بوون پێش کەشیان کردین و هەموان بە یەکەوە بیرو ڕاکانمان ئاڵ و گۆڕ دەکرد بۆ قەناعەت پێهێنانی یەکتری.
گرنگترین شت قەناعەتە نەك سەپاندنی بیرو ڕاو پڕۆژەیەکی ئامادە کراو بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە. بخرێتە دەنگدان و بە زۆرین پەسەند بکرێ ..
نەء ئێمە ئەوەمان نەکرد قەناعەتمان بە یەکتری کرد ئەوە بەسەر کەوتنی ئێمە بوو کە هەمووان بوونە پشتگیر بۆیە بواری سەرکەوتنی رەخساوەو ئەوەش ئایندەی ئێوەیە سەرکەوتنی کۆنگرە ، سەرکەوتنە بۆ هەمووان بۆ ئەو مامۆستایانەی زیاتر لە (دە)مانگە بابەتیان نووسیوە.
ئەو ڕۆژنامە نووسانەی رەخنەیان گرتووە . ئەو مامۆستا بەڕێزانەی

دەیان ساڵی تەمەنیان لە پەیڕەو کردنی سیستەمێکی پەروەردە سەرف کردووە ئەمڕۆ دەنگ بۆ گۆڕینی دەدەن .. کە ڕەنگە زۆر شتی نامۆ بێت بە خودی خۆیان .. بەلاّم دڵسۆزیان بۆ نەوەی ئەمڕۆ بەشداری بریاری گۆڕینین .. ئەوە ئاماژەی دڵسۆزی ئەو بەرێزانەیە نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانە پابەندی کورسی و مێزنین تەنیا ئامانجیان خزمەتی پەروەردەیە، هەر بۆیە بەلایانەوە ئاساییە کە واز لە رێرەوی دەیان ساڵەی خۆیان بهێنن و ئامادەبن بجنەوە خولەکانی راهێنان بۆ ئامادەکردنیان لە سەر شێوازی نوێی پەروەردە.

لە کۆتایدا نامەوێ درێژە بە وتەکەم بدەم تەنیا وتەنیا ڕێزو ستایشی بۆ هەمووان.. پەیامی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ئامادەبوونی و بەشداری بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت و نۆینەری بەڕیز سەرۆکی هەرێم، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لێژنەی پەروەردەی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی عێراق ...

ڕێکخراوە پیشەی و دیموکراتیەکان... میوانانی دەرەوەی کوردستان ئەوە هەمووی نیشانەی پشتگیریە بۆ کۆنگرە... ئەمڕۆ گیانی ئەو مامۆستا شەهیدانە ئاسوودەیە کە دژی داگیرکەران خەباتیان کردوەو ئامادە نەبوونی بەرنامەکانی ئەوان لە پەروەردەدا جێبە جێ بکەن چونکە پشتگیری هەمووان بنەمای سەرکەوتنی گۆڕانکارییەکانە بە پشتگیری کۆمەڵگەشەوە، ئەگەر مامۆستایان (کە نوێنەریان ئامادەن لێرە) خۆیان کۆك نەبن لە سەر ئەو بەرنامە نوێ یە ئەمڕۆ چۆن دەتوانین سبەینێ ئەو ئەرکەو ئەو پەیامە جێبەجێ بکەین کە بڕیاری لێدەدەین. بۆیە ئێمە لێرەوە دەڵێین ئایا کەسێك هەیە لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەم راسپاردانە نەبێت؟ (هیچ دەنگێك دژ بەم داوایە نەبوو لە هۆڵەکەدا) .

ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی ئێمەیە، نیشانەی ئەوەیە  کە ئێمە خاوەن هیواین و خاوەن ئیرادەین، هەموو ئامادەبووانی کۆنگرەکە لەگەڵ گۆڕینن لە بەر ئەوەی بەو گۆڕانکاریانەو ئەوانەی دێن لە ئایندەی خۆمان دڵنیا دەبین.

چ رۆژێك لەم رۆژە خۆشترە.

بەڕێزان وەزیری خوێندنی بالآ.. ئەندامانی لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین ونوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان لە ماوەی کۆنگرە بەشداری گفتوگۆکان بون واتە هەموو دەسەلآتەکانی هەرێم بە پەرلەمان و حکومەت و بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و فیدراسیۆنی قوتابی و ئەمڕۆ هەمووان دڵنیان کە ئەو پەیامەی ئەوان لە پێناوی شەهید بون بە دەست کەسانێکی دڵسۆزو وەفادارەوەیە ..

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێین وەك وەزارەتی پەروەردە سوپاس و پێزانین ئاراستە دەکەین و لە ئاییندەشدا پێشنیارو بیرو بۆچوونەکانی ئێوە بەرنامەی کاری ئێمە دەبێ ئەمە سەرکەوتنی هەمووان و بۆ ئایندەی هەمووانە .

دووبارە پیرۆز بێ سەرکەوتنی کۆنگرەی پەروەردەیی و ... سەرفرازی بۆ هەمووان.

د. دلشاد عبدالرحمن محمد

وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## وێنەکانی کردنەوەی کۆنگرە لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٢







21 5 2007


21 5 2007


21 5 2007


21 5 2007


22 5 2007


22 5 2007





# ناوەرۆک


| ژ | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پیشەکی | ٣ |
| ٢ | بەشی یەکەم : وتارەکان | ٤ |
| | - وتاری بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ نێچیروان بارزانی | ٤ |
| | - وتاری بەرێز عمر فتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ١٦ |
| | - وتاری بەرێز د. دلشاد عبدالرحمان محمد وەزیری پەروەردە | ٢٠ |
| | - وتاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالآ لە پەرلەمانی کوردستان | ٢٦ |
| | - وتاری سەرۆکی فیدراسیونی رێکخراوی قوتابی و خوێندکارییەکان | ٢٩ |
| | - وتاری لیژنەی ئامادە کردنی کۆنگرەی پەروەردەیی | ٣٣ |
| ٣ | بیرۆکەی کۆنگرە | ٤٠ |
| ٤ | بەشی دووەم : چالآکییەکان / لیژنەکان | ٤٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | بەشی سێیەم : دەستنیشان کردنی ناوی سەرۆك و ئەندام لیژنەکان | ٥٨ |
| ٦ | بەشـی چـوارەم: ئـەم نامـەو پێـشنیارانەی گەیـشتنە لیژنـەی بـالا لەلایـەن کەسـانی شارەزاوە | ١٠٦ |
| ٧ | بەشی پێنجەم : ئالیەتی جێبەجێکردنی کارەکانی کۆنگرە | ١١٤ |
| ٨ | بەشی شەشەم : بەشداربووانی کونگرە لە بەرێوەبەرایەتیە گشتییەکان | ١٢٢ |
| ٩ | بەشی حەوتەم: کارەکانی کۆنگرە | ١٥١ |
| ١٠ | بەشی هەشتەم : ڕۆژنامەی کۆنگرە | ١٨٧ |
| ١١ | بەشی نۆیەم : پێشنیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرە | ٢٠٢ |
| ١٢ | وتاری بەرێز وەزیری پەروەردە لە دوای کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەیی | ٢٨٥ |
| ١٣ | لایەنێك وێنەکانی کردنەوەی کۆنگرە لە رۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٢ | ٢٨٩ |